# جۆخینی شیعرەکانم

چەتۆ حەسەن

ڕێکخراوی مرۆیی
هەماهەنگی
نانەکەلی

ئەم پەرتوکە بە تەواوی تێچویەوە لەسەر ئەرکی
ڕێکخراوی مرۆیی هەماهەنگی نانەکەلی بە چاپ گەیەندراوە

(تێشویی کۆن و هزری نوێ ڕەنگدانەوەی
ڕێکخراوی مرۆیی هەماهەنگی نانەکەلی)یە

هەولێر
٢٠٢٦

**سەلام و پێزانینم بۆ ڕێکخراوی مرۆڤی هەماهەنگی نانەکەلی**
**پاش هەستانی بەچاپ گەیاندنی یەکەم بەرهەم لە شیعرەکانم بەناوی(لەباوەشی زوورگە زراو) واجارەکی دی باوەشی پر لە درسۆزی و خۆشەویستی کردەوە بۆ بەرهەمی دووەمم بە ناوی (جۆخینی شیعرەکانم) و بەچاپ گەیاندنی ....**
**خوای گەورە پشت و پانایان بی.**

**چەتۆ حەسەن**


*ناوی پەرتووک: جۆخینی شیعرەکانم.
* نووسەر: چەتۆ حەسەن.
* تایپ: نریمان یوسف.
* بەرگ و دیزاین: عوسمان پیرداود.
* نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم.
* تیراژ: ٥٠٠ دانە.
* چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر.
* ساڵی دەرچوون: ٢٠٢٦
* شوێنی دەرچوون هەولێر.
* ژمارەی سپاردن: ٠٠٠٠٠٠ساڵی ٢٠٢٦ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێدراوە.

# چەتۆ حەسەن
# سامان و گەنجینەییێکی بەهاداری نەتەوەییمانە

هاوپـۆل و هاوڕێـی دێرینـم مامۆسـتا(چەتۆ حەسـەن) هونەرمەندێکـی لێهاتـووی داهێنـەری فرەبەهـرەی بەرهەمـدارە. پانتاییەکـی فرەوانـی لـە بـواری هونـەری شـانۆگەری و نوانـدن و دەرهێنـان و مۆسـیقا و وەرگێـڕان و فۆتۆگـراف و ئەدەبـی نیـو سـەدەی ڕابـردووی کـوردی داگیرکـردووە. کاریگـەری و ڕۆڵـی بـاڵای گێـڕاوە لـە گەشـەدان و بـرەودان بـە هونـەری شـانۆگەریی کـوردی. لـە نەوەدەکانـدا بەرنامـەی (هەگبـەی فۆلکلـۆر)ی لـە تەلەفزیۆنـی کوردسـتاندا پێشـکەش کـردووە، بـە هۆیەوە شـارەزایی و توانینـی بەهێـزی خـۆی لـە بـواری میدیاکاریـدا سـەلماند.

جگـە لـە بەهـرەی هونـەری، چەتـۆ حەسـەن شـاعیرێکی میللیـی ڕەسـەنە. شیعرەکانی لەبـارەی خۆشەویسـتی و ئامـۆژگاری و پەنـد و ڕەخنـەن لـە بـاری نالەبـار و ئـەو هەڵسـوکەوتە نەرێنییانـەی کۆمـەڵ بەدەسـتیانەوە دەتلێتـەوە. بیرۆکـە و مەبەسـتەکانی بـە زمانێکـی پاکـی بێگـەردی ڕەوان، بـە کێـش و سـەرواییێکی ڕێـک و پتـەو و بـە شـێوازێکی(تەنزی)ی پێکەنیناویـی سـەرنجڕاکێش دەخاتـەڕوو.

چەتـۆ حەسـەن یێکێکـە لـە شـاعیرە میللییـە هـەرە مەزنەکانمـان. شـیعری میللـی جیایـە لـە شـیعری فۆلکلـۆری. هـەردووک بـە زمانـی ڕۆژانـە و لادێیـی دەهۆنرێنـەوە. جیاوازییـان لەوەدایـە، دانـەری شـیعری فۆلکلـۆری ونـە و نەنـاسراوە، دانـەری شـیعری میللـی نـاسراوە.

چەتـۆ حەسـەن سـامان و گەنجینەییێکـی بەهـاداری نەتەوەییمانـە. چەندیـن بـاس و لێکۆڵینـەوە و وتـار لـە بـارەی جموجـۆڵـە هونـەری و ڕۆشـنبیرییەکانییەوە لـە گۆڤـار و ڕۆژنامەکانـدا بڵاوکراونەتـەوە. تیایانـدا پێگـەی شـانازیی ئـەم بەهـرەدارە دەخەنـەڕوو.

دەمێکـە پێشـنیازی ئـەوەم کردووە(چەتـۆ حەسـەن)، وەک شـاعیرێکی مللیـی بـێ هاوتـای کـورد، بکرێتـە پـڕۆژەی نامـەی زانکۆیـی و فەرهەنگێـک ئامـادە بکـرێ بـۆ زمانـە لـە ڕادەبـەدەر پاراوەکـەی لـە پێنـاو دەوڵەمەنـد کردنـی زمانەکەمـان.

**د. وریا عمر امین**

**٤ - ٤ - ٢٠٢٦**

# هەڵپەرست

کە پێم گۆتن بێ غیرەتە

ڕوو وەرگێڕا بڕواو نەکرد

گۆتم کاکە هەل پەرستە

لۆ خواستی خۆی دەوکاتە پرد

ڕەنجی ساڵەهای تەمەنتان

هەر هەندە دیتتان لۆخۆی برد

سەرگەردان و ڕیسواو دەکات

ئەوجا هە برێن چن لەخۆکرد

گۆتتان پیاوەو لە پیاوانە

کو وەدەرێی حەیفت نەکرد

وەك سەکنی پەستی غەفوری

تاوتان دایەو خۆو پێوەکرد

ئەوەی بە کەسەك نەکرابوو ئەو بەنگۆی کرد

مێژووی پڕ سەروەری ئێوەی سەراو بن و شون بزر کرد

بیرەوەری و یادگارتانی

پڕ لە عەیب و لەکەدار کرد

دەسکەوتی بەخین ئاودرای هەژارانی بە تاران برد

داکە شەهیدی زگ سوتای

هەناسە سارد و بێ بەش کرد

لە ڕەنجی شەو نخونیتان

هەرچی بەتار بوو پڕی کرد

لە بادەو جامی شەوی سوور

خوێنی شەهیدانی فڕ کرد

سەرچاوەی ژین و ژیانی

گەلی بەش خوراوی چك کرد

ڕەوسەی بەرهەمی خەباتی

بەبێ چارە و لاتی بڕ کرد

دەنگی حەق و حەق خوازانی کڕ و کپ و قیرە بڕ کرد

وەك و گوورگی هارو برسی

چاك و خراپی لەگەڵ خۆی برد

ئەو ڕۆژەی چاوتان لێ پۆشی

قورتان بەسەر سەری خۆ کرد

دەمزانی ئەوەو دوا ڕۆژە

وەختی بە گوێی منتان نەکرد

کاتێ شەکوای حاڵی خۆو کرد

بێ شەرمانە گەمەی پێو کرد

هەرکێش لە ڕووی هەڵگەڕاوە

تەسلیم بە ڕەوە گورگی کرد

تا تروسکەی ئومێد مایە

قۆری لێ هەڵکەن دەست و برد

نێر و مێ و پیر و لاوتان

گەورەو بچووك و گرد و ورد

ئەو دەستانە لە بن ببڕن

کە مافی ئێوەی بزر کرد

نەمامی ئاشتی و ئازادی

بۆنی گوڵی دونیای پڕ کرد

تروسکەی مانگی گوڵان هات

ئاسۆی ووڵاتی ڕووناك کرد

سیفۆنیای زۆزك و هەندرێن بوو

دوژمنتانی کاس و وڕ کرد

## پیری ئاخر شەڕ

کوڕە بەسە شەرم بکە

لەو داوە سپیەی سمێرت

کە لێی شەرم دەکا خودای

گەورە وعەزیم و بوێرت

سیمات دیارە سیمای پیرە

سودی نیە فرت و فێرت

عومرت ڕەت بوو لە حەفتا سار

کۆتایی هات خێر و بێرت

تەڕاتیت تیدا نەمایە

عومر گوزەشت نەما خێرت

منداریش بڕوا ناکاتن

بە مووی ڕەشی وەك بەرسێرت

سەرتاپای لەش ڕەق داگەڕا

لێی بترازێتن شمشێرت

بێری و مەڕ دۆش لێت بێزارن

چۆلە دەورەی بەردە بێرت

پشت چەماوە سەر گەییە چۆك

وەك گۆپارەکەی کنێرت

تافی لاویت نایەتەوە

سەرف کەی گشت پارەو زێڕت

هەتا لاو بووی دایم پڕ بوو

هەگبەو خورج و جۆڕك و تێڕت

ئەورۆش پیر بووی دە حەیاکە

لە کوڕ و کچی جحێرت

خرفای پردێت لی بوویتە دووز

مەندەلی بوویتە گوێڕت

لۆوەی باشی لەمەو دوا

ببیە گاوان مانگاو چێرت

# پاڕانەوە

هانام بەبەر تو خودایە

بەخۆت رب العالمینی

سوجدە بەس شایەنی توە

تۆ اکرم الاکرمینی

ڕووی نزای گشتمان لە تووە

تۆ ارحم الراحمینی

شت نیە لێت شاراوە بێ

دیار و نادیار دەبینی

حاکمی ڕۆژی جەزای و

خۆت اسرع الحاسبینی

کەس نیە نەگات بە حەقی

تۆ  احکم الحاکمینی

دانەری ئەرزو ئاسمان و

خاوەن فیردەوسی بەرینی

پشت تەقەتم لە برسیەتی

خۆت ئەحسەن و رازقینی

ڕزقی هەمووان لەکنە توە

ئەتۆ ڕەزاقول مەتینی

ڕەبی ئەحمەدی موختاری

باعیثی گشت مورسەلینی

پەنا بەتۆ دەگرین خودایە

غەیاثول موستەغیثینی

ناوت تەسکینی درانە

تۆ وەلیی موتەقینی

ڕوومان لە قاپی ڕەحمەتتە

خۆت موجیبو سائیلینی

لەناوبەری تەواغیت و

عەبەدەتول شەیاتینی

خودای عەرش و خودای شیعراو

خودای عاسمان و زەمینی

هەر چت فەرمووە دێتە جێ

تۆ ئەسدەقول قائیلینی

هەش بەسەر وەی لێت غافلە

ڕێگای ڕاستی توو نابینی

شەو و ڕۆژی مەعسیەتە

پێی ئەستەمە ناوت بینی

هەرکاتەکی زاڵمت گرت

بەندی دڵی دەپسێنی

قووەت نیە لەو دونیایەی

لەبەر دەستتی دەرینی

واوەیلا لەبۆ ئەو کەسە

ڕۆژی مەعشەر نایدوێنی

حەقی مەزڵوم بزر نابی

مەلیکول حەقول موبینی

ئەوەی ئینکاری تۆ بکا

بە بێ شك پشتی دەشکێنی

حەقی بزنە بی شاخەکە

لە بەشاخەکەش دەستینی

کەس نەنازی بە موڵك و مار

کەنگی ویستی لێی دەستینی

مالیکول مولك بەس خۆتی

هەر خۆت خەیرول واریسینی

# نازدارەکەی زوورگەزراو

هەتا هەتا چاوم لێیتی

نازدارەکەی لەقەد زوری

گرد و باسک و ڕێ و تەلان و

کۆدەرەکەو شیوە سوری

یادگار و بیرەوەرەکەی

شیرن و ترش و تار و سوری

باخچەکەی خارە ماجیرو

کەرەوز و سرق و توری

خارە مستەی مام زایەری

سوارە ئازاکە و جەسوری

قەرات و قوشرە و قوچەك و

ئاشەکە و چەرت و ناعوری

دوو ڕەزەکەی بەر مارانی

گورە باغی زەرد و سوری

نازدارە بسك شۆڕەکەی

جلکی بوکینی دەدوری

کەشك و هەڕشتە و داندۆك و

کورد کوژەکەی مامە نوری

چوون لۆ سەر سوڵتان عەوڵای

به پەستی مامە غەفوری

سەکوەکەی پێش دیوەخانێ و

تاخمی قاوە و مافوری

ساوار کوتانی گەنجانی

ئەستورکەکەی بە تەندوری

هەرمیشك و ناسکە نانەکەی

چایەی لە قۆری فەخفوری

ئاودان و مەڕ لە بێردانی

بزن و بەران تەگە و کوری

نەینۆکی شوانی بەر مەڕی

دەبریقێتەوە لە دووری

کە داوێ لۆ شاجوانەکەی

گیای لۆ کارۆکان دەدوری

بە کراسەکەی جورجێتی شین

بن کەوێی خامەکی سووری

قیڕەی بۆقی بەهارانی

سەگەکەی بەشەو دە لوری

ئاو و هەوات شیفای دەردە

لە بۆ ناحەزان ناسوری

کێ بە خراپ ناوت بینی

خوای گەورە دەوی بدوری

ئەو رۆژە بچی و نێتەوە

کە جێمان هێشت بە مەجبوری

سەودا سەرین بە دیتنت

لە نێزیك بی یان لە دووری

ئەو بایەی لەلات هەردەکا

بە در دەبەخشی سێبوری

خودایە هەتا دنیا مایە

نەبینیتن ناگزوری

# تێرنەخۆرەکە

ئەری کاکە دە پیم برێ

ئەو بەرکەی تو کوو پڕ دەبێ؟

شەیتانی حەز و ئارەزوو

لە دەروونت کو کڕ دەبێ؟

بووی بە قارون بووی بە هامان

بووی بە فیرعەونەکەی زەمان

جێگا نەما پڕی نەکەی

خۆشت نازانی چدەکەی

ئۆقرە ناگری لە هیچ جێیەك

لەنگەر ناگری لە هیچ ڕێیەك

دین و مەزهەب لات پارەیە

وای کە حەزت لەو حارەیە

بە ئارەقەی لات و هەژار

دروست بکەی کۆشك و تەلار

کا کۆنە جاجمی باپیرت؟

تەشکە بەڕەکەی داپیرت

تۆرکە و ساوار چوو لەبیرت

چی لێهات گەنم بە شیرت؟

کانی کورتەکەی دڕات؟

شەروارەکەی پینە کرات

حەوانەوە لای تو نیە

لو دوو پارە حارت نیە

لەدەستت بِی دونیای دەکڕی

وەك یەکەکی ئەبەد نەمری

ملکت لە ڕادە بەدەرە

قسەی سەر زارت دەفتەرە

دۆستایەتیت وەلانایە

ئاگات تەنها لەخۆت مایە

لەخۆت بەولا کەس نابینی

لەمە چێتری کەس ناتبینی

چاك بوو مردن نەیبوو چارە

ڕوح ناکڕێتەوە بە پارە

دەوڵەمەند دەماو نەدەمرد

ئەجەل بەس فەقیری دەبرد

هەتا کەنگی عیبرەت ناگری

ڕۆژێ سەدان خەرك دەمری

ئەورۆ ئەو مرد دونێ ئەو چوو

هەر زانیت نۆرە گەییە تو

هەشك بەسەر لۆ کێ دەچی

ملك و مارت بە چ دەچی

هێز و توانا و پارە و بەرتیل

بێ سودە لەلای عیزرائیل

هەتا زیندووی تۆبە بکە

ڕووت لە قاپی خودا بکە

بگە هانای خزمەکانت

دەست لە ملانێی دۆستەکانت

تێرکە جیرانی فەقیرت

خودای خۆت مەبە لە بیرت

برێ خودایە پەشیمانم

هی تووە مولك و سامانم

# حەیفم لۆ گوندەکەم

هانای بەبەر خوای دەبەم

دومین بەبەر جەباری

کۆچ و کۆچبار لێیان نا

ئاوابوون لە کەنداری

حەیفم لۆت کەندێناوە

در لەبۆت وا دەناری

دەردی گرانم قەراج

بێ بنەگە و کۆچ و باری

خودایە هەرکەی بای شەمار

کیژ ڕۆیشتن لۆ ئاقاری

فاتم و مێرەم و بەسێ

مەیاسی کیژەکەی خاری

چاو قەتێی ئازی کەندی

کار مامزەکەی یەك ساری

ئاوەدان دارە خورما

زورگ و چۆم و ئاقاری

دیوەخانەکەی مام حاجی

لەگەر حوجرە و حەساری

گەڕە لاوژەی جاحێری و

بینەو بەردەی ئیختیاری

کەرە مستانێی شەوانی

دامەکەی لەبن دیواری

بوارە جۆتم لێ دابەستا

چبکەم نەهاتبوو ساری

کۆربم سەری چەند سارە

لێك دابڕاین بە ناچاری

سەبەب کارمان خوا بیگری

بەتاران بچیتن ماری

# کابرا شازەکە

خودایە پشتیوان بە تو

ڕێگەم گەلەك هەورازە

سەلام لە خارە شێ محەمەد

لە خۆت و لە بەستە پیازە

دۆستەو برایە و مامە

هەر چەندی برێ خێرخوازە

خودایە لۆمانی بێلی

لۆی حاسر بکەی مرازا

توو خودا لێم درگیر مەبە

دوعامان لە بۆ بخوازە

خودا سترمان بکاتن

لە پیاوی چەنەبازا

دەلالی هەموو مەیدانان

بێ شك مام هەپی بەیازە

جار ئۆتراقچی جار ناربەندە

هەندە جارانیش جامبازە

پیاوی هەموو سەردەمەکە

لە ناو عالەمێ زۆر شازە

بە سەد نزم لۆت لێ دەدا

عودە جمبشە سازە

ڕوو قایم و قسە لە ڕوو

هەر چەندی برێی فێربازە

دەو دادڕای زۆر برێی

دوو ڕووە و چەنەبازە

سەیری ڕەفت و ڕۆینی کەن

لە خەرکی زۆر جیاوازە

ئەسکوی هەموو دیزەیەکە

کۆتری تەقرە بازە

خڕ و پڕ و تێك چەقییە

دەرێی کودەرە بەرازە

شان تەکێنی ئەوەل بابە

زۆر مەعلان و زۆر کارسازە

بەڕك بڕی بێ نەزیرە

دزەکی بە بێ ئەندازە

زێی سیروان قاپی تەڕ ناکات

داك مراوی و بابی قازە

قەناسی نیشانە شکێن

چاو تیژە لە چەشنی بازە

زمان لوس و ماستاوچیە

بولبولی حەڤدە ئاوازە

سەرەکە و هەزار سەودایە

مزەورەیە و تەرەسازە

تەمەشای بازاڕی بکەن

جێی مەخسەد و مرازە

چت بوێ لەکنی مەیسەرە

کەون و نیو داشت و نوو تازە

بێ شەرمی ئابڕوو تکایە

سبوغ عام و چاو بازە

بە شکل دەرێی پیاوە

هەندە بە مەکرو بە نازە

# ئەو گوریسەی گرێ نادرێ

ئەگەر دنیا داگیر بکەی

ملکت تەنیا سێ شەقاوە

ئارموشی دنیات بدەنێ

جلکت دە پازدە گەز جاوە

هەر جت هەیە هەر ڕۆژەکە

بە ناچاری بەجی دێلی

قوڕت بەسەر لە پێناو چ

ماندی و سەرگەردان و وێلی

ئەو گوریسەی لە بن دونیات ڕاخستووە

لێت محەقەق گرێ نادەی

دونیاش پاشۆرەك خۆر نیە

تۆ بە پشتی خۆتی دادەی

هەزارانی وەك تۆ ویستیان

ببن بە فیرعەونی زەمان

گەردەلوولی مەرگ هات و

لە چاو قوچانێکا نەمان

ویستیان سواری دونیا بن و

بە ڕاست و چەپ لێی بخوڕن

زگی ئەم زەمینە شەق کەن

ئەو سەر ئەو سەرهەری دڕن

ئەو بکوژن ئەو بگرن

ئەو بفرۆشن ئەو بکڕن

هەر کەسەکی برێتن لەل

ڕەگ و ڕیشەی لە بن ببڕن

سزای خودا بە ڕێوەیە و

ڕزگاربوونیش نیە بکڕن

نەك بە باڵەك و بە سەد باڵ

ئەگەر بە هەزار بار بفڕن

# جوانی جوانان

کاکه له بۆم بکەن تەکبیر
دەردی له دران دوو سەره
سەلام له حەبیبی خودای
ئەو ڕابەر و تاجی سەره
شەفیعی ڕۆژی مەعشەر و
ساحێبی ئاوی کەوسەره
ئەوەی ناحەز بە تووه
قوڕی دونیای بەسەره
دووری لەتوو زوورگه زراو
ئاخ و دەرد و کەسەر
دەنگۆ زەینێ خۆ بدەنێ
کیژە جوان چی لەسەره
هەر لەخۆی دێتن خرخار و
گواره و تاس و لاسەره
کراسی روح لەلکتان و
دەسرۆکەی سۆری لەسەره
برینی وا له درانه
بێ قەتماغه و بێ جەوسەره
زەین دەنه قەره چوغی

چ گەوارەی وا لەسەرە
بارانی سەر بەکراوە
دایگرت ئەو سەر و ئەوسەرە
ڕاو کەتیتە مارواشان و
سەیرانیش وا لە دوو سەرە
سەلام لە خارە ڕوارە
وەستای ڕدێن و سەرە
پێناو پلکە حەنیفەیەو
جوانی جوانانیش ئەسمەرە
ئەوەندە حەرێم گرانە
لەگەڵ زێڕی سەر بە سەرە
بابێ تەڕاحەکێ چاکە
ڕووبەی دایم بەسەرە
ترسی من بەس لە داکیتی
دایمەن توند و لەسەرە
خوا بیتە پشت و پەنای
ئەو کەسەی بە بێ هاوسەرە
سەرگەردان و کەسادە
هەموو دەم سەودا سەرە
جێگای دوعا و پاڕانەوە
بێ شك تەکیەی جل بەسەرە

## پۆشاکی من

سەلام پۆشاکی باب و باپیرم
مرادخانیەکەی جوان و دڵگیرم
بە تۆ دیارە کە ئەمن کوردم
تۆ هێمای گەلمی بە درشت و وردم
کورتەك و شەروار
تۆش ڕانك و چۆغەر
پێتان سەربەرزم کە دەوکەمە بەر
تۆ بوویتە درکی دوڕ چاوی ناحەز
ڕەشاوی لۆ وەی لێت ناکاتن حەز
ئەوەی پێی شەرمە تۆ بکاتە بەر
قەت نابی کورد بی مەگەر لە دەفتەر
هەرکاتێك کە تۆ دەکەمە بەرم
جامانە دینمە تیلاکی سەرم
بێ شك ڕێز دەگرم لە گەل و هۆزم
بۆ داب و نەریت لەبۆ نەورۆزم
کاکم پێی شەرمە تۆ بکاتە بەر
پشدێن لە پشت کاو جامانە لەسەر
نەبادە برێن دواکەوتووە
ڕۆشنبیر نیەو ڕێی لێ ون بووە

ڕۆڵە بەم جلکە وەك کورد ناسراوی
بۆ کۆڕ و دیوان ئاوا شیاوی
چۆن ڕازی دەبی وا هەتك دەکرێ
هەر ڕۆژ بە نەوعێ پەندی پێ دەکرێ
شەرواریان کردە ئامۆزای پانتۆڕ
کورتەك بووە یەلەگ ئەگەرنا نیو قۆر
ئەتو سەربەستی چ لەبەر دەکەی
چ دەکەیە پێ و چ لەسەر دەکەی
بەشەرت کلتوری خۆت نەفەوتێنی
دەستووری جارانمان نەشێوێنی
کە نایکەیتە بەر من مەنع مەکە
گاڵتە بە هەستی خەرکەکەت مەکە
دەك دێوانە بی و ئەوانەی وەك خۆت
ڕۆژ تا ئێوارە پێخواس و سەرکۆت
نەیەتە ڕێگات ئەوەی لۆت چاکە
لە تۆ حەڕام بێت ئەم هەواو خاکە

## سەلام لە..........

هەیاران و مەیاران

شوکر وا باری باران

سەلامی خودای گەورە

لە هەموو دۆست و یاران

لە بینەرانی خەرمان

لە دێهات و لە شاران

لە جوامێر و لە پیر و

لە جاحێر و منداران

لە باب و لە باپیران

لە کورە مام و لە خاران

لە مەلاو لە فەقێیان

لە شێخ و تۆبە کاران

لە رەتبە ڕەحمەتو لێو

لە ئەحمەدی و سێپاران

لە دامەی دەمەو عەسری

ئیختیاری بن دیواران

لە سەید عەولا و شێخ جامی و

لە نەخۆش و تاداران

لە سەپان وجۆتیار و

شوان و بێری و شوانکاران

له حه‌یران و لاوك و

له ڕاوچی و شۆڕه سواران

له شوانه چاوگه‌شه‌که‌ی

ناو قه‌رسیلی به‌ر ماران

له عومێره و قه‌نده‌هاری

له چار و له عه‌مباران

له مێگه‌ل و شه‌وبه‌کێو

کۆتانی به‌رخ و کاران

له کیژۆ کاری گوندی

له که‌نگر و له داران

له گوستان و له مه‌رزی و

ناسکه و له کیژه خاران

له بن که‌وێی خامه‌ك و

ده‌سرۆکه‌ی گێ به گواران

له کلدان و کلچوك و

قاپه نه‌فتی عه‌تاران

له جلیتی سوانده‌کان و

له شه‌خته‌ی به‌ر نساران

ته‌ره ڕیویانێی شه‌وی

جاحێر و هەرزەکاران

لە پێناو قاسید و

لە جێ ژوانی بەر باران

لە هەوی و سەر بە هەوێ و

لە کابانی بن ڕەشماران

لە دەسرازە و جۆلانە و

خانی چۆلکەی منداران

لە ڕوبەو ڕەوسە و شەقر و

تێکەو لێکەی سەرکاران

لە سەرەوی شەوان و

ئەتو کێ نۆبەت داران

لە سیو سیوە و شمشێرەی

دەرکەی حەوش و حەساران

لە نان دین و تەندور و

سۆبەی قشپل و داران

لە تێڕکەو لە جەوەندە و

لە شەلتە و لە خراران

لە هەمبانەی سۆر و زەرد

ئەستێرک و دار هەرزاران

پاشۆل و پیشەقان و

له باغەر و هیزاران

له سنجاق و كۆتۆكه و

له قەزمەكەی ڕەش تاران

له گاسن و هەوجاڕ و

لاپوتەی دەست جۆتیاران

له شۆ وەرد و پەرێز و

له چەقێن و تەباران

له دەوارنەی خۆشناوی

له بۆ ترێ و هەناران

له بای هوڕەی هاوین و

شەماری دەم هێواران

له كۆچك و له بەروانكه و

لانكی پیره نەجاڕان

له ئاخوڕ و كۆریت و

له لیسی تەیر و تاران

له گۆگەم و شەكرۆكه و

له هێرۆی ناو تەباران

پیفۆك و شملی شاق

قێزبەله و پاقله ماران

له شوان هەرخەرەتێنه و

باران بڕە و ڕەنگاران

لە سۆتکە و قەنەفر و

بارا بەژنی نازداران

لە زین و لە کورتان و

لە ڕێشمە و دەستەو ساران

لە نمەك و لە وەفا و

دەست پاکی جاری جاران

لە سەلەم لە نیوە تۆ

لە شکارتەی هەژاران

لە خەوی ناو قاپوتی

بەر بارانی ئاقاران

لە زوڕناو لە بلور و

لە دوزەلە و شمشاران

لە چیغ و لە ڕەشمار و

لە کۆچ و لە کۆچ باران

لە مەشکە و لە دۆدانە و

سەوە شیر و هیرباران

لە بازن و بەر بازن و

لە خەزێم و خرخاران

لە وەی بابەی نەخۆشان

بینە و نیەی قەرداران

ترینگە ترینگی درۆپە و

هارِەی کەندی بەر ماران

لە زەمبیلە و سەبەتە و

باوەشین و قەرتاران

لە چەرخ و لە بەردەستێو

لە قۆدی و دار جغاران

لە مەدیانۆ و لە بافرە و

وەرەق شامی بەقاران

لە کۆرکەر و لە شونک و

لە کۆری دەو ڕووباران

لە حەمدانی و عارەبی و

سەر ڕەش و کەوی ساران

لە پشدێن و لە سوخمە و

لە کورتەک و شەرواران

لە سێر و لە سێ کوچک و

لە سندوقەکەی پیاران

لە تەبەق و دیشلەمە و

لە قۆری و سەماواران

لە کرێوە و لە ڕێژنە و

له تەم و مژو باران

له هەرمیشک وناسکه نان

له ئەستورکی ساواران

له جاجم و چارشەو و

له لباد و له بەرماران

له شەوی ئەنگوسته چاو

مانگه شەوی بەهاران

له نابینا و سەقەت و

بی داڵده و کەرو لاڵان

له سێوی و له بی باب و

له دەست کورت و هەژاران

له جۆنی و دەسکه جۆنی و

کوتک و قۆرتی ساواران

له ئاوی ناو جەوەندەی

بن زگ کەری پێش گاڕان

له سندوقی کامەلاو

له باولی هوردەواران

له قاویت و هەڕشتەو

له پیازی بەر دیواران

له نیر و کۆپەران و

لە گاسن و هەوجاڕان

لە شابسک و سەرقۆچی

کەزی ڕوومەت بە خاران

لە سپیندار و لە بەڕوو و

لە گیز و لە هەناران

لە بنگرە و لە تەزرەو

نرکەی هەوری بەهاران

لە کوارگ و دۆمبەران و

کوزەرەی دەو ڕووباران

لە چاک و لە مەزارو

دووعا لۆ چاوزاران

خودایە لۆخاتری خۆت و

شەفیعی گوناحباران

کوردوستانمان سترکەی

لە زاڵم و زۆرداران

ئەوەی ناحەز بە کوردە

ماری بچی بە تاران

## هانای بەبەر خوای دەبەم

هەر ئەوم دێتە هاری

دەچمەوە تەلەرخێمی

تێیدایە مارێ خاری

سەری بێژینک بەسەرم

گرتیتی تەمی تاری

هۆبە و ڕەشمار تێکەر بوون

باعەی دێ بەرخ و کاری

کیژ و کاری باقرتی

چونە دارە بزماری

لۆت نەمام کەندێناوە

نەهات بوو هیشکەساری

کا حەوشی سوڵتان عەولای

کێوە چوون مرازداری

دەردم گەلەک گرانە

زوو بمگەینە مشاری

وەسیەت بێ ئەگەر مردم

لۆم مەکەن شین و زاری

قەبرەکم لەبۆ لێدەن

لە دووریانی کەنداری

با لێم دیاربێ دووگورتکان

گرد و باسک و ئاقاری

قازی خانە و قوشاغلو

عالاو عەوش و حەساری

کار مامزی زوورگە زراوی

کە هەوێزێ دەماری

هانام هینایە دەرگات

خودایە هەر بەخۆت یاری

لە دری ئەو خەرکەی لابەی

عاجزی و خەم و تاری

ناحەزی کورد نغرۆکەی

بشکینی پەڕو باری

وەکی هەمووی لێکردین

بەزۆری و بە ناچاری

# ڕۆژە ڕەشەکە

برا دەستم دامێنتان

لۆم بکەن تەکبیر و ڕا

حەل و فەسڵەکم لۆ بکەن

هەتا نەمکردە هەرا

لە ڕکی پیاوی بەد ناو

کراسی سەبرم دڕا

خۆ بەچاوی خۆتان دیت

چ بەو عالەمەی کرا

مار و حارمان بەجێ هێشت

مام و ئامۆزاو برا

ڕۆژی ڕەش بوو ئەو ڕۆژەی

لە ناو خەرک جاڕ درا

مرک و مارتان جێ بێلن

فەرمانی کوردان درا

هەزاران مار وێران بوو

زۆران قوڕبەسەر کرا

ئەوەی کەسی شەهید بوو

ئەوەی بێوەژن کرا

چەندان بەبێ سەر و شوین

سەدان مار تاران کرا

بە حەق ڕۆژی حەشر بوو

نیشان ئەو خەرکەی درا

لەجیاتی بیکەین بە پەند

ڕۆی و لە بیریش کرا

هەمووی کوڕی ئەوڕۆیە و

بیری چوو چی پێکرا

وشەی ویژدان و زەمیر

لە فەرهەنگانا سڕا

کا غیرەت کا پیاوەتی

بۆچی زیندەچاڵ کرا

خۆشەویستی و دڵسۆزی

هەمووی بەلاوە نرا

قاسە و جانتا و ژێرزەمین

وردە وردە پڕ کرا

ئەوەی گیانی فیدا کرد

گاڵتە جاڕی پێ کرا

زۆڵە کوردی خۆ فرۆش

دڵسۆز لە قەڵەم درا

## بەبابی نەچی حەرامە

ئافەرین هەزار ئافەرین
بە حەق کوڕی بابی خۆتی
ئەگەر ئەو جارەک لۆتی بوو
ئەتو شازدە جاران لۆتی
چاو قایمی ئابڕو ڕژای
سوک و بێ قیمەت بەخۆتی
هەل پەرست و مادەلاچیت
دیلی گەڵاو باکەنۆتی
بە ڕواڵەت گەلەک جەسووری
لە حەقیقەت دۆنکی شۆتی
ئەوەی لۆم مابوو لفت دا
ئەوی دی بابت فرۆتی
بگەیە چ قوتی دەدەی
ئانەکۆندەی ئەختەبوتی
چەشنی دەڕاسەی جۆندێری
دوژمنی گاز و مازۆتی
لۆ گەورەکان دەرکەوانی
لۆ خۆیی سەرە بزۆتی
پیاوی هەموو زەمانەکی

هەر وەکی مام شینە گۆتی

ڕۆژ پردەیی ڕۆژ ڕانیەیی

ڕۆژ حیلاوی ڕۆژ چاربۆتی

جار سارەیی جار مامەشی

جار جبووری جار جار بۆتی

ڕۆژ بە هەوری جار بە عەگال

جار سیدارە ڕۆژ سەرکۆتی

ناوبانگت دەنگی دایتەوە

وەک هەنجیری شەرەبۆتی

وازت نەینا تا حەیات چوو

هەزار جاران پێیان گۆتی

مستەهەقی وەی داتبەستن

لەگەر گێدرێژان لۆ جۆتی

## کاکی پالێوراو

حەمەد گۆتی دەنگم دەنێ

لۆتان دەبتە شامی شەریف

جوندی دەبنە نایب زابت

شورتەش بە عام دەبنە عەریف

ژیانتان سەرتاپا دەگۆڕی

نەفت و غازتان دەبتە بۆڕی

کارەباتان دایم دەبی

تانکی بێ موزەخە پڕ دەبی

فەقیر لە تێریان هار دەبی

خەرک لە گۆشت بێزار دەبی

دزو جەردە لەناو دەچن

بەرتیل خۆر ئاو و ئاو دەچن

گچکە قەدری گەورە دەگری

چاوساخ دەستی حافز دەگری

خەرک چیدی ساوار ناخۆن

لەباتی کەر هەمەر داژۆن

جزیری دەبتە ئاغەبان

کەس قایل نابی بە دوان

سۆبەی قشپل دەبیتە غاز

دۆر و زوڕنا دەبیتە ساز

خەرک مەست دەبی لە کەیفان

ناحەز شەق دەبەن لە حەیفان

لەبەر دەکەین کری زاخۆ

توور دەدریێ کورتەکی پەمۆ

سفرە دەبیتە قالدرقۆ

چیدی ناخۆین ئەستورکە جۆ

خەلەف دەبتە برای عەلی

عوسمانیش برای فەتەلی

ئەوها دەبیتە هەرزانی

کەس بە حیسێبی نازانی

بە عام دەبینە ساحێب عەرد

نامینێ مۆدەی قەرد و فەرد

گورگ دەبیتە شوانی مەڕ

لە یەک پاوان و یەک لەوەڕ

گۆمان دەکەوتە بەر قاشۆ

نامینێتن پیاوی بەد گۆ

کەس ناریێ ئەمن مەغدورم

یەکەک ناریێ نا گزورم

هەرکەس دەگاتە حەقی خۆی

بەبێ حیساب دەڕژێنن لۆی
ئەوەی بدزی دەستی دەبڕن
سەر هەتا پێ لەخم دەیگرن
گەرعەو نەخشین دەبنە هەوێ
بە یەک کراس و یەک کەوێ
وەکی هات هێرەی پێکردین
چۆپی و مجۆلی پێکردین
هەرچی هەبوو لەبۆخۆی برد
کێ گۆتی لەل سەمای پێکرد
نیوە شەوکۆر بوون لە برسان
ماباقی پسان لە ترسان
گۆتیان برا لۆ وەدەکەی؟
ئەو دکرەمان لۆ پێ دەکەی؟
گۆتی بەخۆم ساحێب مارم
خۆم کێخوامە و خۆم سەرکارم
ئەوەی بەمن ڕازی نیە
جێو مەکانی لێرە نیە
گۆ ئەورۆ لەبەر قاشۆمە
خۆم لێ لێ مەو خۆم لۆ لۆمە
گۆتیان غەدرە لیمان دەکەی

پێمان نارێی لۆ وەدەکەی؟

گۆتی نەکەن غەرەت بکەن

لەوەی زیاتر پێ خوار بکەن

شەو و رۆژم هەراتن بوو

پێ خواس پێڕاوم کون کون بوو

بە حەسرەت یەک جغارە بووم

لە چیاو چۆلان ئاوارە بووم

بێ کراس و کورتەک دڕای

لە سەد جێ شەروار پینەکرای

بالیفی من دار و بەرد بوو

دۆشەگی من کەند و لەند بوو

لانەی جێچ بوو جێگای ئەسپێ

ناو پیستێر و نیفۆی دەرپێ

جەمی خۆشم نان و دۆ بوو

شیوی خۆش کفتە بە درۆ بوو

ئەنگۆش لەناو جێگەی گەرم

بالیف و دۆشەگی نەرم

سبەینەو نان و قەیماغ بوو

نیوران برنج یان یاپراغ بوو

کێو ئاقرە با خۆی کڕ کا

ئەگەرنا با ڕەشاو فڕکا

دەرچوو پیاوەکەی جارانی

سواری دوای هەموو سوارانی

دەتەوێ فیر لە کێ بکەی

گەمەی بە عەقری کێ بکەی

ئەتو تەنیا خەمی خۆت بوو

تەقەلات لۆ بەرِکی خۆت بوو

خەباتی چ و دڵسۆی چ

هەشت بەسەر لۆ کێ دەچی

جێگەی شایست لۆ دڵسۆزە

ڕۆڵەی بەوەفای ئەم هۆزە

خاوەن مێژووی بێگەرد و پاک

دڵسۆزی گەل میللەت و خاک

ئەوەی کاری نەسرەوتنە

بێداریەو نەخەوتنە

لۆوەی میللەت بی ڕزگاری

لە کوێرەوەری و هەژاری

لۆ پێکەوە ژیان بە یەکسانی

لۆ ڕزگاری کوردوستانی

سەر بە دوژمن دانوینی

مافی گەلی بچەسپێنی

نەک لۆ یەکی بێ هەست و هۆش

کۆنە هینی میللەت فرۆش

گۆچانی دەستی بێگانە

دوژمنی ئەم خاکە جوانە

## خەلقی خوا

هانای بەبەر خوای دەبەم

ئەو رب العالمینە

زەین بدەنە ئەو خەرکەی

بەس جێگای تێفکرینە

هەندەکان کو دەبینی و

بەعزەک خەریکی چینە

وەرن تەمەشای وەی کەو

برۆ ئەوی ببینە

یەک خەریکی سوعبەتە

یەک فرمێسک سڕینە

ئەوەیان سەما دەکا

ئەو بابە ڕۆ و گرینە

یەک دەستی لە چۆکانە

یەکیش لە هەڵپەڕینە

یەک دەست کورت و ماڵ وێران

ئەو تا بڵێی زەنگینە

ئەویان عەشقی مزگەفتە

ئەوێهێیان لادینە

یەکیان قابیل بە دیوان

جێی ئەویدی نان دینە

ئەو تا بڵێی بێ زیانە

ئەو گورگی دەو بەخینە

ئەمیان بێزاخ ترسنۆک

ئەویان ئازاو مەتینە

ئەمە سوک و بێ سەنگە

ئەوەیان گران و سەنگینە

هەندەک لە حەق لانادەن

هەندەکیش ماستاوچینە

ئەم چاوتێرەو دەبەخشی

ئەمە بەس دەرێ بینە

ئەو شەیدای ئەسپی کمێتە

ئەویش ئاشقی بارگینە

یەکیان کل لەچاو دەدزی

ئەو تا بڵێی ئەمینە

یەک عاشق بە کاسبی

ئەویان بەس قۆر بڕینە

یەک قسەی زەقنەبووتە

یەکیان شەکر بارینە

ئەو دڵ ڕەش و خۆفرۆش

ئەویان پاک ڕاستەقینە

ئەمەیان بەکرۆکەیە

ئەو دۆستی خاتوو زینە

ئەویان پیاو و بەغیرەت

ئەویان بێ ئابڕو و هینە

ئەم زوڵم قبوڵ ناکا

ئەو ئیشی چاو پۆشینە

هەنە خاوەن بیر و هۆش

هەشن فەقەت بۆ دینە

هەنە پیاوی سوڵحێنە

زۆران هەن فیتنە چینە

هەیە یەک بیر یەک باوەڕ

هەشە بەس گێڕ گۆڕینە

ئەمە خەم خۆری گەلە

ئەوەی دی خین مژینە

هەندەک بەس ترش و تارن

هەندەکیان سوعبەت چینە

هەنە چاو زەرد مەڕانی

هەشە دوو چاوی شینە

خودایە لۆ خاتری خۆت و

نازدارەکەی مەدینە

ئەوەی دژ بە گەلیتی

ڕیشەی لەبن دەرینە

# ڕۆژی کورد

براینە مەکەن لۆمەم
لۆم بکەن ڕاو و تەکبیر
ڕەنگ زەردو لێو بەبار بووین
لاو و گەنج و جوان و پیر
مات و کز و دەست لە چۆک
پێمان لە کۆت و زنجیر
ئەورۆکە ڕۆژی کوردە
خۆم سەپانم خۆم وەزیر
قەراج خۆت بگرە هاتم
مەفتەنی باب و باپیر
تامەزرۆی کردم یاران
نوستنی سەر بەڕو حەسیر
دۆمبەران و کەنگر و
ماست و دۆ و لۆر و شیر
نان و دۆ و کەشک و داندۆک
ئەستورکەکەی بە پەنیر
بەر بەسێری بواران
سەرتووەکەی بن چەوە شیر

خۆشه باعی بەرخ و کار

بۆن تەگەو هێڕەی چوشتیر

بەزیاد بی ناسکەنان و

هەرمیشک لەگەڵ چایەی تیر

قوڕاو و شله ساوار

دۆغەواو گەنم بە شیر

دۆینه و گەنم بە ترش و

تۆرکه و کاردی و ماست و سیر

شیوی باب و باپیران

هی میر و گەداو فەقیر

ئەمانەت لەنگۆ توخوا

بیخۆن و مەیکەن لەبیر

# مەنسوری دێوەرە

کاکە لۆم بکەن تەکبیر

خەمی زۆرم لەبەرە

هەر لەخۆی دێ هیزار و

پشدێن لەگەڵ کەمەرە

هەزار خۆزگەم بەو وەختی

دەکەتمە دو دێوەرە

پیرەژن گازیان دەکرد

مام مەنصورِ هێروە وەرە
کا دە پێمان پیشاندە

چت پێیە ئەو سەفەرە

هەر چتان دەوێ هەیە

لەسەر پشتی ئەو کەرە

تورشی و حەلوای کونجی

بازن و مۆری و لاسەرە

پاکەتی لۆکس و غازی

ئەو جۆرکەش پڕ دەفتەرە

سابونی پۆڕمەلیک و

ئەوەشیان گرە سەرە

هەیتم ئارموشی حەلەب

بەر بازن و کەمەرە

نەعنەعە و ترش و شیرین

فرِفرِۆک و وەروەرە

هەیتم قەندی بەلسیقە

عەلامەتی لەسەرە

دەفتەر بافرەو مەدیانۆ

قەمیش لەبۆ جگەرە

حەلوا بە جۆ نافرۆشم

بەس ساوار سەر بە سەرە

چەفیە و هیزاری ئەسڵ

ئەنواع نەخشی لەسەرە

نەفتی سەر مۆری کەرکوک

لۆ چرای ناو قەنتەرە

کلچوک و کل و کلدان

نەینۆکیشی لەگەرە

وەرەولای پلکە عەمبەر

نێزیک نەبی لەو کەرە

با لێت نەدا بە لوشکە

کەرەکی زۆر بە زەرِە

مەعمیلی باش لەو گوندەی

فەقەت خوشکە ئەسمەرە

ئەشیا لەمن دەکڕی

بە پارە و هێلکە و کەرە

ئەشیا نادەم بە ملخوار

نیو دیناری لەسەرە

پێی دەڵێم قەردم بینە

دەرێ لۆخۆت هەڵپەڕە

ئەگەر دێتە بەرتلە

لێی دەدەم بە پێمەڕە

## دەرگا نییە نەکرێتەوە

هیممەت هەبێ پەنا بەخوا

دەرگا نیە نەکرێتەوە

ڕێگاش هەرچەندە هەورازبێ

کۆتایی دێ و دەبڕێتەوە

ماف کە خورا لۆی تێکۆشی

زوو یان درەنگ دەدرێتەوە

ڕێبوارەکەی دووره وولات

زۆری پێناچی دێتەوە

هەسپە شێکەی جارێکی تر

سەر لەنوێ زین دەکرێتەوە

دەستی دزو حەق خۆرەکان

بە خەنجەری دەبڕێتەوە

تەمی ترس و ڕۆژانی ڕەش

لادەچێ و دەڕەوێتەوە

بەکرۆکەکان کوێر دەکاتن

تۆیان لە خاک دەبڕێتەوە

تۆڵەی ڕۆڵەی ئەم وولاتە

لە ستەمکار دەکرێتەوە

ناحەزی کورد ڕوو ڕەش دەکرێ

لە ناخیدا دەتلێتەوە

گڕی سکە سووتاوەکان

دادەمرکێ و دەکوژێتەوە

فرمێسکە قەتیس ماوەکان

لە چاوەکان دەسڕێتەوە

شەوی دەردەسەری و مەینەت

دزە دەکاو دەکشێتەوە

ئاڵای ڕۆژی سەرفرازی

لە ئاسۆ دەشەکێتەوە

داری ئازادی بێکەسی

لە هەر لا دەخویندرێتەوە

لۆ هەوارگەو جێ ژوانەکان

هەر عاشقەو دەچێتەوە

لالە و چرا کوژاوەکان

لەهەر لا پێدەکرێتەوە

شیرنە لای لایەی دایکەکان

لە گوێچکان دەزرینگێتەوە

زەماوەندی گەل بە تێکڕا

هەموو لایەک دەگرێتەوە

منداڵانی وولاتەکەم

شەو بێ خەم سەر دەنێتەوە

کێڵگە ئاو لێ بڕاوەکان

ئاو دەدرێ و دەبوژێتەوە

بێژینگ بەسەر لەبۆ سەفین

دەڵێ وایێ دەڕێتەوە

قەندیلی مامە ئاکۆیان

مەندیل لەسەر دەنێتەوە

دارەشەکران لۆ دێدەوان

ڕێز دەنێ و دەچەمێتەوە

خاتوونە خەج لەبۆ سیامەند

لە سیپان دەگۆزرێتەوە

مەم لۆکەریم زین لۆ ستی

سەربوردەی دەگێڕێتەوە

کاوێس ئاغا مامە سێوە

لە باوەشی دەگرێتەوە

مام تایەر گوڵی سەربەستی

لۆ باواجی دەڕێتەوە

قەلەندەر خانەی پیرەمێرد

تازەو نوژەن دەکرێتەوە

وەستا ڕەجەبیش سەر لە نوێ

تۆپەکەی دادەگرێتەوە

باوکە ئاوارەی دەربەدەر

بە کۆرپەی شاد دەبێتەوە

مەولود نامەی مامە ڕەشاد

لە قەرات دەخیندرێتەوە

لە ژین و ژیانیش مزگینی

چاپ و بڵاودەکرێتەوە

لەپ زێڕینیش لە قەڵاکەی

شیرینی دەبەخشێتەوە

# برام ئارامت هەبێ

هانای بەبەر خوای دەبەم خاوەنی کن فیکون

برا پشت بەخوای بەستە نەتبینم مات و زەبون

کاکە ئارامت هەبی تا پێت دەکرێ بە نەبوون

لاف و گەزاف لی مەدە بە دەورەمەندی و هەبوون

بەخوا هیچیان تا سەر نین نە هەبوون و نە نەبوون

بە هەزاران کەسمان دیت هەیانبوو مولکی قارون

بە دەعیە و قەپۆز برند کە دەهاتن کە دەچوون

دەژیان لە کەیف و سەفا لەگەڵ شەیتانی مەلعون

ئاخر مۆدێل گەر نەبا ئەوا هەر سوار نەدەبوون

لە پڕ رۆژیان ئاوابوو وەک هەر نەبن بزربوون

ئاسەواریان کوێر بۆوە نەیما جێگا نەیما شون

کورد گۆتەنی کتو پڕ بە ئاوی سیروان داچوون

هەزارانیش دەست کورت و عەوداڵی یەک دینار بوون

مارۆێران ڕووت و قوت ڕۆژەک تێر دە برسی بوون

لە بن باری عەمباری سەقەت و شەلو کوێر بوون

چاویان لە قاپی خوای بوو قەت ئومێد بڕای نەبوون

کە ڕەزاقمان ئەمری کرد کەرەمی خۆی پێ فەرموون

بەینی مەغریب و عیشا بەپێ نەما هاتووچوون

خانی قوڕ بووە قەسر لە نەبوون لەبۆ هەبوون

چونکە ئەسل زادەبوون بە مسقال مەغرور نەبوون
هەندە دەست کورتیان دیبوو لە پێی خۆیان دەرنەچوون
لە خەرمانیش نسحەت بی لە دوو چوان قەت مەچوون

## وڵات سەربەخۆ

هانام بەبەر تو خودایە
خالق هەر بەتەماتم
باکم نیە بە هیچ شت
ئەگەر فەقیر و لاتم
ئومێدم پیت گەلەکە
لەولای بدەی نەجاتم
شاهی مەککەو مەدینە
فیدای بەژن و باراتم
هیچ شت مەیلم ناگۆڕێ
نەهاتم نە نەهاتم
هەزار شوکر خودایە
سەربەخۆیە وراتم
خاوەن زەوی و زاری خۆم
خاوەنی دەسەراتم
لۆ سەرەوە دەنێرم

دوعا و نزاو شکاتم

له دەست پیاوی نیوه پیاو

کاکه له بن دەرهاتم

توخوا لیم عاجز مەبه

ئەگەر دونێ نەهاتم

مریده درسۆزەکەی

تەکیەی داره خورماتم

لۆ پیاوی مەرد و به زاخ

هەردەم پشت و قەراتم

من وەعد به خیلاف نیم

لەسەر وەخت و سەعاتم

پێم برێ لەسەر چ تۆرای

کا سوچم کا قەباتم

من لۆ دۆستی بەوەفا

دەرێی شەکر و نەباتم

پێرێ هاتم بتبینم

لەبەر سەیان هەراتم

ئەورۆ دەبینی لێرەم

سبەی له بیره باتم

دەمەک له عەوێنەمه

وەختەک لە دهێماتم

جار ڕاوچی قەرەچوغم

جاریش لە پیرە فاتم

هەرچەند خۆت پێ زانابی

بێشک هەر مامۆستاتم

فۆلکلۆرە چاوی من

دۆستی لاوک و قۆریاتم

لە جێی گلەو گازاندە

هەقە بکەی خەراتم

شەو و ڕۆژ لە خەیارمی

بەختیاریتە ئاواتم

## کاکە بڕۆنە دیاری

هێ براینە وەرنە دیارم
لۆ کەس دەردم نازانی
چارەی برینم ناکات
نە حەکیم نە دەرمانی
سەری چەند سار بوو برا
کەتبووم لە پاش خانی
تامەزرۆی کردم واللە
قەراج کەندنیاوانی
کلکەی دارە بزمارە و
بیری مەحمود سەنانی
زورگە زراو و قەرەچوغ
بوار و سەیرانکەرانی
هەزار خۆزیا بە دونێ
تاری و شیرینی ژیانی
چیغ و ڕەشمار و بنەگەی
زورگ و باسک و تەلانی
لەودە و قەنتەرە و کادین
جزیرە و ئاغەبانی
بێڕ و کۆل و دەولک و

دۆراب و ئاو کێشانی

شەربە و جەلعەو جەوەندەو

ئاوی جەڕەی لەیلانی

جۆنی و دەستاڕ و کوتک و

قۆرتی ساوار کوتانی

خرینگەی داس و قەیناغی

دورنەکەر و سەپانی

شەنەباو سەرجۆخین و

مانگە شەو و سەرخانی

قرشەشکێن هوردە کوت

شەو و جەنجەڕ گێڕانی

شەقر و ڕوبەو شەنەی دار

شەلتەکەی کا کێشانی

چار و عەمبار و کەندوی

زەخیرە و دەغرودانی

ئەستێرک و دار هەزارەو

هیزە و مەشکە و هەمبانی

ئەسکوی مەنجەری سفر و

کۆتک و شەکردانی

نیر و گاسن و دەستە دو

لاپوتە و پیشەقانی

لیس و کۆریت و سەکو

سولاوکەو سواندەی خانی

قەوچ و قەراسە و ئاخوور

زین و جل و کورتانی

هەوجارِ گاسن دەستەندو

نیر لەگەر کۆپەرانی

تاریکە شەوی بواری

کاروان کوژەی بەیانی

جەژنە پیرۆزەی جەژنی

ڕەمەزان و قوربانی

دەنگی شمشاری شوان و

بەلۆرەی کیژۆرانی

عەتر و سۆتکە و قەنەفر و

لەوەنتەی عەتارانی

سابوونی پۆرمەلیک و

خەنە و کل و کلدانی

باعەی کار و بەرخۆرەو

مرقەی تەگە و بەرانی

سێ پێک و بەردە یێری

بزن و مەڕ لە بێردانی

بۆن پەرێز و هەوێز و

قشپل و سەرگیندانی

ترینگەی سێر و ناوبرێشک

هەرمیشک و ناسکە نانی

بیر و کۆل و دەولک و

دۆراب و ئاوکێشانی

هین من هینی دێوەرە و

کیژۆرە و پیرەژنانی

زستان و خەوە کوتکەی

قەراغی ئاگردانی

کێلە بەرد و قاشوانێو

دامەی بن دیوارانی

گەمەی مەڕو بزنۆکەو

شەختەی چلەی زستانی

بەلەچەک و برێشکەی

گەنم و تۆ بیستانی

کەشک و هەڕشتەو داندۆک

لەگەڵ قەرە خەرمانی

چایەی قۆری فەخفوری و

دیشلەمەکەی عەسرانی
تۆرکە و کەنگر و کاردی
کوارگ و دۆمبەرانی
پیفۆک و زەرگەزەوی و
کوزەرە و قەلۆغانی
ڕنک و ئێزەکەتور
قوڕادەی دەو جۆگانی
کفتە بە درۆ و کەشکەک و
دۆغەوای ئێوارانی
دیوەخان و مەجلیس و
ئاون و قاوە کوتانی
شەقرە و کاریتە و هەراش
خانی و دیوار سواقدانی
نرکەی هەور و گەوارە و
بایەکەی پێش بارانی
بارانی سەربەکراوە و
هاڕەی جۆم و کەندانی
پەستی عیسا و فەتەلی و
مام غەفووری لێزانی
دەخیل لە بیریان نەکەن

هەر وەها بە ئاسانی

عەیبە لۆوەی نەزانی

ژیانی باپیرانی

لەبەر نەکات کورتەک و

شەرواری مرادخانی

ببتە لاسا کەرەوەی

خوی خراپی بیانی

## پاڕانەوە

هانای بەبەر خوای دەبەین

هەر ئەومان دێتە هاری

بە عام بپاڕێینەوە

خودایە باران بباری

هەزار خۆزگە بە وەختی

منداری و هەرزەکاری

خانی قوڕ و جزیری و

ئاغەبان و عەمباری

پاز پازۆکێی ناو لەودەو

غاردانی سەر دیواری

قاشوانێ و پەلیکانێ و

کێلە بەردی ئاقاری
کە عەسران پەستێ سپی
دەگەڕاوە لە شاری
ئەو لە چاوەڕێی باب و
ئەویان بەتەمای خاری
نەفەر لێی دەهاتە خوار
لە پێش مارێ موختاری
کا شنەبای پێش باران
بۆنی دەشت و ئاقاری
کە عاسمان هەور دەیگرت
دەیکردە شەوی تاری
گەوارە گێ لە عەردی و
بە گوڕ باران دەباری
ئاگرۆکەی بەردە سێر و
سۆبەی قشپل و داری
چرە دوکەری کای تەڕ
قەسپی نوری عەتاری
هێلکەی ڕۆخ ئاگردان و
ئەستورکی قەندەهاری
شەختەی زستانی ساردی
تاریکە شەوی بەهاری

تەزرە و سەر بەکراوەو

هارەی کەند و ڕوباری

شەوی ئەنگوستە چاو و

لورەی گورگ و کەمتیاری

حەپەی سەو قیرەی بۆق و

ڕادیۆی عەلی شاماری

فاق وتەپکەی سەر گوفەک

سۆفە قیتە و پاساری

کەرە مستەی شەوان و

سوالفەی پیر و ئیختیاری

بۆن سواقی خانی تازەو

هەراش و شەقرە و داری

گەردەلوولەی پایزان و

تانجیلەو قرشەو قاری

کە بوکیان دەگواستەوە

بە پێیان و بە سواری

فیقەی زوڕنای دەنون و

ئیسۆ بەناو شمشاری

سەیرانی زورگە زراو و

شایی لە شابان شاری

تۆرکەی برژای سەر سێر و

کەنگر بە شلە ساواری

نیسکی ڕون و پیاز لەسەر

کفتەی ناوغن بەتاری

پاشۆلی کەنگر کەران

لە زورگی بەرزەواری

سەدای فەقێی مزگەفتان

بەلۆرەی کیژۆرانی

حوجرەی مام مەلا عەولاو

شینە و حەوش و حەساری

قرشە کوت و جەنجەڕ و

جۆت و دورنە و قورکاری

سوڵتان عەولا و شێخ جامی

جادر و مراز داری

ئاش و باراش و مزەو

جۆنی و کوتک و دەستاری

نیشانانەی جوامێران

بە برنۆ جامبێزاری

نایلۆنەی سەڵاح داودەو

حەیرانی مام بێزاری

بە هەبوونی و نەبوونی

دەورەمەند و هەژاری

هەمووی وەکی برا بوون

دوور لە خەم و پەژاری

برا و دۆستی یەکدی بووین

بێ غەش و تەماحکاری

مردن و ژینیان یەک بوو

بە شیرینی و بە تاری

لۆیەک پشت و پەنا بوون

وەک لکبنی دیواری

حەیف و سێ سەد مخابن

ڕۆین و نما ئاساری

کا نمەک و کا وەفا

خڕ بووە زەهری ماری

ئەوەی ئەورۆ دڵسۆزە

داماو و لەنگە باری

کاکە لۆ خاتری خودا و

ڕەسولەکەی موختاری

با دونێ لەبیر نەکەین

نەیانکەینە یادگاری

گوندە جوان و شیرنەکان

نەگۆڕنەوە بە شاری

# هاوخەمەکە

سەلام براکەی هاوخەم و دەردم
سەد جار مەرحەبا کاکی نەبەردم
سەربەرزیت بۆ من مایەی ژیانە
بەختیاریت نزای سەر دوو لیوانە
بڕوام پێ بکە کە برێم برامی
لۆ شەوی تاریک لالەو چرامی
مایەی تاقەت و هێزو تەکانی
سۆز و ئاوازی لاوک و حەیرانی
تۆ مام و خار و ئامۆزا و کاکی
تۆ ئاو و هەواو ڕووبار و خاکی
ژیانت ژینە و ژینت ژیانە
کەسادیت لۆ من ناسۆر و ژانە
تۆ بێ باوک کرای منیش بێ برا
چیان بە تۆ کرد ئەوەش بە من کرا
تۆ بی لانە کرای منیش دەربەدەر
تۆ خاک بەسەر و منیش هەش بەسەر
چەندیان بە تو کرد دە هەندەش بە من
باوک و برا لێک بوون بە دوژمن
ڕوحمان پێ بەخشین مەرگیان بۆمان نارد

مندارمان بێ ناز ژن هەناسە سارد
ئەوان بەبێ خەم لە ڤێلاو تەلار
پۆشتەو ڕێک و پێک بێ عەیب شەدەلار
ئەمەی بەد بەخت و بێ داڵدەو هەژار
پیشەمان ببوە دامەی بن دیوار
ڕەنگ زەرد و داماو نەخۆش لێو بەبار
ڕۆژ تا ئێوارە لە ڕاوە دینار
لۆیان بوینە پرد نەک جارەک سەد جار
بە سکی برسی بە بەرگی بەتار
با بەس بی چیدی چاو لەدەر نەبین
داش دامەی گەمەی ئەو و ئەو نەبین
هەردوو وەک برا قۆری لێ هەرکەین
خۆشی و ناخۆشی وەک برا بەش کەین
بۆ دوا ڕۆژی کورد عارەق بڕێژین
بۆ نەوەکانمان نەمام بنێژین
بەسەرچوو شەوی ترس و کەسادی
لە ئاسۆ دەرکەت ڕۆژی ئازادی
ڕۆژی من و تو ڕۆژی هەموو گەل
ڕۆژی سەربەستی ئاو و گوڵ و مەڵ
بژی کورد بژی مرۆڤی دڵسۆز
بمری ناحەزی خاک و گەل و هۆز

# ناگزوری

هانای بەبەر خوای دەبەم
یارەب هەر خۆت غەفوری
ئەو سار سەری چەند سارە
دەژین بە ناگزوری
خۆشیمان لە خۆ نەدیت
لە غەیری تاری و سوری
بە کەلەش لێرۆکانەم
بەدر وا لە مەخمووری
سەلام لە کەس وکاران
لە ئەودیوی سنووری
بمبەن لۆ میری هۆرتێ
دەنا لۆ کورتان دووری
بەلکو چاو پێیان کەوی
ئەگەر چی دوور بە دووری
کەنێناوەم لێ چۆل بوو
گورگی تێدا دەلوری
دەرێن یار بە بوک دەچی
جلکیان لەبۆ دەدووری
هەر لەخۆی دێ دانیشتن
لەبەر تەون و مافووری
چەند بەتام و لەزەت بوو

ئەستورکەکەی تەندوری
ناسکەنانی بەیانی و
چای لە قۆری فەخفوری
دۆینە و گەنم بە ترش و
کاردی و تۆرکەو قبوری
کەشکەک لەگەڵ دۆغەوا
کورد کوژەکەی مام نوری
ئەستورک و مادەی مزاش
نێوڕانان لەگەڵ توری
پیفۆک و شملیشاف و
قێز بەلەی لەقەد زوری
قەلۆغان و ترشۆکەی
کۆدەرە و شیوە سوری
چونە سەر سوڵتان عەوڵای
بە پەستی مام غەفوری
مام دەنوون و زوڕناکەی
ئیسۆ لەگەڵ بلوری
ئێوارانی سەر سەکو
حەیرانی مام ڕەسولی
دیشلەمەی ناو فەقێیان
تامی شەکری بلوری

# خۆزگەک

سەد هەزار خۆزگەم بە جاری جاران

کە هەور دەگری سەری قەرەچوغ

بە گورِ دێتە خوار بوارە باران

جۆم و کەند و لەند پڕ دەبن لە ئاو

شەمار دەبزێوی بسک و دەست ماران

دێتە گێت حیلەی هەسپی ڕاوچیان

بگرە و تێبەردەی شۆڕە سواران

دەنگی پڕ سۆزی شمشاری شوانان

سەداو ئاوازی مەشکە لە داران

بەلۆرەی خۆشی کەنگر کەران و

دوورە حەیرانی شۆرە جۆتیاران

کوریکە ماستی قەد پاری گرد و

گۆگەمە زەردەی ناوەند تەباران

کراو قۆرینەی جوان و لەمگێژی

سەری کوڕیژگەو جوان کیژ و کاران

تروسکەی نەینۆکی شوانی بەر مەڕی

دوورە ئاواپی لۆ دۆست و یاران

هەزاران خۆزگە بەوان سەردەمان

وەفا و دڵسۆزی و پیاوەتی جاران

لۆ خۆشەویستی و لۆ دامەن پاکی

لۆ شەرم و حەیای دۆستان و یاران

بە سۆدرە بچی هەرکەس پشت بکا

لە ئەسڵ وفەسڵی ئەخڵاقی جاران

## دەروازەی بەهەشت

لا اله الا الله محمد رسول الله

دەروازەیە لۆ بەهەشت

بڕوا بکە مام عەوڵا

بیکە وێردی سەر زوبان

تا پێت دەکرێ بێ وچان

هەندەت بەسە براکەم

تا لێت خۆشبیتن یەزدان

مەبە عەبدی پارە و پول

خۆت بە کوشت مەدە لەبۆی

چرکی دەستە نامینێ

ئەوەی بە نرخە ئەتۆی

مردن هەر ڕۆژەکەو هات

ئەگەر ملیۆن سار بژی

دەبی دەست بەتار بڕۆی

ئەگەر خۆشت بکوژی

موفلیس خۆتی مار وێران

ساحێی قوڕوشەک نی

هەتا کەنکی غافری

پێم نارێی بەتەمای چی

خودا پارەت دەداتێ

تا بەهەشتی پێ بکڕی

کەچی تەقەتی دەکەی

هەتا ئەو ڕۆژەی دەمری

چەندمان دیتن دەورەمەند

چەشنی قارِون و هامان

شەیتان دەستخەرۆی دابوون

بە وادەو شەرت و پەیمان

دونیا و دینیان پارە بوو

شەو دەهاتن شەو دەچوون

فیزیان لێ دەدا لەسەر

پیاوی نەدار و نەبوون

چاویان لەسەر سۆر ببو

هەر وەکی درِندەی هار

گاڵتە جاڕیان دەکرد

به پیاوی لات و هەژار

لۆ دونیای سەرفی دەکرد

به هەزار و سەد هەزار

هەتا ڕۆژەک له ناکاو

له ناخی عەرد چوونه خوار

ئەوەی ڕێی ئەوان بگری

ڕۆژەک دەبی به زەلیل

دیاره له بیریان چووه

چ کرا به ئەسحاب الفیل

تەفرو توناو له ناو چوون

به ئیسپات و به دەلیل

بوونه پەندی زەمانه

بەدەست تەیره ئەبابیل

بگەڕێوه تا زووه

ژیانت له دەست نەچووه

دار البقاء لای خودایه

ئەو دونیایه فەنایه

لۆ هیچ کەس باقی نیه

جێگای متمانەش نیه

ڕوو له خوابه پشت له ئەو

لۆ نەفس شۆڕ مەکە جلەو

ئەوەی کە خوا پێی بەخشی

ماری ئەولای پێ بکرە

عەهد و پەیمان بە تەنیا

لەگەڵ خودای خۆت بگرە

ئەبەد لە بیرت ناکا

برا هەر چاکە چاکە

سەر بەرزی لە حزوری

ئەکید پشتت تێ ناکا

خۆزگە بەوەی بی باکە

پەرێزی لای خوا پاکە

پشتی بەوی بەستووە

ماری ئەولای ویستووە

حوتومە و وەیل و سەبور

لۆوەی سوجدەی لۆ نابا

لەو ڕۆژەی نابنە پەنات

ئەگەر داك ئەگەر بابە

لەگشت لایەک هەڵلایە

بابە ڕۆ و واوەیلایە

ئەو دەرێتن وەی بابە

ئەو دەڕێتن وەی دایە

بە چاوی خۆت دەبینی

چت لەگەر خۆت هینایە

بەهەشتە یانە دۆزەخ

تێیدای هەتا هەتایە

هەرچت هەیە هی خودایە

هەر خوداش بەتوی دایە

ماری ئێرەت کاتیە

جێی ئەبەد لە ئەولایە

لە عەردی هەموو دونیا

مولکی تو چار شەقاوە

جلکت تەنا کفنتە

پارزدە گەز ئەویش جاوە

سەت ڕەحمەت لە پێشینیان

شوێنەواریان ون نابی

پەندیان نەخشی سەر بەردە

تا ئەبەد بزر نابی

لالە و شەمعی شەوانن

شەوقیان ئەبەد کز نابی

لە دێر زەمانان گۆتیتیان

گوفتاریان ئەگەری نابی
سەی نان دە سفرەی نان مەدە
مەترسێ زەرەرمەند نابی
ئەو نسکۆیەی کە دێتە ڕێ
بەو چەشنە پیاوە چا نابی
خۆ ڕاپێشکەر و خۆ ویستە
بە کەم مەعیەن ڕازی نابی
بە قوربانی خۆی دەکاتن
قەوم و قیلەو داک و بابی
لەگەڵ گورگان شەریک ڕانن
خوانەکاتن چاو ئاوابی
حەز دەکاتن قاپی و جیزدان
بە شەو و ڕۆژ لۆی وارابی
دەبی بگاتە مەقسودی
ئەگەر خۆی لەسەر دانابی
بە درۆکانی نەخەرەتێن
بێ خێرە و سوودی لۆت نابی
چونکە لە ئەسڵا لاسارە
چەموشە ڕاستەڕێ نابی
شورەیی نازانی چیە

داک مەعلومە و بزرە بابی
سەروەتی قارونت هەبی
بەرِکی ئەوت پێ پرِ نابی
ئامۆژکاری بکەی نەکەی
دەبەنگە و لێت حاری نابی
تاری گوژارک هەرچەند تارە
ئەوجە وەک تاری وی نابی
دەو پەلەو ئابرِوو تکایە
قسە لە زاری گیر نابی
هەتا هاورِێ ئەو چەشنە بی
حارت لەوەی چاتر نابی
نەتدیت ببتە هاو دەردت
کۆتری کیوی ماری نابی
برینی دەستی نامەردیش
هەتا ئەبەد سارێژ نابی
تۆریکە لەمنت نەکەوی
مار  لە دوای ئەو کاول نابی
لێی گەرِێ با باش کونیەکەی
لۆ ئەو خەرکەی ئاشکرا بی
با خەجاڵەت با رِوو رِەش بی

با حەیای چی با ڕیسوا بی

چون ناحەزی ئەم میلەتە

لەسەر ئەم خاکە جێی نابی

کورد دانامێنێ تا ماوە

هەتا خوا پشت و پەنا بی

دوعا خواز بین لە خوای گەورە

میللەتمان دورە بەرا بی

ناحەزانی لە چوار کەنار

موبتەلای دەرد و بەرای بی

کوردوستانی خۆشەویستیش

خاوەن خاک خاوەن ئاڵا بی

# لە چاوەڕوانی بەڕێز

هەند چاوەڕێی دیدارمان کرد

سەبر نەما بێزار بووین لێت

خۆ تۆ لوتکەی ئەڤرێست نیت

هەندە سەخت بی نەگەین پێت

بیابانەکەی کافریش نیت

تێیدا ون بکەین سەرە ڕێت

دنیای لەمە چێتریش نیت

نادیار بیتن ڕێ و جێت

ئەوەی بەتەمای لوتفت بێ

یا بەدبەختە ئەگەرنا شێت

ژوورت پڕکەین لە سکاڵا

تاکە یەک وشەش ناگا پێت

تەخت و مەقامت هەند بەرزە

دەنگی کەسمان ناگاتن پێت

حیمایە وا دەوریان دای

پیاوم دەوێ نێزیک بی لێت

جارەک دەرێن زۆر سەرقاڵی

هەندە جاریش دووری لە جێت

باش بزانە گەورە و گچکە

ئومێد بڕاو و بێ تەمان لێت

دەڕێن یازوخ هی ئەو گوندەی

هەر هەمووومان بێ بەرین لێت

کێڕا وەی لێهات ماستاوچی

سەد بچیتن دووسەتیش بێت

دەیان جلکت لەبەر بکەن

دەیان پێڕاو بکەنە پێت

بەعزەک ماکیاجی ڕوت بکەن

هەندەک بوخور دەڕشێنن لێت

لۆ وەی دوور بی لە چاوەزار

نەبادا نەفەس بدا لێت

چەندین لۆت لەسەر فەیسبوکن

هەندەکیش لەسەر ئەنتەرنێت

تا بزانن زەوقت لە چیە

کەیفت لەگەر چ شکلەک دیت

بەوی دەڕێن چاوەڕێینە

بەو دەڕێن بەڕێز دەرێ نێت

ماری دنیا وەیلێ کردی

ئەسڵ و فەسڵت بزربی لێت

کا کورتەکی بێ کراست

شەرواره‌كەی بەبێ دەرپێت

شڕە جەمەدانی سەر و

كراشە پەرک کرایەکەی پێت

نوردیه نان و جەوەندەی ئاو

بەڕکەکەی پڕ داوە قەتێت

پێخەفەکەی لانەی کێچت

یەخەی کورتەکی پڕ ئەسپێت

بە کورسی و مەنسەب مەنازە

هەر ڕۆژەکە و ون دەبی لێت

لەبیر دەکرێی وەک هەر نەش بی

کەسەک ناکا مەرحەبا لێت

دین و دونیات پارە و عەرد بوو

قوڕت بەسەر دوو مەترە جێت

ئەو سەروەتەی پێی دەنازی

دەمری و یەک فلس ناگا پێت

هیچت نەچاند لۆ ئەو دونیای

ڕێگەی جەهەندەم بگری لێت

ڕات دەکێشن زەبانیە

تۆق لە مل و زنجیر لە پێت

دەتدەنە بەر شەق و شولاق

چ حەیایە نایهێلن پێت
پێت دەرێن قەت کەسەک نەبوو؟
تێتبگەینی و برێتن پێت
دوا ڕۆژت بەوە دەگاتن
ئەگەر یەزدان تورەبی لێت
دەرێ بەرێ پێیان گۆتم
گۆتم بڕوامان نیە پێت
دەرێن هەزارجار مزگێنی
دەهەزار جار پیرۆزبی لێت
ئەو جێگایە و ئەو مەقامەی
لەگەر شەیتان درایە پێت
تاک و تەنیا لەناو ئاگر
کەست نیە دیفاع کا لێت
جەهە ندەمی ئەبەدیە
مار و مەسکەن و ڕێ و جێت
برا ئێستاش نەچووە بچی
لە ڕێی خودا وادەریم پیت
بکەڕێوە لۆ لای خودا
ئەکید خودا خۆش دەبی لێت

## بڕوانامەی شەش

لۆمەت ناکەم گەر شێتیش بی
بەخۆشت سوڕمایە سەرت
چ دەستەک بوو ئەو کەڵێنە
پڕ لە خێرەی خستە بەرت
شەهادەی شەشت حەسرەت بوو
ببوە چیای سەفین لەبەرت
لە هیکرِا لێم بوی بە دکتۆر
کا دیبلۆمت کا ماستەرت
هەر چی عیلم و مەعریفەت بوو
بەتار بوو لێی کەللە سەرت
ئەوەی ئەتو لێی پسپۆڕ بووی
کەر...... شەغرە و جەنجەڕت
دونێ تورِ تورە بەجۆڕ بوو
ئەورِۆ بلۆکە دەفتەرت
بە شەو و ڕۆژ دوعا بکە
لۆ شەهادەی مزەوەرت
لەبیرت چوو قۆندرەی چوپلێت
شەرواره شڕەکەی بەرت
دووسەر هەنیشکی بەپینەت
شڕە جەمەدانی سەرت

پشدێنەکەی ناوغن پەڕۆ
کیسە و توتن و دەفتەرت
دووچاوە خانی جزیریت
پیرەکەرەکەی ماکەرت
چرا قەندیلەی بەر دیوار
کونە کەپوی پڕ دوکەرت
کەونە دوو لیفی کون کون و
دوو حەسیر و تەشکەبەڕت
شڕە دۆشەگەکەی پەمۆ
هەردوو بالیفەکەی پەڕت
سەرشۆڕکەکەی سارد و سڕت
سۆبەی قشپل و قەسەرت
ماددەی مزاشی ساف زیوان
سێکوچک و چڕە دوکەرت
دوو بەڕکی دایم بەتارت
قەردەکەی وەک توکی سەرت
ترس و لەرزی شەو و ڕۆژت
نەوەک لە پڕ بێنە سەرت
ئاگردانی بێ ئاگر و
دوو قاپ و شڕە مەنجەرت
حەوشەکەی لایەک ڕوخات و

قەنتەرەی بێ سەر و بەرت

شڕە باخچەی تور و سڕق و

دار هەنجیرەکەی بێ بەرت

دوو سەر بزنەکەی بێ شیر و

یەک دوو سەر مەڕەکەی لەڕت

جۆخینی دوو شەغرە جۆت و

کەر لۆت دەیگێڕا جەنجەڕت

لەپڕ کو بویە ئەو کوڕە

لەخۆت لاتتر بوو پدەرت

لە قەسرەکەی قەڵا ئاسا و

دیواری ساف بە مەڕمەڕت

ناومار سەرتاپا ئەجنەبی

قیسی دەلاک و بەڕبەڕت

فلیپینی نەبی ناکات

شێلانی لاق و لەتەرت

سابونی لۆکس و لەوەنتە

سپرێی دەرمانەکەی سەرت

بە سبوغ عام تەعدیل دەکەی

فەساڵ و بچم ومەنزەڕت

مادەلاکەر و ماستاوچی

گرتیان قاپی و دەوروبەرت

هەندەک مەژغولی پێراوتن

بەعزەکیش لۆ جلکی بەرت

سفرەت هەر ماشاءاللّٰەی دەویٚ

لەو هەموو خواردنەی لەبەرت

سەیارەی ئاخیر مۆدێل و

پارەی لە ڕادەبەدەرت

ئەوجە هەمووی بەجی دێلی

فلسەک نایەتن لەگەرت

نابنە هاوڕێت لۆ ئەو ڕێیەی

سەخت و ناخۆشەی لەبەرت

تا  کار لەکار نەترازایە

هۆش و فکرت بینە سەرت

بگەڕیوە لۆ لای خودای

تاک و ئەحەد و ئەکبەرت
بێشک بەتۆبە ڕاناگەی

کە عیزرایل گەییە سەرت

مەعلوم دەبِی چت بردیە

کە لێک کراوە دەفتەرت

پیاوی چاک بە تۆبە بکە

بەر لەوەی قورِ بچتە سەرت

# ئاواتیانە بمانبینن

بە هەموو دەم ماندی و شەکەت

بەش خوراو حەق دزراو

خاک و عاسمانمان شەت و پەت

پیاومان داماو ژنمان زەبون

کچ بێ مراد کوڕمان سەقەت

زیندان جێگەی جاحێران بێ

چاو نەترسان ملیان لە پەت

نەک کەڕەتەک ڕیسوا بکرێین

چار هەزار جاران کەڕەت

میللەتم ژێر چەپۆکیان بێ

وڵاتەکەشمان لەت و پەت

گەلم برسی و نەخۆش و لات

خیر و خۆشی نەبینن قەت

سەر و سامان بە تاران بەن

مەش دەستەوسان بێ حەرەکەت

ئەوان خاوەنی جۆخین بن

بەشی مەش خەرمان بەرەکەت

ئەوان سواری ئاخیر مۆدێل

بە مەش لیخوڕە کەرەکەت

جێی وان سەرقالی و کاشان بی
هیمەش کا تەشکە بەڕەکەت
دامەمینێ ئەمنت قوربان
بنێ ژێر دوو پێ خەمەکەت
جێی فەخرە پینەی شەروارت
ناو دووشانە بە قوڕەکەت
هەموو مولکیان بە قوربانی
جەمەدانی و کراوەکەت
پیرۆزترە لە هەمەریان
کورتانی پیرە کەرەکەت
پارە و پولیان هی من و توە
بێ بەهایە و بێ بەرەکەت
هەموو کارگەو فابریقەیان
ناکا باڵتەی جەنجەڕەکەت
تانک و زرێپۆش و تۆپیان
قوربان نوکی خەنجەرەکەت
کۆشک و تەلار و ڤیلایان
حەیران حەوش و حەسارەکەت
هەرچی پایپ و جگەرەیان
بە خورامی دار جغارەکەت

کەنتاکی و فینگەر و ستیکیان

بە سەدەقەی داندۆکەکەت

نازدارترە لە شا جوانیان

کارمامزە ڕەش ئەسمەرەکەت

چ کۆنسیرت و سیفۆنیایە

کپن لە ئاست بلوێرەکەت

بە سۆزترە لە میوزیکیان

سەدای حەسەن حەیرانەکەت

# بیگەنێ

هێ برا سەرم سوڕمایە

هاوار ئۆقرەم لێ بڕا

کاکە بگەنە براتان

لۆم بکەن تەکبیر و ڕا

کا نمەک کا وەفا

لۆ وا زوو لەبیر کرا

هەتا دونێ کە هەیبوو

بەعام لۆی بوونە برا

ئەوڕۆکە لێی بڕایە

یەکسەر پشتی تێکرا

تا دونێ پیاوی دوی بوون

پێراوی لۆ دادەنرا

ڕەنگ نەبوو سەری بێشی

دەیان حەیوان سەردەبڕا

دیوەخان جێ نەدەما

چیغ و ڕەشمار هەردەدرا

چ مافوری باش هەبوو

لەبەر پێی وی ڕادەخرا

بە لێشاو و بێ حیساب

دوعاو نزای لۆ دەکرا

ماستاوچی هەردەپەڕی

بە دزی و بە ئاشکرا

بە دەیان شیعر و هەڵبەست

بە باڵای وی هەردەدرا

سەماو خۆ بادانی باش

هەر لە حزوری وی دەکرا

دە دەهات بیست دەڕۆیشت

لە چەشنی کاروان سەرا

ملەوەز و ملەستور

هەر لەکن وی دەدیترا

بەعام لۆی دەپاڕانەوە

بەڕێز دوورکەی لە بەرا

خودایە پایەی بەرز بی

لۆمان گەش بی وەک چرا

هەتا بەخۆی میر کوڕ بوو

سوندی بەسەری دەخورا

لۆ هەر ئیشەکی هەبا

لە ئاوایی جاڕ دەدرا

ئیستاکەش لێی بڕایە

دۆری لەبۆ لێدرا

هوردە هوردە بە کڕی

ناوی لە ناوان سڕا

چاکەو خێری پیاوەتی

دەم ودەست پشت گێ خرا

ئەوەی هەیبوو و نەیبوو

هەموو ڕۆیشت و خورا

هانای لۆ گەلەکان برد

ئەوجە هیچی لۆ نەکرا

کە گۆتی بگەنە هانام

چی خراپ بوو پێی کرا

خڕ پشتی خۆیان لێ کرد

قیسی ئامۆزا و برا

کەتە ئەو دەرک و ئەو دەرک

لە دۆستانیش دابڕا

دەردەکی وایان دای

دەستڕی پێ ڕاخرا

ئەو مزگەفت و ئەو دەرک

تا هێزی لەبەر بڕا

لۆ هەر دەرکەکی دەچوو

خێرا لە ڕووی دادەخرا

بەرپێنەکی وای درایێ

پشتاو پشت لە عەردی درا

گۆتی دەستم دامێنتان

پێم برێن لۆ وەم لێکرا

گۆتیان خەرمان گۆتەنی

دۆر دڕاو تەقەی بڕا

# پیره هەولێر

سەلام دەشتەکەی پیرە هەولێرم

باخچەی حاجیلە و هێرۆ وکنێرم

سەلام لە خاك و لە هەواو ئاوت

مێژووی پڕ فەخرو ناوبانگ و  ناوت

لە داک و بابی لێک دابڕاوت

کۆرپە ساواکەی بەبێ کەس ماوت

لە گوندەکانی تێک و پێک دراو

لە پلکە بەسێی تەنیا بەجێ ماو

لە بیری تەپیو قاناتی ڕوخات

شەقرە وکاریتەی خانیەکەی سوتات

لە قەبرستانی غەریب جێماوت

لەپێ دەشتەکەی بی ڕاوچی و ڕاوت

لە تەکیە و مزگەفت لە فەقێکانت

لە مەلاو شێخ و مەدرەسەکانت

لە باپیرەکەی کەنەفت و داماو

ڕەش داهەرگەڕای لەبەر خۆرەتاو

لە قەرەچوغت لە بێژینگ بەسەر

لە زورگەزراوی جێی داخ وکەسەر

لە ئاو و هەوای خاکی ڕەنگینت

له شیرناوه‌که‌ی عه‌ینی هه‌نگینت

له وه‌رد و به‌یار له شۆ و په‌رێزت

ماست و په‌نیر و لۆری به‌پێزت

له مه‌شکه‌ژینت له هه‌وێز مارت

له مافورکه‌ر و ته‌ونی له دارت

له هه‌رسێ مانگی فه‌سڵی به‌هارت

هۆبه و بنه‌گه‌و مه‌شکه‌ی له دارت

له شه‌وبه‌کێوی مێگه‌ل و شوانت

تروسکه‌ی فانۆسی شوانکاره‌کانت

له داس و شه‌غره وسواره و قه‌یناغت

له دۆی تیری دۆدانه و جاغت

له‌وده‌و حه‌سار و خانی لک بنت

له چێر و مانگاو مه‌ڕ و بزنت

له کیژ وکار و گه‌نج و مندارت

به‌زمی جاحێران سوالفه‌ی ئیختیارت

له که‌نگر و کاردی و تۆرکه که‌رانت

له‌کۆرکه‌رانی گۆمی قه‌پرانت

له سورناتک و گه‌ز و خرنوکت

له کفر و مێکوک له حوشترالوکت

له تێره‌کێش وکیشه و سه‌پانت

له کەلەشاخ و کەرە و هەسالت

له هورەی گەرمت لە بای شەمارت

له دۆر زورناو نەی و شمشارت

له مانگە شەوی فێنکی هاوینت

گێرەو جەنجەڕ و نوستنی جۆخینت

له دیوەخان و شەوی زستانت

بەلۆرەی ناسکە ومەزری و گوستانت

له چۆم و کەند و گرد و نشێوت

له پەرەی پایز لە خاکە لێوت

له ئاومارکەکەی ناو کەند و جۆمت

تەختە شەختەکەی ڕەقی سەر گۆمت

له دەنگی بۆقی گۆمی بەر ماران

ڕەوە قورینگ و قازی هێواران

له دۆینە و کەشکەک لە کفتە بە درۆت

له ئاوی بیری پڕ لە کاو وکۆت

له بەستی شەرغەت لە دێدەوانت

کانی وەکازەو دارەشەکرانت

له کۆنە بیری مەحمودی سەنان

له گێ بەگوارە و بسک بە خەنان

له بلوری شوانی گەرم و بەسۆزت

له جۆتیارەکەی ناوشان بە تۆزت

لە قەنتەرەکەی ڕوو لە شەمارت

لە مام ڕەسولی ڕومەت بە خارت

لە خدر و عوسمان لە حەسەن حەیران

لاوک و مەندۆ و لە عەزیز قەوان

لە مام دەنون و سەعدی و دێوانە

لە سەید کەریم و خدر و مەرجانە

لە مەلا قەرە و عالا و عەوێنەت

لە ئاقاری وەک دوڕ و خەزێنەت

لە پەستی عیسای لە مام غەفورت

خارە فەتەلی و سابیرە سۆرت

لە حەسەنەکەی لۆ مەریەم سوتات

کەریم و ستی بە غەدر کوژرات

دوور بی لە بەرا هەتا هەتایە

هەر ئاوەدان بی تا دونیا مایە

# کێوە دەچی

هەش بەسەر وا هات مردن

لە دەستی نیە ئامان

هەمووی هەر دەبی بڕوا

زوو درەنگ بەرەو نەمان

بە قەولی رب العیباد

کل من علیها فان

عومرەکەت هەمووی گوزەشت

بە بەزم و ڕەزمی شەوان

مەلهاو ڕۆلێت و قومار

لە لاس ڤێگاس و لوبنان

لەگەل دۆستانی شەیتان

ڕۆژت ڕاوە پارە بوو

نەبوو لەلات ڕاوەستان

تاکە یەک سوجدەت نەبرد

لۆ خودای عەرد و عاسمان

مولک و پارەو سەروەتت

بێ خێر ناچیتە میزان

واوەیلا لەخۆت کاتی

دەتبەن بەرەو گۆڕستان

بەرەو دوا ماری دونیات
یەکەم ماری دونیای مان
لەسەر شان و لەسەر سەر
ناسیار و خزم و دۆستان
پێشت یا واحید اللە
پاشت بابەڕۆو گریان
دۆستان بە ڕاستیانە
میرات گریش لە کەیفان
مەڕاسیم نیو سەعاتە
داپۆشین و تەلقیندان
جێ دەمینێی بە تەنیا
دوور لە کەس دوور لە خزمان
یەکسەر دەبنە میوانت
مەلەکانی کەریمان
چاو دەمینێ لە مۆلق
جولەی نامینێ زمان
تەنیا سێ ڕۆژ لۆت دەکرێ
فاتیحە و تازیە دانان
یەک حەفتەش لۆ هات و چووی
سەردانی خزم و دۆستان

خزم کەتینە پەلە
کڕن لە شەرمی ڕوان
کەنگی میرات بەش دەکرێ
هەتا کەنگی ڕاوەستان
دابەش دەکەن میراتت
لەبەینی کیژ و کوڕان
دووبەش لەبۆ کوڕانت
بەشەک لەبۆ کیژۆران
هەشتیەکیش ئاشکرایە
لەبۆ داکی منداران
چت نەبرد لەگەرە خۆت
چاوت دەکەوتە دەستان
هیچت نەکرد لۆ ئەوڕۆت
لە غەیری دزی و تاوان
دەبرێ کو دەرباز دەبی
هاوار لەخۆت مار وێران
لەسەر ئەو پردەی وەکی
موی سەر و چەشنی گیزان
بە کۆڵی پڕ لە گوناح و
بە کۆرەیی و بێ گۆچان

ئەو پارەی نەتکردە خێر

هەمووی ڕۆی بە تاران

کوڕ دەیدا بەولا و بەولا

خزمیش پێی دەکەن سەیران

کێ ئەتوی دێتەوە بیر

قوڕ بەسەری مار وێران

هەموو چاویان لەوەی بوو

ڕۆژەک بارکەی لۆ قەبران

بەڵکو ببنە میراتگر

بەش بکەن موڵک و سامان

گۆتم کوڕە بکە خێر

تا بەخۆت مای لە ژیان

میراتگر وا تیژ دەکەن

تەور و داس و چەقو گیزان

بەلکو پەل پەلت بکەن

هەروەک گای جەژنی قوربان

دەتگۆت برام زۆر سەهوی

ئیقناعم بکەی بە دوو قسان

بە بەر خەرکی وەربکەم

پارە و پولم وا ئاسان

# له خۆت خەنی خارە عەدۆ

های لەخۆت خەنی هۆ خارە عەدۆ

لەبیر خۆت دەبەی یان لەبیرت چوو؟

جەمەکت چا بوو دووجەم نان و تور

زۆرانجار تەنیا نان و ئاو دەنا دۆ

جەژن تا جەژن ئەگەر برنج با

ئەگەر نا ساوار یان کفتە بە درۆ

گەلەک جار برسی چاو لە دەرکی حەوش

بەتەمای جیران وەکی کوندەبۆ

ڕەنگ زەردو لاواز وەک گاز مالوکە

شەوکۆر تامەزرۆ هەناو پڕ لە سۆ

سارێ گەر دووجار گۆشتت خواردبا

خۆت چەلەبی بوی خۆت حەمەد قەدۆ

باراش بە ڕوبە نیوەی زیوان بوو

جار جارە مزاش زۆر جارانیش جۆ

بە دەرپێی چاو پان شەروار قەمەندۆر

سەر بەبێ کراو کورتەک پڕ پەمۆ

پێراوی لاستیق بێ گۆریە لەبەر

پشدێنی سێ گەز ناوغن پەڕۆ

ناومار سارد و سڕ کۆرەگە لەبەر

ئاگری گرتبایە نەیدەبوو بۆن سۆ

لە دەست قەرداری جێت پێ جێ نەبوو

بەرۆژ چاو شۆڕ و شەویش بابەڕۆ

عەجەب لە هیکرا لێم بووی بە قارون

لە کەر لۆ هامەر مۆنیکاو پڕادۆ

سبەینان کێک و قەیماغ و هەنگین

ئێواران ناخۆی غەیری عەمبەر بۆ

قەپۆز برند و بە دەعیە و عوجب

لەگەر هەموو کەس نایە گفتووگۆ

خۆزگە خۆزگەت بوو لۆ یەک ڕۆژە ئیش

ئیستاش دەیانگۆت کەتە بەر قاشۆ

نازانم بەختە یان نیوچەوانە

ئەو خێرو بێرە کو درا بەتۆ

ئەگەر بە عیلمە یا شەهادەیە

دەهەزاران جار نەخۆزگەم بەتۆ

بەر دەرکەی مارت تور و سرق بوو

ئیستاش مەزرەعەو درندەی کەمۆ

خۆشوشتن نەبوو نارێم تەقەزا

ئێستاش سابون و لۆکس و شامپۆ

جێی ئیسراحەتت پشت لەودەی کای بوو

ئەوڕۆش مەسبەح و ڤێلاو هەیت و هۆ

سەت دەستت ماچکرد تا بەهیەت هینا

ئەوڕۆش ساجیدەو ساهیرە و ژینۆ

ئەسڵ و فەسڵی خۆت کێڕا لەبیرچوو

لۆ وەت لەخۆت کرد برا ئاخر لۆ

بادەوە سەر دۆ و شلە ساوارت

کوڕی دونێ بە نەک و هی ئەوڕۆ

وەرەوە ڕێزی شان بە قوڕانت

هەتاکو زوە وەرەوە سەرخۆ

بابە هەژاری قانع و چاوتێر

درسۆز و مەرد و هێمن لەسەرخۆ

ئەگەر چاوەکی لێت دەبوو ئیستا

بەبێ شک دەیگۆ بێ بەریم لە تۆ

## سەلام

هانام بەبەر تو خودایە

خۆت ڕەحیم و ئەکبەری

شەفاعەت شای مەدینە

حەبیبی خوای سەروەری

شەمار توخوا بیبزێوە

لێرە هەتا ئەوسەری

سەلامی خواتان لێ بێ

لەوێ و لێرە و لەوبەری

لە حوجرەی مامۆستای دێ و

شەربەی کتان لەسەری

لە کوێخا کابایز و

دیوەخانی دوو دەری

لە سوخمەو کەلانگوچک و

مرادخانیەکەی بەری

لە کراسی بە بزمە و

جەمەدانیەکەی سەری

لە جامبێزار و بڕنو

سێ تیر لەگەر خەنجەری

لە ساقۆی گەبەردین و

جۆتە کراشی بەری

له شیوی هێوارانی ناو لەگەن و لەنگەرنی

ئاریێ بابەی فەقێیان

سەرای سۆڤی عومەری

له یێری و کیشەکەر و

له جۆخین و جەنجەڕی

بەگم و بەگیسی و گەلعون

مامز و هەمین و پەری

گوستان و بەسێ و هەیبەت

نەخشین لەگەر ئەسمەری

له مەجلیسی جوامێری

بەر هەتاو و سێبەری

بایز و سابیر و ڕەشید

عومەر و خدر و مەحمەری

عەولا و سالح و سمایل

تەها و بەکر و ئۆمەری

له خرتە و بوارە جۆتی

بە هێستر و بە کەری

له کزەبای کەپرە شینە و

لەبارانی سەر پەری

له کاردی و کەنگر کەری

قەراغ بێژینگ بەسەری

شەڕە نەینۆکی دەشتێ

کوڕ لەگەر بەرامبەری

ڕێزە مەنجەری دانو

کیژ و کارانی سەری

لەکای تەڕی بن سێر و

ئاگر و چڕە دوکەری

ڕێچکۆرەکانی پار گرد

شوێن پێی مێگەلی مەڕی

لە گاڕانەکەی گوندی

لە گاوانەکەی بەری

لە پاشۆلی پڕ کۆلکەی

کفر و گەز وکەبەری

لە دەستشۆر و مەسینەو

سەر شۆرک و گرەسەری

لە بوکی دەست بە خەنەو

لە سەرپۆشەکەی سەری

لە بوخچەو لە باول و

سندوقی بە باغەری

لە بازن و بەر بازن و

لە خرخار و کەمەری

له شوانی بەر بەرخان و
کراو قۆرینەی سەری
له عەلیشیشی خرت و قاز و
فەرخەی لەبەری
له شەفەله و گوژارک و
کەر خنکێنه وچەودەری
قێزبەله و شملی شاق و
کوریکی دۆ بەسەری
له سرق و تەڕه پیاز و
تەره تووله و کەوەری
له بارکه و سەرەمرو
له مریشکی هێلکه کەری
لوشکه و جۆتکه و قەمباری
هێستر و نێرەکەری
له خانیەکەی جزیری و
هەراشی تازەی سەری
دایم وا لەبیرمانن
بەو خودایەی له ژوور سەری
جێی فەخر و شانازینه
لێتان نابین بێ بەری

# شوکرانە

هەزار شوکر لۆ ئەو خودایەی

کە تۆم نەکردە کابانم
نەمخستە بن هەردوو دەستت

سەر و سەروەت و سامانم

گەلەکم دی ژینی تاری

پڕ مەینەت و دەردەسەری

نۆشیم جامی پڕ ئازری

تار و سوری و دەربەدەری

لۆوەی بگەی بە مرازت لۆت بوومە پرد

لەسەر ڕێگای بەختەوەریم لێم بوی بە گرد

جێگا نەما من باسی تۆی لەکن نەکەم

کەسم نەهێشت من مەتحی تۆی لەلا نەکەم

لە پێناوت هەرچیم هەبوو بەفیڕۆ دام

کاتێک ویستم بگەمە لات

یەک گەلە گورگت تێبەردام

لۆ وەی بگەم بە دیدارت

بەرەنگاری دێوی ڕەش بووم

لۆ وەی شادبم بە ژوانت

لە خزم و کەسان بێ بەش بووم

به سەدان شەو لە چاوەڕێت
خەو نەدەچووە دووچاوانم
بەبێ سود بوو لات فرمێسک و
داد و گرین و فیغانم
ساڵەهای ساڵ سەرگەردان و
دەربەدەر و وێل و برسی
نەمدیت ڕۆژەک برێ چۆنی
سەرزارەکیش لێم بپرسی
گوتم ئۆخەی وا هات ڕۆژم
لە کەسادی بوو نەجاتم
هاتە بەرهەم شوکر بۆ خوا
خەون و ئارەزوو و ئاواتم
نەمدەزانی خۆزگەکانم
لە کتوپڕ ڕۆژەک دەمری
مەلی شادی و بەختەوەریم
لە شەقەی بار دەدا و دەفڕی
لە جیاتی وەی بەختەوەر بم
لەبیر بکەم کەسەر و داخ
سارد کەمەوە ئەو ئاگرەی
کە ڕۆژانیک پێی دەکرام داغ

جارەکی تر هاتەوە سۆ

گەلەک دژوارتر زامەکان

بە ئاگرت یەک لە دوای یەک

سوتا گشت خەون و یادەکان

تۆبە ئەگەر جارەکی دی

بە وعدەکانت بڕواکەم

تەفرەم دەی و دەرگای دڵم

جارێکی دیت لۆ واراکەم

# ماستاو چییەکە

سەلام کاکی ماستاوچی

چەند پسپۆڕو لێزانی

کون و کەلەبەر نیە

کاکێ من پێنەزانی

بە شەو و ڕۆژ لەکاری

هەر دەرێی مێروستانی

جار لە زاخۆ دەتبینن

جار لە بەدرە و جەسانی

دونیا هەمووی ئاو بیبا

باکت نیە مەلەوانی

بێ شەرمی حەیا ڕژای

چاوقایم بێ هاوشانی

قسە شیرین و پڕ ئاو

دەنگ ناسکی ژنانی

سمێر ڕەشی تێر بۆیاغ

ڕەنگ زەردی زەعفەرانی

کۆفی قیت و شل مل

شای بە سەپان نازانی

منجڕ و ڕوقایم و

چاو پڕ کلی سوبحانی

دەلالی شاخ نیکل و

لە شەوڕاوێ مەعلانی

بازاڕت دایم گەرمە

بەهی خۆت یان هی بیانی

جار لە موصل جار بەغدا

تاجیری هەمەدانی

جار ناتر و جار دەلاک

بۆیاغچیاتیش دەزانی

شایی کەری ئەوەل باب

سێ پێ و دووپێ و شێخانی

دۆر لێدەر و زوڕناژەن

دایم جۆڕک لەشانی

شایەر و پێ هەردەر و

ساحێبی شەش زمانی

جار دەینی جاریش دەبەی

فێرە دەست لە سینگدانی

بەسەبر و تەحەمول و

وانەک و پشت مل پانی

پشدێن شالی ئیرانی

دەستوریش کرماشانی

کوردی و تورکی و فارسی

لە عارەبیش مەعلانی

لۆ ئەوەندە بەدبەخت و

گێل و حەول نەزانی

ئەو ڕۆژەی لێت بقەومێ

کەس بە حارت نازانی

ڕوو ەش و دوور لە خزم و کەس

دەکەوی لەپاش خانی

# کە لێی بڕا

هانای بەبەر خوای دەبەم خۆی غەفور و سەتارە

ڕەنگ زەردو لێو بەبارم غەمم لە چار کنارە

دەردی عالەم یەک دەردە هی کاکینگۆ هەزارە

ئەوسار سەری چەند سارە کەتیمە لەو بنارە

چون نەبوون و دەست کورتم خزم و کەس لێم بێزارە

سندانت لێدا پارە چەند دین بەر و بەکارە

ئەو دەمەی دەورەمەندی خزم و دۆست بە هەزارە

دە دەڕوا پازدە دیتن بێ حیساب و ژمارە

ئەو دەرێ ئامۆزامە ئەو دەرێ کوڕە خارە

دیوەخان بەتار نابێ لە سبەینێ تا هێوارە

یەک لۆت دەبیتە برنۆ ئەویدی جامبێزارە

هەندەک فێرباز وەک ڕیوی هەندەکیش گورگی هارە

هەندەک ملهوڕ و دەبەنگ کەری بێ دەستەوسارە

دەرێن کێت لۆ بکوژین کێ بدەین لە سێدارە

ماری کێت لۆ کاول کەین لۆ کێ سازکەین قنارە

بەڕێز هەوەسی لە چیە؟ سپی یان لە ڕەش تارە؟

لە سەتی یەک دڵسۆزە ماباقی گورگی هارە

بابێ خۆیان دەفرۆشن لۆ خاتری چەنگەک پارە

خوانەکا لێت بقەومێ هەمووی لێت پشتەوشارە

ئەوەی پێشی نان دەرێن ئاشکراو پڕشنگدارە

دار کرمی لەخۆی نەبێ بێشک عومری هەزارە

# سەلام

سڵاو مامۆستام تاجەکەی سەرم

ڕوناکی چاو و ڕێ نیشاندەرم

مۆمی گڕگرتوی ڕێگەی ژیانم

تابلۆی ئەندێشەو خەیاڵی جوانم

سەرچاوەی عیلم و فەن و زانیاری

سومبلی ژیان و ژین و بەختیاری

ناوت مامۆستا چەندە پیرۆزە

تاجە گوڵینەی شانازی و سۆزە

گیانم بە فیدای پەنجەی پیرۆزت

ڕوحم قوربانی یاخەی بە تۆزت

سورمەیە بۆ چاو گەچەکەی دەستت

داوەشێ ئەوەی لێل دەکا هەستت

شانازیە لۆم سەر لە ڕێت دانێم

پێم شەرم نیە کەوشت لۆ دانێم

بە ڕوح و گیانم من قەرزاری تۆم

گەر قبوڵ بکەی خزمەتکاری تۆم

کۆرەبی ئەوەی خۆشی توی ناوێ

وێڵ و سەرگەردان نەسرەوێ تاوێ

پیاو نیە ئەوەی تۆ دەڕەنجێنی

زەلیل بی ئەوەی پەنجەت لۆ دێنی

بشکێ ئەو دەستەی لەتۆ دەوەشێ

خەجاڵەت بیتن یاخوا داوەشێ

## خەرمانی نیگا

خەرمانەکەی کوردەواری

لە گوندی بێ یان لەشاری

پڕە لە دور و مرواری

لە دانایی و لە وشیاری

خەرمان هی پیر و جوانە

هی دەست ڕەنگین و کابانە

هی سەپانە هی گاوانە

هی جوتیارە هی شوانە

خەرمان باوەش و ئامێزە

خەرمان پاوان و پەرێزە

دۆستی پیاوی بە مگێزە

مەجلیسی پیاوی بەڕێزە

خەرمانەکەی لاوک و حەیران

ڕاو و شکار گەشت و سەیران

هی کەنگر و کاردی کەران

هی قەسەر و هی دارکەران

خەرمان بایە گەوارەیە

سواق دان و زبارەیە

شەو نخون و شەوارەیە

شکارتەیەو تەبارەیە

خەرمان گەزۆیەو هەنگینە

خەرمان عەشقی مەم و زینە

جاجم و مافوور چنینە

شەقرە و ڕەوسەو جۆخینە

خەرمان شاپی و شایلۆغانە

سۆزی دوزەلەی شوانە

بارگە و دەست بوخچەی بوکانە

خەرمان کلچوک و کلدانە

خەرمانی سەر و سەربوردە

دیوەخانی پیاوی مەردە

لۆ ناحەزان کوچکە بەردە

خزمەتکاری گرد و وردە

خەرمان هی پیاوی فەقیرە

هی ڕەش و ڕووت هی میرە

هی کابانی بەر هەویرە

هی بووکی دەست بە کەوگیرە

خەرمانەکەی بەڕێزانە

هی پیاوی ژیر و لێزانە

خەرمان بازنی عاشقانە

مۆسیقای چەمی ڕێزانە

خەرمان بێژینگ و سەرەندە

بۆ نامەرد زەهر و زەرەندە

بارە بەژنە گولە بەندە

خەرمان پشدێن و لەوەندە

خەرمان بەژنی کیژۆرانە

دەستاڕو جۆنی کوتانە

خەرمان قرشە و کا کێشانە

مەڕ دۆشین و لەبێردانە

خەرمان شمشار خەرمان نایە

دۆرە بلولە زوڕنایە

خەرمان تەپر و کەڕەنایە

شاییە و بەزم و سەمایە

خەرمان ڕونە و کەرە و دۆیە

سەرتوی ماستەکەی تام سۆیە

لۆرە پەنیرە فرۆیە

مادده و ئەستورکەکەی جۆیە

خەرمان سێر و ئاگردانە

هەنگوتک و فەرشە و سەرنانە

ناو برێشکی نان کەرانە

هەرمیشکە و ناسکە نانە

خەرمان تەونە و دەرزی و داوە

سوار سوارانی و بەزم و ڕاوە

خەرمان وەعدی پێتان داوە

تا بمینێن ئەویش ماوە

خەرمان بنەگەو ڕەشمارە

کۆری دەو جۆم و ڕووبارە

حەیرانەکەی مام جۆتیارە

کزەبایەکەی شەمارە

خەرمان دامەی بن دیوارە

خەرمان لەودەو چەرت و چارە

خەرمان بڕنۆ و جامبێزارە

خەنجەرەکەی جەوهەردارە

خەرمان بەرچیغەو گۆپارە

قۆنتاغ بەگرێی شۆڕە سوارە

خەرمان جەنجەڕ و باڵتەیە

خەرمان سیوسیوەی دەرکەیە

پیشەقانە لاپوتەیە

دەستەندو سەرمژانکەیە

خەرمان قانات خەرمان بیرە

هیزە و مەشکە و سەوە شیرە

کۆپەران و گاسن و نیرە

لێفە و جاجم و حەسیرە

خەرمان گیشەیە و شەغرەیە

خەرمان قادە و بەنقادەیە

گۆپارەکەی مان شینەیە

سەربوردەی پلکە جەمرەیە

خەرمان پەستی فەتەلیە

سندوقی حەمەد عەلیە

خمەکەی شامار عەلیە

هەنگینی مامە هەینیە

خەرمان خەرمانی هەمووانە

سیا چەمانەی هەورامانە

سۆزی لاوکی بادینانە

حەیرانی حەسەن حەیرانە

خاوکەری عەلی مەردانە

سەحەرەکەی سێوەی دیانە

خەرمان هی فەقێ و مەلایە

گوفتاری مەلا عەولایە

ڕووی وا لەقاپی خودایە

بەشەو و ڕۆژ لە ڕجایە

کورد سەربێخی لەو دونیایە

لێی دوور بی ئەوەی بەرایە

# بوکی شەمامک

گوندە شیرنەکەم بوکی شەمامک
هەتاکو دەمرم هەر چاوم لێیە
جێی تەکبیرکەران جێی دەست ڕەنگینان
مزگەفت و حوجرە و مەلاو فەقێیە
یادگارەکانی شیرن و تاری
هەمووی پیرۆزن لە ئەلف تا بێیە
بەسۆز بوو دەنگی ئەحمەد عەتاری
پارە بە هێلکەو شەکرۆکەم پێیە
سوالفە و سەربردەی دەمەو عەسرانی
لەساکە گۆڕی پشت مزگەفتێیە
مەنسورِ دێوەرەو عەتر و لەوەنتەی
بارە گەورەکەی سەر پشت کەرێیە
تێک قژ قژانی ژن و کیژۆران
برێن هێروەبێ زۆرمان ئیش پێیە
دەیگۆت چیدیکە بەقەرد نافرۆشم
دوو ڕوپیەم لە زک خوشکە هەمێیە
عەمرت نەمینێ لەگەر قەردیشت
مەترسێ ئەورۆ پارەم زۆر پێیە
هەرچەند نازدارە سەد هەزار زیاتر

چون ئازیزانم هەمووی لەوێیە

دەستە ڕاست شامار دەستە چەپ زەرگە

پشتمان شینە و پێشمان هەمێیە

چ لەجێ دیکەم دوور لە قەراتت

دوور لە ڕەزەکەی لەدەو کەندێیە

ئەدی ئەو دەمەی لەناو ئاوایی

دەمگۆت مام خۆشناو توخوا چت پێیە؟

دەیگۆت هەنجیر و ترێ و هەنار و

ئەو دەست قەتارەش ناسکە هەرمێیە

پێم برێ لەکێ دەیەخی بارت؟

مەخسەدم دەرێم خانەخێت کێیە؟

ئاوایی هەموو ماری خارتە

مێرەم قەلنەقوت یان منە شێیە

هەنجیر بەچەندەو ترێ کو دەدەی

گەنم سەر بەسەر جۆ یەک بەسێیە

باشە وادەچم گەنمت لۆ دەینم

ترێت لێ دەکڕم زۆرم حەز لێیە

دایە توخوا کا هەندەک گەنمم دێ

خۆشناو لە ماری پلکە عەیشێیە

بە ترێ دەدەم لەگەرم وەرە

بەتەنێ ناچم سەی درِی لێیە

مەترسێ کورِم سە لۆتو نایێ

من ناتانم بێم تەندور وا پێیە

هاهایە کاکت بگاتەوە جێ

هێسترەکەی ماری رِوارەی پێیە

کا ئەدی بابم ئەویان چویتە کێ

بابت لە ماری مەجید پەرێیە

گۆتی نەخۆشە و دوو رِۆژە کەتیە

شێخ سەعید دەرێ سێ بەرِۆی لێیە

سمە بەغاردێ دەرێ بگەنێ

جەلعاو هاتیە دوو حوشتری پێیە

باری یەکەکیان خورماو کورد کوژە

ئەوی دیکەیان وابزانم خێیە

هێوارێ قەولە ساوار بوکرێن

ئەسمەر دەپرسی مەنجەر لە کێیە؟

گەنم حازرە کیژ چاوەرِێنە

مەنجەر لە مارێ عەلی هەمێیە

کو بردیان ئەوها نەیان هیناوە

نارێن ئاوایی خرِ ئیشی پێیە

مام مستە واهات خۆی تەیاردایە

ساقۆ گەبەردین ئەسپەکەی شێیە

برنۆ لەشان و خەریتە لە پشت

خەنجەری دەبان لەبەر پشتێیە

هەوری سرکەیی کراس بە بزمە

جۆتەک کراشی چاکی لەپێیە

راو کەتتە بنار زورگەزراوی

لانەی کێروشکان لەودیو جۆمێیە

چ جێی باس بکەن لەلای من بای دێ

بەخۆم دەزانم روح وا لەکێیە

گەلەک گوندم دیت زۆران باس دەکەن

هیمن سەر پشکەو جوانترین جێیە

# نازدارەکەی سەلماسی

کاکە زەینێ خۆ بدەنێ لە دری براتان چ باسە

هەر لەخۆی دێتن هیزار پشدێن لەگەر هەیاسە

کەوێ و بن کەوێی خامەک

گور باتمانی کراسە

چاو ڕەشی برۆ قەیتان

نازدارەکەی سەلماسە

بەژن شترە ڕەیحانەی

ددان دورڕو ئەڵماسە

خودایە کەرەمت بەزیاد

دەغر و دانمان ڕەباسە

تامەزرۆی کردم یاران

زرینگەی قەیناغ و داسە

تێلە کێشم چەلەنگە

دەرێی کیژە بلباسە

بەشەرم و حەریم گران

ڕووی سپی بی مەیاسە

قسەی هەندە بەلەزەت

دەرێی برنجی باتاسە

ئەوی بەینان تێک دەدات

بەڕەڵاو هەرەپاسە

زۆڕەو و نمەک حەرام

زۆر بریێ و هەرەپاسە

چاویێ من مەلا حەسەن

سبحان اللە سەرناسە

بەزەینەو زۆر پسپۆڕە

سوندیێ دەخۆی هەیاسە

قسە ڕێک و چاو تێرە

ئیشی زۆر بە ئەساسە

سەلام مامەندی برا

وا لە گردی ئەلیاسە

دەم و سەعات پڕ ئیشە

سەری کۆت و پێ خواسە

دۆستەکی بەوەفایە

مەڕاقی تەڕەسازە

دەرمانی سک هێشانیش

بێشک هەر مام ڕێواسە

# میرات

گەر لە پۆڵا بێت جەستەو بەدەنت

جێی تێ نەمینێ قاسە و مەغزەنت

لۆ پارە و گەڵاو زێڕو زەبەنت

دەبی جێ بێلی و ببیتە میرات

بەکەلکت نایەت (تۆکیۆ)و لەندەنت

دابڕە و داگیرکە هەرکێت پێ خۆشە

ڕۆژ ڕۆژی توە و فەرمان هی تووە

بخە بن ڕکێف هەرچت حەز لێیە

نەرێی بێ ئاگان چیم بوێ دەیکەم

حاکمی گەورە و مردن لە ڕێیە

گەر عەردی دونیا هەمووی بن پێت

چەندیش بدزی و چاو بپۆشن لێت

چی مولک و مارە بخەنە ژێر پێت

مەعیەن ساحێی قروشەکی نی

تەنیا دوو مەترە قەسر و مار و جێت

لەبەرکە حەریر بپۆشە ئارموش

تۆ بخۆ هەنگین فەقیر مەرگەموش

مارداری کەری ڕەنج بەخەساری

هەموو سەروەتت نایِنی دەسکەک پوش

ماروێران لەخۆت لە وادەو سەعات

ئەوەی کە هەت بوو بەکەلکت نەهات

نەتکردە خێرو لێت نەدا زەکات

سبەی نابینای لە ڕۆژی مەحشەر

لەسەر ئەو موەی پێی دەرێن سیرات

کوا بۆدیگاردت کانی پاسەوان

کا تانج و ڕوتبە و کا مۆر و نیشان

کا هێز و توانات بۆ لار بوو زوبان

لۆ کوێ ڕادەکەی لە دەستی یەزدان

فکری مردنت قەت نەبوو لەبیر

تا نۆشیت جامی مەرگی وەک زەهیر

هەش بەسەر واهات مونکەر و نەکیر

لارە زوبانت چ بدەی جەواب

لەگەڵ شەیتانت لۆ بأس المصیر

دونیا هیچ نیە دەستی لێ بەردە

کێ خستیە پشت گێ ئەو کەسە مەردە

دروستکەی سەتان سەرا و پەردە

کە برای گەورە هات یەخەی پێ گرتی

هەمووی قوربانی یەک تاکە سەجدە

عەیبە لۆت تێری و خزمیشت برسی

چونکی دەست کورتن لێیان ناپرسی

لە حەق و حیساب بێ شک ناترسی

کاتێ لێقەومان نایەتە هانات

نە پارە و پولت نە مێز و کورسی

گەر دنیا هەمووی بە پارە بکڕی

بیی بە تەیر و بە سەد بار بفڕی

مەشریق و مەغریب بە ساتێ ببڕی

کە ڕۆژ تەواو بوو قاپیز گەییە لات

هیچ چارەت نیە هەر دەبێ بمری

تا توانیت دزیت لە گەز و میزان

هات خەزانی مەرگ هات گەڵا ڕێزان

وا کردەوەکانت دەخرێتە میزان

کوێر و نابینا زەلیل و بێکەس

لەسەر ئەو پردەی تیژتر لە گیزان

تۆ بخۆی هەنگین هەژار ئاو و دۆ

نانی تۆ گەنم هینەکەی ئەو جۆ

ئەو بە سواری کەر ئەتۆش بە پڕادۆ

ئەنجام هەردوولا بەیەک دارەمەیت

بە یەک سەردولکە و بە یەک بابەڕۆ

جێ دێلی ڕۆژێ هەرچی مولکەو مار

دەڕۆی بەتەنێ بێ مار و مندار

بە ڕووت و قوتی بەدەستی بەتار

هەموو جێت دێلن کە گەیشتیە بن خاک

خۆت و بارکۆرەی کردەوە و کردار

ڕووت نەکردە خوای واحد و احد

تا سەری خۆتدا لەبەردی ئەلحەد

وەتزانی دەژی هەتاکو ئەبەد

واوەیلا لەخۆت لە ڕۆژی حیساب

شەرمەزار لە حزور خودای سەمەد

دونیا هیچ نایینی دەستی لێ بەردە

کێ خستیە پشت گێ ئەو کەسە مەردە

دروستکەی سەتان سەرا و پەردە

کە برای گەورە هات یەخەی پێ گرتی

هەمووی قوربانی یەک تاکە سەجدە

# دوو زێیەکان

سەلام هەردوو زێی بادین و پردێ

شەو و ڕۆژ دەڕۆن هارە و خوڕەو دێ

لەبەین هەردووکتان قەراج نارەی دێ

کەندێناوەکەش وشکەو زیڕەی دێ

ئەو هەموو ئاوە خوا دایتی بە کورد

کوردیش لۆ جارەک بیریان لێ نەکرد

لۆوەی بتانی لەو خێرە بخوا

ئەو زێڕو زیوە بەفیڕۆ نەڕوا

دایم و سەعات دەپاڕێینەوە

دەست برند دەکەین دەناوڕێینەوە

خودایە بارانمان لۆ ببارێنی

ڕەبی پەرەمان لۆ بکەوێنی

خۆ ئەگەر سارەک باران نەباری

خاک و گیانلەبەر تێکڕا دەناری

باپیران ویستیان جۆگە هەڵبەستن

لۆوەی بە باران پشتیان نەبەستن

شاهێد خەندەکی باب خەلیفەیە

پاشماوەی دیارەو نەشاردراوەیە

ئەوکات مشوری خۆیان خواردیە

لۆ هیشکەساری کاریان کردیە

ئەو هەمووو ئاوە بە هەدەر دەچی

کابانەک نەبوو فکری لۆی بچی

زمانیان هەبا ئەو هەردوو ئاوە

دەیانگۆت ژیرتان تێدا نەماوە

ئەگەرنا ڕۆژێ قەدرو دەزانین

کە مە سەرچاوەی ژین و ژیانین

دەوزانی چمان لەلایە لۆتان

بۆ نەوەکانتان هەروەک لۆ خۆتان

کانی ئەو دەستەی تەنکێشم بدڕی

ترسی نەبارین لە دران بسڕی

تا تێر ئاو بکا دەغر و بیستانی

منەتی خوا نەبی هی کەس نەزانی

چاوەڕێی ڕوحمی پاشای گەورەکات

چیدی لە باران نەکاتن شکات

ئەگەر ڕوبارە و ئەگەر بارانە

ڕزقە لە تەرەف خوای میهرەبانە

دەبا لەهەرلا جۆگە لێ بدرێ

با کەندێناوە و قەراج ئاو بدرێ

هەنگی دەزانن چ نەوعە خاکن

بۆ نەتەوەی کورد چ باب و داکن

بەرام سەد حەیف نیە ئەو هەستە

نیە ئەو بیرە نیە ئەو دەستە

کوردوستان بکات بە باغی ئیرەم

نەک بە بازاڕی عارەب و عەجەم

هەرچمان هەیە گشت هاوردەیە

لەمە کردەیەو لەوان بردەیە

خۆ ئەگەر سنور لێمان دابخرێ

دەبێ تورِ تورە بەجۆ لێبدرێ

هەیتمان و نیتمان سرقە لەگەڵ تور

دەک لێت بە زیاد بێت خاکەکەی مەخموور

# سەلامەک لە

سەلامی خودای بێ شەریک و تاک
لە ئێوەی بەڕێز داک و باب و کاک
لە مندار و گەنج لە کوڕ و کیژ و کار
داپیر و باپیر مام و برا و خار
لە دار و بەرد و هەرد و دەشت و دۆر
لە تەزرە و باران لە بەفر و سەهۆڵ
لە ئاوەدانی و لە دێهات و شار
لە دەشت و پێ دەشت لە شنەی شەمار
لە قەرەچوغی وەک پۆڵا وەستاو
سەفینە شێتەی مام شینەی خۆشناو
لە پیرەمەگرون مەقلوبی شێخان
لە خاڵ خاڵان و لە هەیبەت سەڵتان
لە مامە ڕوتە و پیران و بۆتین
خاکورك قەرەداغ لە گارە و مەتین
لە سپی ڕیزی بەرزی خەیلانی
حەمرینی کورد و چیای عەودارانی
هەورێ و کارۆخ و هەڵگورد و قەندیل
کۆڕەک برادۆست بارزان گردمەندیل
کۆسرەت و سارا و شیرین و هەورامان

گۆیژە و قەڵەندەر پیرمام و بێجان

چارچەڵی هەرکی و زۆزک و هەندرێن

لە دەشتی هەولێر شارەزوور بیتوێن

هەزار سەلامی مەردی و دلێری

دڵسۆزی و پاکی و لەخۆ بوێری

پێشکەش بە ئێوەی لە دران شیرین

هاوڕێی خەرمان و دۆستانی دێرین

سەلامی عەولای دەشتەکی بەڕاست

عاشقی دۆغەواو دۆینە و کەنگر و ماست

مامە سالحی لۆ ئێوە خەم خۆر

بێ تالع و بەخت خراپکراو بە زۆر

مامە نەوزادی کامیرا لەشان

هێمن و لەسەرخۆ دەست ڕەنگین و جوان

یارمەتیدەری عادلی لێخوڕ

چاپوک و چەلەنگ شەیدای ڕێگای قوڕ

مامتان حەمەدی سەربەرز بە ئێوە

وەعدی خەرمانە درا بە ئێوە

بۆ خەرکەکەمان دۆستی دڵسۆز بین

ئاوێنەی ووشە و دۆستی دڵسۆز بین

تا هێزمان مابێ درێغی نەکەین

چیتان لۆ چاکە ئەوەو لۆ بکەین

چاومانە ئەوەی کەسی خەرمانە

جێ ی لە سەرسەرەو لەناو درانە

لە ئێوە دوعا و لە مە شتی جوان

دووبارە ڕێز و سڵاو بۆ هەمووان

## بناری قەرەچوغ

هاوار بەبەر خوای دەبەم خوای ئاسمان و زەمینە

بناری قەرەچوغی پاکی ڕەشمار نشینە

چیغ و ڕەشمار و چادر کەند و جۆمیان گرتینە

شوانکارەی ڕێک و پسپۆڕ شێ محەمەدی ئەمینە

سمێر ڕەشی قەترانی بە تەکبیر و دووربینە

ڕەشماری شەش ئەستوندە قاپوتی گەبەردینە

سوارەکی هەند مەعلانە دایم هەسپی بە زینە

نان دەر و در فراوان سفرەی هەردەم ڕەنگینە

جار دەرێ ئەوەی هەرگرە بەو دەرێ ئەوەی بینە

یەک دەستشۆری لە دەستە ئەوی دیان مەسینە

خواردن بەربەسێریە کابان پلکە هەمینە

دەستاو تا برێ بەتام و خواناسە و زۆر بەدینە

کەوێ ماروکەی سۆرە کراس جورجێتی شینە

پاییزم لۆ پێ خۆشە فەسڵی ساوار کوتینە

کوڕان مقۆ مقۆیە و کیژ لە خۆیان خەفتینە

قۆرت و کوتک حازرە و جاحێر دەوری گرتینە

یەک دەرێ با مل خوار بێ ئەو دەرێ کوردەی بینە

دەنگ خۆش و لە مگێزە گەلەک دەستی ڕەنگینە

ئەستوک قەندەهاریەو  ترێش ڕەش و شیرینە

باراشی پیاوی فەقیر کوزر و بن جۆخینە

## قەراج واهاتم

هانام بەبەر تو خودایە

قادر هەرخۆت ئەکبەری

مەدەد شاهی مەدینە

ڕەسول و تاجی سەری

قەراج خۆت بگرە هاتین

لۆ سەر بێژینگ بەسەری

مەخشومە و گۆلگامێشە

لەگەر مەحمەر ئۆمەری

کلکەی دارە بزمارە

باقرت و هەوار غەری

خەزنەو سوڵتان عەبدوڵاو

مشار و دەوروبەری

سڵاو لە کاکی جۆتیار

لە سەپانی بەربەری

لە بنەگەو لە ڕەشمار

کابانی دیار مەنجەری

شەمار توخوا هەریکە

لەو سەر لەبۆ ئەوسەری

بینە لەرزین و سەما

شابسک و هەوری سەری

برا کۆرایم داهات

لۆ جاجم وتەشکە بەڕی

لۆ چۆم و لۆ ئاقارو

لۆ قوچەک و لۆغەری

لۆ پەرێز و هەوێز و

حوشترالوک و کەبەری

پاشۆلی کەنگر کەران

بەرامپیل و باغەری

لۆ دوزەلەی شوانەکەی

لە پێش مێگەلی مەڕی

ئاوە سارد و شیرنەکەی

جەوەندەی بن زگ کەری

سەیران لە حوسێنێ غازی و

لە گەلیەکەی مەنجەری

تاریکە شەوی زستان و

سەرما و شەختە و سەقەری

بۆنی دەشت و ئاقارو

کزە بای لە سەحەری

ئاگرۆکەی بەردەسێر و

سوالفەی پلکە ئەسمەری

کەرەمستێ ی جاحێر و

حەیرانی مام ئۆمەری

نرکەی هەور و گەوارە و

لورەی دەعباو سەگ وەڕی

ژوانی پشت کاولۆ و بیر و

لەودەی کاو قەسەری

ناسکەنانی سوبەینە و

داندۆکی ناو لەنگەری

نیسکە گەرم و گوڕەکەی

ڕون و پیاز وا لەسەری

شەغرە و قادە و بەن قادەو

هەوجارِ لەگەڵ جەنجەڕی

دۆی دۆدانەی بن گیشەو

ڕەشمارۆکە و سێبەری

کۆربم گەر لەبیرتان کەم

بمرم بە دەربەدەری

خەم ڕەوێن و لابەری

ئاهو دەردو کەسەری

## کاکی دەست کورت

هێ براینە بگەنە هانای
لۆی بکەن ڕاو تەکبیر
یاخوا خوا عەونەتت بێ
برای دەست کورت و فەقیر
جیرانت لاف لێ بداو
ئەتوش نەدار و یەخسیر
دەزانم در بەخەمی و
هەناوت ڕەشە وەک قیڕ
تۆ ڕوت و قوت و هەژار
ئەو لەبەر بکات کشمیر
پشت تەقەتبە بە تەئکید
خودا نەیکردوی لەبیر
بەس تۆزەک سەبرت هەبێ
خاڵقت نەکەی دڵگیر
نەکەی برێی گەدامە و
ئەوێهێ بووە بە میر
خواردنم نان و ئاو بێ
جێگام سەر بەر و حەسیر
تامەزرۆی پشکێ گۆشت بم

بەلای کەم شیوەکی تیر

بۆ ئەو هەیی بێ ژمارە

منیش نەمبیتن قەتمیر

لای خودا هەمووی یەکە

میر و پادشا و فەقیر

لە مەیدان نیە ڕوتبە

ئەو بەگەو ئەوەیان میر

تەرازوو شەرم ناکات

لە شێخ و پادشا و وەزیر

پیاوی خوا بۆ بەهەشت و

زاڵم بۆ بأس المصیر

لەخۆت خەنی ئەو ڕۆژەی

خودای سمیع و البصیر

دەتکاتە مێوانی خۆی

لەو بەهەشتەی بێ نەزیر

ئەوەی زوڵمیشی لێت کرد

لە صقر و لە سعیر

ڕووڕەش و خەجالەت مەند

پێ لە سندم و زنجیر

# دزە نەقۆراکە

نەمدەزانی وا پسپۆڕ و زیرەک و ژیر و مەعلانی

ئەوها زمان لوس و پوس و هەندە دەست سوک و فێرزانی

بە ڕۆژ زاهیرەن شەریفی جەردەی پاش نیوە شەوانی

باوەڕناکەم قاسە هەبێ بەڕێزتان باش لێی نەزانی

دەست و پەنجەت وا لە کارە وەستای هەموو وەستایانی

گیرفان بڕی ئەوەل باب و دزی کلی ناو چاوانی

تۆ نەک دزەکی لێهاتی دینەمۆی هەموو دزانی

لە دزیدا تاکت نیە شەش نەوعە دزی دەزانی

دزی ئەرز و ئاو و خاک وکەلتور و بیر و فکرانی

سەد حەیف و سێسەد مخابن هەموو کەس قەدرت نازانی

ماجستێرت لە دزینە ئەرسین لۆبیلی زەمانی

تۆ فێرکەری چەند دزەک نی مامۆستای فەوجەک دزانی

شەو و ڕۆژ لۆت فەرقی نیە عەلی بابای هەمەدانی

ناوبانگت دونیای گرتەوە جێ نمایە نەبیە میوانی

هەندەت تێدا داکردیە بە ڕەسیدی خۆت نازانی

ژمارەکەی هەند قەبەیە کۆمپیوتەریش نایزانی

بە زاهیرەن زۆر دەست کورتی زۆر فەقیر و بەستەزمانی

ناورانەوەت بویتە پیشەت لۆوەی کەس سڕت نەزانی

خوا دەزانی چ مارەکی ڕوح لەبەر نیە بزانی

وامەزانە خوا کە پێی دای موتەقی و زۆر بە ئیمانی

لۆوەیتی پێی سەرگەردان بی ڕێگای بەهەشت پێنەزانی

لەناو دۆزەخ و سەقەری هەرپەڕی لەگەر شەیتانی

## دەرێن بایع تەوزیع دەکریٚ
## (رازقی هەمووان)

هانام بەبەر تو خودایە

ڕسقی هەمووانت لەلایە

تازە ڕۆژ گەزەنگی دایە

مێگەل جاریٚ ڕانەدرایە

لە گوندی هەڵاو هەرایە

عالەم وا تێک قژ قژایە

کەس بەری بە کەس نمایە

گەورەو گچکە لێک ئارایە

عاسمان بۆر داهەرگەڕایە

نازانی تۆزە یان بایە

هەر بابایە خۆی پێچایە

فەردەی لەبن هەنگری نایە

ئیختیار پشیان هەرمایە

پیرەژن دەرێن وەی دایە

زەلام دەرێن وەرنەولایە

ڕەژبگیریش هەر ئەوهایە

هەندەک تفەنگیان هینایە

خەنجەریان لەبەر پشتی نایە

بەتەئکید ئەورۆ غەزایە

لەلایەک دەورە دوعایە

لەلایەک شایی و هەرایە

لە ئەولای دۆر و زورنایە

لەلای دی دوزەلەو نایە

هەیبەت بەرانپیری دایە

عوسمان شەدەی لەسەرنایە

برایم دوو جواری هینایە

دەرێ ڕێم بکەن ڕجایە

هەتا سەبرم لەبەر مایە

جەمیل قەدەمی شکایە

چیە پشدێنی نەینایە

مەجید هاواردەکا خودایە

لۆخاتری سوڵتان عەولایە

بێبەش نەبین لەو هەڵایە

جاش ماکەری مام سەر ڕەق

لوشکەی لە سایبری دایە

شەویلاگی تێک شکایە

لە دورڕ ماریێ بەجێ مایە

ئەحمەدە نەتەی بەردایە

دەفتەر نفوسی دڕایە

بایز دەماری گیرایە

شەفتی ترومبێلی شکایە

هەندە نەفەرەی لێدایە

جێی مەنجەرەک ماست نەمایە

لەگەر شەریفی هەرایە

کو جێ لۆ بەگمی نەمایە

وەسمان سەبری لێ بڕایە

دەریێ بابە سەد خۆزیایە

بەپێیان هاتبامایە

بڕوا بکەن هیچ نمایە

بەشی هەمووومان خورایە

تا کار لەکار نەترازایە

بابگەمە عەریف تەهایە

لۆمان بچیتە ڕجایە

بریێ تازە ژنی هینایە

عەشتەبایەکی نمایە

لەولای هات حاجی عەولایە

سەری لەو خەرکەی سوڕ مایە

دەرێ چتان لێ قەومایە

لۆ وا ئۆقرەو لێ بڕایە

خوا نەکا شتەک قەومایە

کاکە خەتای سەعدوڵڵایە

لەناو گوندی جاڕی دایە

بەو نێڕوانەی قەرار درایە

ڕون و شەکر تەوزیـع کرایە

هەندە برنجە هاتیە

لە عەمباران جێ نمایە

ئاردە سابون دەرمانچایە

بەبەر ئەو خەرکەی وەکرایە

فلس بی وەرنەگیرایە

ژن و زەلام هەر بابایە

ملی لە کۆدەرەی نایە

چاکە کەسیان نەخنکایە

بڕواکەن خەونە دیترایە

ئەو خەرکە هەرخەرەتایە

شتی وا لەکێ کرایە
پەندی کۆنە کە گۆترایە
بگەنێ کەباب برژایە
دیتیان کەرە داغ کرایە

## ڕاپەڕن

ئارام و بێ ئەوا هاتم
نەمامی شادی دەڕوێنم
چەپکە گوڵی وەفاداری
بۆگشت عاشقان دەهێنم
ڕەگ و ڕیشەی دووبەرەکی
لە زەویەکانا دەردێنم
یادگاریە ترش و تارەکان
یەک لەدوای یەک دەسوتێنم
ئاڵای خۆشی و سەرفرازی
لە هەموو شوێن دەچەقێنم
لانکی کۆرپە چاوگەشەکان
تا بەیانی دەهەژێنم
سۆزی لای لایەی دایکانم
کۆرپەکانتان دەخەوێنم

شەماڵی مانگی گوڵانم

بۆنی ئازادی و بۆ دێنم

بەڵێنی عەهد و پەیمانم

خۆزگەکانتان بەجێ دێنم

نزای دایکی شەهیدانم

هەرەس بەزۆرداران دێنم

بێ نازەکان بنوون بێ خەم

من دەست بەسەرتان دادێنم

نەمامی ئاشتی و ئازادی

بۆ دوارۆژتان دەڕوێنم

بۆ هێنانەدی ئاواتتان

نوستوەکانیش واگا دێنم

گڕی زگە سوتاوەکان

بە تۆڵە دادەمرکێنم

پەرەی پایزی پڕ ئاوم

تێنوی خاکەکان دەشکێنم

تروسکەی خۆری بەیانم

تەم و مژان دەڕەوێنم

بە زەبری بازوی ڕۆڵەکان

کۆت و زنجیر دەپچڕێنم

بۆ سەندنی مافی میللەت

وادەبێ من نەدەم بێنم

هەورە تریشقەی تۆڵەمە

گوێی بەدکاران دەتەقێنم

بەفر و باران و کڕێوەم

تۆقێنەران دەتەزێنم

عاشقی چیا و ئاو و گڵ و

وەرد و پێ دەشت و چەقێنم

شکتان نەبێ لە قسەکانم

خاوەنی وادەو بەڵێنم

پشت بە خودای تاک و تەنیا

قڕان بە ناحەزان دێنم

تۆڵەی خوێنی شەهیدەکان

بە نوکی نێزە دەستێنم

ئەژدەهاکی خوێن مژی کورد

بەو دەستانە دەخنکێنم

ژیان بە دوژمنانتان تاڵ دەکەم

بڕبڕەی پشتیان دەشکێنم

ملی خائینانی وڵات

بە تەوری حەق دەپەڕێنم

بازووی ئەم ڕەش و ڕوتەمە

من تەکانم ئەمن تێنم

ڕێبواری دەشتی قەراج و

زاخۆ و هەولێرو بیتوێنم

تۆفانی شاری قوربانیم

سەفینی دوژمن تۆقێنم

زریانی پیرەمەگرونم

چۆک بە دوژمنان دادێنم

داستانی زۆزک و هندرێن و

خواکورک و گایەرە و مەتینم

هێزەکەی دەشتی هەولێرم

قەندیلی دوژمن هەژێنم

ئاگری نەورۆزەکەی کوردم

کاوەی ئەژدیها بەزێنم

سەربردەی مەمی ئالانم

چاوی بەکرۆکان دەردێنم

ژیان بە دوژمنانتان تاڵ دەکەم

دەردەکی وای بەسەر دێنم

ڕەشەبای شاری حاجیمە

کۆشکی زۆردار دەڕوخێنم

خەنجەری بابە گەورەمە

تەنکێشی دوژمن دەدڕێنم

بەردە قارەمانەی شێخم

کەلە سەران دەپڕژێنم

تۆپەکەی وەستا ڕەجەبم

نسکۆ بە دوژمنان دێنم

بڵێسەی بابە گوڕگوڕم

ڕوبارەکەی گاڕفێنم

مەولود نامەی مام ڕەشادی

هەولێری دوژمن فەوتێنم

گەر دەپرسن ئەمن کێمە

مامە خەمەی خەم ڕەوێنم

من ڕاپەڕینی ئەم گەلەم

سەرفرازیتان بۆ دێنم

# تێنی خودا

ئەگەر هەوا دەستگیر کرابا
شکتان نەبێ دامان دەکرد
زیرەکانە و پسپۆڕانە
وەک برایان بەشمان دەکرد
ئەمن هەندەک عەولا هەندەک
ئەوەی مابا سالح دەیبرد
ئەو دەخنکێ ئەو پەل داوێ
خوا دەیکرد هەر هەموو دەمرد
چار و لەودەوکەند و بیر و
هەمبانەشمان لێ پڕ دەکرد
لەبیرمان چوو ئەسحاب الفیل
چ بەزمیان بەو خەرکەی دەکرد
خێر و بێری ئەو وڵاتەی
بە دزی و بە تاران دەبرد
لۆوەی بەخۆیان میرکوڕ بن
هێرەیان بە میللەت دەکرد
بەبەشی لات و هەژاران
قەڵا و کۆشکیان دروست دەکرد
کێ حەدی بوو برێتن لەل

زمانیان لەبن قوت دەکرد

هەتا بە کوشتن ڕادەگا

زیندە بە چاڵیشیان دەکرد

هەر پێنج فەرزە سەر لە سوجدە

ئەو عالەمە دوعای دەکرد

ڕزگاریان بی لەو فیرعەونەی

خینی میللەتی فڕ دەکرد

نەیدەزانی شەقی خوای دێ

حیسابی لۆوەی نەدەکرد

لەناوبەری تاغوتەکان

چی بە ئەبرەهەی ئەشرەم کرد

بە باڵداری ئەبابیلە

سوپاکەی تەفر و تونا کرد

خوای بەتین و تۆڵە ستێن

تەخت و عەرشی سەراوبن کرد

کۆشک و قەسر و ژێر زەمینی

لۆ سەعاتەک ستری نەکرد

هەروەک قارون هەرچی هەبوو

لە ناخی زەوی نوقم کرد

ئەو خودایەی تاک و تەنیا

چۆن زوڵمی لەخۆ حەرام کرد

بە شەو و ڕۆژ لە مەلاسە

لۆوەی خەرک دەکاتە پرد

بە دەردی هامانی ببا

ئەوەی مافی کەسەکی برد

## ژوانگە

لە مەقامی قامەتی تۆ

لە نێو میحرابی چاوانت

پەنام بردە بەر قاپی خوا

ئەمشەو بمکات بە میوانت

مەیلی دیداری ڕوخسارت

سەبر و تاقەتی لێ سەندم

تامەزرۆی کردم بەجارێ

گوفتاری شیرین زوبانت

دەردی فیراق و بێکەسی

غەلرقم دەکات لە دەریای غەم

دەسوتێنێ دڵ و دەروون

ژوانگەی چۆل و وێرانت

کوانێ نیگات؟  کوا ڕوخسارت؟

کوانێ خەندەی شەکەرینت؟

لەکوێ بێنم شەمعی جوانیت

ڕوناک کات شەوی هیجرانت

گەر بە دوعا و قوربانیە

ساکین ببێت ئازاری دڵ

نەوەک جارێ ڕۆژێ سەد جار

ڕوحم دەکەم بەقوربانی

## بوارە جۆت

هانای بەبەر خوای دەبەم

دومین بەبەر سوبحانی

بوارە جۆت لەکێ خۆشە

لە ئاقاری تەرجانی

دەنگت بێ برای جۆتیار

لەگەر گەردی بەیانی

دەست بنێ لە بنا گێت

تێی هەرکە لە حەیرانی

هەردرە زگی عەردی

بە پسپۆڕی و مەعلانی

شوکر لۆ خودای گەورە

خۆت وەرزێر خۆت سەپانی

منەتی خودای نەبێ هی کەسی دی نەزانی

خاکت دڕ و گەوهەرە

فەرزە قەدری بزانی

زێڕە خۆر و کەستەکی

یاقوتە دەغر و دانی

بینە تیلاکی سەرت

کرا و جەمەدانی

دەلینگتی لی هەرکە

برا بەو نەوعەی جوانی

یاخوا نۆشی گیانت بێ

هەرمیشک و ناسکە نانی

ئاوە شیرن و ساردەکەی

کوندەی سەر کوندەرانی

هەست لە برای خۆت ڕاگرە

بە دیقەت و بە جوانی

توخوا ئیشی ئەورۆکەت

قەت مەیەخە بەیانی

کاکە فورسەت جارەکە

یازوخە لەدەست دانی

ئەگەر بەگێی من نەکەی

بە تەئکید پەشیمانی

بارکە بڕۆ عەوێنەی

دەنا لۆ شیخ شێروانی

## چاکە غەریبە

هانای بەبەر خوای دەبەم

دومین بەبەر جەباری

سارەکەمان نەهاتە و

باران دیارە ناباری

دەچمەوە جێی باپیران

ئۆقرەم نەما لە شاری

سەبر و تاقەتم لێ بڕا

دوور لە کاو لە هەواری

ئاوەدان بی شەمامک

گوند و دەشت و ئاقاری

چەند خۆش بوو دەمە و عەسران

دامەکەی بن دیواری

بوارە جۆتی سوبەینان

لە زورگی بەرزەواری

ئاوەدان بێ عەوێنە

زورگ و دەشت و ئاقاری

شاپی پێش خەستەخانە و

قیڕ و هۆڕی منداری

مام دەنوون بە زوڕناکەی

ئیسۆ لەگەر شمشاری

کەرە مستانێی شەو و

بگرە و بەردەی ئیختیاری

بانگی نوێژی مەغریبێ

بابی سمایل حەراری

قەسپی مام سەر سەبەتە و

خمی عەلی شاماری

چاکە غەریبەی ناو ڕەز

لۆ لەرز و لۆ تاداری

مشت و موڕی جاحێران

لە دیار قۆرتی ساواری

دەنگ و سەدای مام کوردە و

دەست و کوتکی مل خواری

بەزمی سابیرە کۆر و

کەڕە و هات و هاواری

خواگیران لێیان تێکداین

بەزۆری و بە ناچاری

تێکیاندا جێی باپیران

سوتاندیان شەقرە و داری

خودایە لۆ خاتری ئەوەی

قورئان لۆی هات بەدیاری

بەیەکمان شاد کەیەوە

لە دەشتی شیوە شاری

## پیره کەمتیارەکە

بڕوای پێ مەکەن دەخیلتان

ڕاست ناکاتن درۆزنە

بە ڕواڵەت بەبێ عەیبە

مخەنەتە گایەکەی بنە

هەندە ڕەزیل و قرچۆکە

لەگەر ددانی دوژمنە

هەتا برێی چاو لەدەرە

قسەی سەر زاری بەس ژنە

چاو پڕ لە کلی سوبحانی

پیرە کەمتیارەکەی سنە

هەر ڕۆژ لەپێش دەرگایەکە

ناورانەوە و سواڵ کردنە

بەت و دوزمان و فتنەچی

بەس لە ئاگر هەرکردنە

قسەک لەوێ و بەحسەک لەوێ

لە هینان و لە بردنە

هەندە پەرۆشی دنیایە

ڕۆژ و شەوی ڕاکردنە

سواری پشتی تەماح بووە

دزین و تاران کردنە

حەز لە چ کات زەفتی دەکا

دەرێ دونیا بەس لۆ منە

بشی کوژی داناکەسێ

بەس خەریکی داکردنە

دونیای تەنیا لۆخۆی دەوێ

دەرێتە خەرک ئەنگۆ چنە

وەدەزانی ئەو ژیانە

تەنیا گوریس ڕاخستنە

مەزرەعە و کۆشک و تەلار و

کەیف و سەفا و ڕابواردنە

بەرکی وی بە هیچ پڕ نابی

غەرەت نەبم بنی کونە

ئەگەر عومری نوحی هەبی

عاقیبەتی هەر مردنە

قوربەسەر خۆت و پارەشت

لەپاش مەرگت بەشکردنە

وەختی دەتدەنە پێشە خۆ

لەبۆ مەعشەر هاژوشتنە

لەبەر دەستی رب العیباد

وەستان و چاو شۆڕکردنە

ڕۆژی کەشفی کونیەکان و

حیساب و تۆرە ساندنە

تەشریف بفەرموو لۆ ناو وەیل

بیری ئاگری بێ بنە

شەڕابت کێم و سەدیدە و

بەری زەقومیش خواردنە

کانی ملکت کا سەروەتت؟

ئەورۆ هەمووت لێ دوژمنە

نەتدەزانی مەعشەر هەیە و

لە شیش دان و داغکردنە

کوڕی چاکبە نەچووە بچی

چارەی تو تۆبەکردنە

دەردت تا بڕێ گرانە

دختۆرت خودای مەزنە

لەسەر تو تۆبەی نەسوحە

لای خودا قبوڵکردنە

# گونده خۆشەکە

له گوندان کێندەر خۆشە

ماجید و مەلا قەرە

ڕووی لە زورگە زراوە

پشتی بێژینگ بەسەرە

خەم چار دەوری گرتیمە

در پڕ داخ وکەسەرە

تەبیبم لەبۆ گاس کەن

لێم بکا چارەسەرە

دەور و چار دەورم بگرن

سەر بە هەوری و لاسەرە

کەوێ و سەر کەوێ لەبەر

کراسی بە باغەرە

بەژن شترە ڕەیحانەی

چاو کارەی ڕەش ئەسمەرە

کەزی ڕستەی ڕەشمار و

ددان دڕ و گەوهەرە

بەعام دوعام لۆ بکەن

لە تەکیەی جلبەسەرە

بابی یارێ ڕازی بی

پێم نەکاتن تەشقەرە

بەبەرماریاندا ڕەت بووم

دیار بوو لە قەنتەرە

ناورامەوە لە کەرێ

دەخیلت بم مەزەڕە

خەرکم لێ واگا مەینە

وەزعەکە زۆر خەتەرە

لە شەرمان ڕوم وەرگێڕا

دەیگۆت هەشت بە سەرە

چەند قەپۆزی برندە

سمێر باسکە پێمەڕە

دەمگۆت غەدرم لێ مەکە

هەیتم نیتم ئەوکەرە

بڕەک سەبرم لێ بگرە

نەختت هەر مسۆگەرە

ئەو سارەکە نەهات بوو

لۆیە ئیشم پەنچەرە

شەرت بێ لۆت دروست بکەم

حەوش و تاق و پەنجەرە

دەیگۆت وای لەخۆت خەنی

لە خۆشیان هەر هەرپەڕە

# بڕوای پێمەکەن

پێمان سەیر بوو کە دەتگۆت تۆ دڵسۆزی نیشتیمانی
باوەشە گەرم و نەرمەکەی بێ باوک و بێ دایکانی
درە پڕ سۆز و ڕەحمەکەی لات و ڕووت و ڕەجارانی
داڵدەی هەموو بێ داڵدان و هێلانەی بێ جێگایانی
هەرگری ئارای یەکسانی و مۆمی داگیرسای شەونی
دەست و دەروون پاک و حەق و پارپشتی حەق خوراوانی
سێنەری مافی هەر هەموو بێ چارەو بێ نەوایانی
گزنگی ڕۆژی نەجات و ئاسۆی دەم کەلی بەیانی
سومبلی خۆشی و بەختیاری بزەی لێوی مندارانی
پاروە نانی دەوی برسی و لێقەوما و هەژارانی
باوک و مام و خار و برای هەر خۆت کەسی بێ کەسانی
شمشێری ڕوی دوژمنان ورۆستەمی مازندەرانی
تاسبی سەری زۆردار و لەناوبەری خائینانی
عاشقی هەردەم کەلەپچەو زنجیر و بەندیخانانی
شەوی دەیجوری خۆ فرۆش و پەتی ملی دوو ڕوانی
پاسەوانی هەردەم واگای بکوژی جەردە و دزانی
خەم خۆرەکەی خەم خۆران و ستەم لێکراو داماوانی
خورەی ئاوی تاڤگە و کانی و مانگە شەوی بەهارانی
قەرای سەختی ڕوی دوژمن و قین لە در و خوێن خۆرانی

عاشقی حوجره و مزگەفت وشەیدای حەدیس و قورئانی

تۆبەکاری تەکیەی گەوره و مریدی گشت مریدانی

بستەک لە هێروەی خدری دوژمنی جن و شەیتانی

هەرگری ئارای تەریقە ولەمە چێتری زەمانی

ناری و نالی و حاجی و مەحوی دڵدار بێکەس بێسارانی

خانەقا و تەکیە و قۆناغی ڕێبواری بی جێ و مەکانی

زۆزک و سەفین و هندرێن و قەرەچوغ وعەودالانی

مەتین و گاره و کۆسرەت وسەفینەکەی خۆشناوانی

زورگەزراوی دزەی و بێژینگ بەسەری شێروانی

هەوره تریشقە و کڕێوەی زریان و باو بارانی

دم دمی خانۆی لەب زێڕو قەرای سەختی مەریوانی

کلی چاوی کیژۆران وشەنگ و تاقەتی لاوانی

جێ ژوانی خاتوو زین و سۆزی مەمەکەی ئالانی

بەلۆرەی کەنگرکەران و گاسنی جۆتی جۆتیارانی

گەنج خەلیلی کاوێس ئاغاو حەیرانی حەسەن حەیرانی

بەهار ئەوها دەینیە چۆکان کەس بە حیسابی نەزانی

نامینی ئەو ڕۆژەی مندار لە دەرکان دەن لەبۆ نانی

فەقیر ئەوها حار خۆش دەبی ئاغا دەگری بە سەپانی

دەتەوێ کێ لە خشتە بەی؟ کەس هەیە سنفت نەزانی؟

هەرپەرست و مادەلاچی وەستای خڕ ماستاو چیانی

خۆ ڕاپێشکەری زمان لوس ئەسکوی ناو هەموو دیزانی

فرچکت بە دزین گرتیە عەشقی فەرهود و تارانی

دەست پاک و چاو تێری کێندەر سەر دەستەی هەموو دزانی

قەلبت جەڕ و مەنگەنەیە ڕێ نیشاندەری شەیتانی

وەعدی ڕاستت لەلا نیە لە درۆ زیاتر هیچ نازانی

دۆکەی خۆمان پڕکرد لە خۆر کە ئەتومان بە پیاو زانی

ئەوەی بڕوا بەتو بکات هەش بەسەرە هیچ نازانی

نابی کوڕی ئەو خاکەی بی بە ئەسڵ ئیڵا ئەفغانی

بڕۆ سیروان نیوەی ڕێت بی ڕەبی بە دەردت نەزانی

# مام وانەک

هانای بەبەر خوای دەبەم

زۆر گۆتن قورئان خۆشە

لە ئیشی خێر بەولاوە

مەعیەن بی مایە و بۆشە

هەش بەسەری ئەو کەسەی

دری بە دونیا خۆشە

دایم غەرقی خەیاڵە و

دەم و سعات سەرخۆشە

کەنگی برێ بێ عەیبم

لە ناخەوە نەخۆشە

شەو و ڕۆژ لە غاردانە

بێ سەبر و بە پەرۆشە

جار تاجر جار قاچاخچی

جاریش وانەک فرۆشە

هەر ڕۆژ لە دەرگایەکە

تامەزرۆ بە کڕنۆشە

گێل و کەم عەقر و نەفام

بێ ئیدراک و بێ هۆشە

سوک و بێ سەنگ و چروک

چەشنی پنچکە پەرۆشە

عەقری خەرکی لەسەرن

هی ئەویان وا لە کۆشە

بێ بەرابی بازاڕی

دایم گەرمە و لە جۆشە

کەنگی گاسی کەی وانەک

هەنگی زیاتر پێی خۆشە

پێی دەرێی کاکە نێرە

ئەو هەر دەرێ بیدۆشە

# دوعاو نزای باب

سڵاو ڕۆڵەکەم بینایی چاوم

هیوای دوارۆژم هەڵگری ناوم

یەزدانی مەزن پشتیوانت بی

نەتبینم کەساس هەتاکو ماوم

تا تۆم بوو ڕۆڵە سیق و دیقم کرد

شەو و ڕۆژ سوجدەم لۆ خودا دەبرد

بەهیوای ڕۆژێ لۆم ببیە سێبەر

لۆم بی بە چاو لۆم بی بە پرد

کە تۆ بووی ڕۆڵە ڕوح هاتە سەما

وەک تەیر باڵم گرت فڕیم بۆ سەما

سەرتاپای عومرم لە ڕێی تو دانا

تا بەژن و باڵام لار بوەوە و چەما

بەخێوم کردی بە کوێرەوەری

تا گەڵای تەمەن هەمووی هەڵوەری

بە ئومێدی وەی ئەو داری چاندم

ڕۆژێ لە ڕۆژان بخۆم لەبەری

زۆران جاران خەو نەدەچووە چاوان

بۆت بووم بە سەپان بۆت بووم بە گاوان

تەنیا لۆ ئەوەی تۆ بەختەوەر بی

بگەی بە دوارۆژ بێیتە ڕێز پیاوان
بڕیم دەشت و دەر بڕیم کەند و جۆم
جارێک وەک قەرەج هەندێک جار وەک دۆم
تا تۆم پێگەیاند بە دەردەسەری
ئەوڕۆش پێت شەرمە کە من بابی تۆم
ئەتوم پێگەیاند بە قوڕبەسەری
تا ئاو کەوتە چاو ددان هەروەری
بۆ مەرد و نامەرد چاوم داپۆشی
لەسەرچی ڕۆڵە لێمان بووی بەری
تا سەر سپی بوو بووم بە هێسک و پیست
هەر شتێک جوانبا من لۆ توم دەویست
کە دەستی خۆت دیت کەتیە سەر پێیان
لە غەیری جنێو هیچم لێت نەبیست
شەکراوم دا پیت دات پێم مەرگەموش
نوستم لەسەر خاک تۆ لەسەر ئارموش
هەروەک لە ئەزەل باوکیشت نەبم
بێ سوچ و بێ خەتا کردمت فەرامۆش
ڕۆڵە تۆ نەکەی خودا بدا پێت
لە دونیای ئەزەل فیردەوس بی جێت
ئەگەر چی قەت پیت نەحەسامەوە
گەردەنت ئازا بڕۆ ڕازیم لێت

# دێوانە

مان و نەمان لای من یەکە
کە من بێ بەش لە دولبەرم
چم لە مەسکەن و مەنزیلە
کە شەو و ڕۆژ دەربەدەرم
کوێرای داهات دیدەکەم
لە چاوەڕێی سەر ڕێی یارم
لە دەستم چوو تاب و تاقەت
قوڕی دونیا درا بەسەرم
کە کۆچی کردوو جێی هێشتم
مایەی ژین و ژیانی من
لە ئەو بەولاوە بترازێ
کەس نیە بێتە هاوسەرم
بکە ڕوحمێ بە بەندەی خۆت
ئەی خودایە ئەی سەروەرم
عەقڵ و ئیدراک لەسەر پەڕین
بوومە مەجنونی لەیلاکەم
سەر لێ شێواو و دەربەدەر
دێوانەکی سەودا سەرم

# كۆنە هەوار

کوانێ سەفا و بەزمی جاران

کوانێ خەندە و پێکەنین و

ناز و عیشوە و گفتی یاران

کوانێ لەنجەو لاری دولبەر

بۆنی مێرگ و مێرخوزاران

لۆ دیار نیە مەحبوبەکەم

لە ئاوای و لە ڕێی داران

دەینیتەوە بیر و هەستم

ڕوخساری جوانی نازداران

بۆنی پەرێز بۆنی ئاقار

بن جۆخینی دوای باران

دەربەدەرە لەیلای دڵم

چۆلە سەیرانگای بەهاران

خودایە کۆر بێت دیدەی ناحەز

لار بێت زمانی بەدکاران

ڕەفیقانم دوعا خوازبن

لە بارەگا و قاپی یەزدان

بینیتەوە ڕۆژانی زوو

گەڕە لاوژەی کوڕو کاران

# کیژەکەی مام تەها

هانای بەبەر خوای دەبەم

هەر ئەو پشت و پەنایە

سەلامی خەرمانی نیگا

کە لە دران هەرقوڵایە

پیشکەشە بە بینەران

لێرە و لەوێ و لەولایە

خزمینە مەمکەن لۆمە

هۆشم لەکن نەمایە

وەکی ئەو کەسەی دەرێن

تەیری لەسەری دایە

درم لە عەوێنەیە

چاویش لە گرد مەلایە

یار کار مامزەی بنە ساری

لێی بێ سەد ماشاءاللّٰەیا

چاو ڕەشەی برۆ کەوان

ئاگات لێی بی خودایە

ئۆبارم لە ملت پێناو

لێت دەکەم سەد دوعایا

زوبە خۆ بگەینە یارێ

تا ڕوحم لەبەر دایە

پێی بریێ لۆ خاتری کاکی و

غەوسی مار لە بەغدایە

بڕەک سەبرم لێ بگری

زۆرمان چوو کەممان مایە

خوا یار و پشتیوان بی

دێمە کن مام تەهایە

بە در دەناورێمەوە

دەکەم تکا و ڕجایا

بە خزماتیم ڕازی بی

کار لەکار ترازایە

دەنا سەرم هەردەگرم

لۆ ئەو چۆل و بەڕیایە

وەکی مەجنونە شێتەی

لۆ دوو چاوی لەیلایە

دەرێن چوینە داخوازی

لۆیە نەتەم بەردایە

خەتا و گوناحم چیە؟

چ بکەم خودا نەیدایە

مرک و مار و پارە وپول

لۆکەس تاسەر نەمایە

با حەوارەی خوای نەکەم

هیچ چارەی دیم نەمایە

وەسیەت بی ئەگەر مردم

قەبرستانم عاڵڵایە

## بێ ئەسڵ و فەسل

هانای بەبەر خوای دەبەم

خودای عاسمان و عەردە

غەمی عالەمێ یەک بی

خەمی براتان دوو دەردە

ئێش و کەسەر و ژانە

زەهیرە کوچکە بەردە

یەکیان خەمی دنیایە

یەکیش پیاوی نامەردە

تا برێی قەدری دەگری

لێی بقەومێ لۆی دەمری

چونکە بێ ئەسڵ و فەسڵە

لە پاشرا قاپت دەگری

پیاوەتی نایەتە چاو

لۆی برێژی بە لێشاو

هەر کە پشتت لە پاش کرد

لۆت ساز دەکا دەیان داو

تفو لەو نەوعە پیاوە

دایم دۆستی دراوە

دونیا هەموو ئاو بیبا

تەنیا خۆی لەبەر چاوە

## دەییوسەکە

دەکا ڕوت ڕەش بی لەگەر کاسبیت

کەست دەست نەکەت پیاوتر لەوی

کێ هەیە نەیناسی چ پشت مل پانە

بەگەری کەتی دەک ناوکت کەوی

زۆر عەیبە لۆتو بویە شاگردی

دیارە چاتر نی جەنابت لەوی

کەلکی نەبوو چی کرا لەگەرت

بەینی خۆمان بی ئەتوش هەر هەوی

بە زەرە فەرق نیە لە بەینتان

بە سەهو نەچم هینتری لەوی

ناوت گەیشتە ئێران و توران

پەلت هاویشتیە وەک زەرگە زەوی

خۆشیان هەرواسن تا دنیا مایە

لە تویان مەعلانتر بە دەست ناکەوی

لە شاخ و لە قۆچ نیکل فابریقەی

ئەوەت مەقسەد بوو با درت داکەوی

دە دەینی و دەبەی دەش دەبە و دەینی

هەندە لێزانی پەکت ناکەوی

گۆتیان شەو و ڕۆژ نوستنی نیە

گۆتیان لێڕاهات پەکی ناکەوی

ئەوەندە بە دری کەس مەغدور ناکەی

لەوەی خڵاس بی دەبەی لۆ ئەوی

دەرێن گازت کەن هۆ مامە وانەک

زەختت هەردەستی و لەوێ دەکەوی

جەنابت گورگی باران دیتەیە

تەحەمول بکە لەمنت نەکەوی

هەر هەند زەحمەتە تا گێت پڕ دەبی

بە قسەی فەسادان ئەبەد ناکەوی

ئەتو ناسراوی بە سینگ فراوان

تەنگاو نابی بە قسەی وی و ئەوی

دەشرێن بازاڕت ئەوەندە گەرمە

واسیدە نەبی بەدەست ناکەوی

وا بووی بە پسپۆڕ تازە چت دەویٚ

منەتت نما بە ئەو و ئەوی

مەگەر کابرایەک گەلەک بە شانس بی

ئەوجە ئەو ئیشەی لۆ ڕێک بکەوی

لێت مزگێنی بیٚ کە پیاوی دەیوس

چاوی بە بەهەشت ئەبەد ناکەوی

## بە هاری زوورگە زراو

هاوار بەبەر خوای دەبەم دومین بەبەر سەتاری

سەیران لە کێندەر خۆشە

لە زورگی دێمەکاری

ڕازاوەیە و دڵگیرە

هەرسیٚ مانگی بەهاری

گەوارەکی دەهینا

دوعام دەکرد نەباری

دەزانم چووینە کەنگران

کیژ و کاری کەنداری

ڕاوچیان غارە غارە

لە پیٚ دەشت و بناری

تاژیان لە ڕستی بەردا

گرتی دەشت و ئاقاری

سابا خۆشە دوزەلەت

در لەبۆی وا دەناری

مەڕ و بەرخیان تێک بەردا

لە کەندی شیوە شاری

یاران کۆرایم داهات

لۆ دامەی بن دیواری

ئاودەل و شینە و عەیشۆک

لەگەڵ ڕەحمان مل خواری

ئاوەدان کەندێناوە

ڕەبی هات بیتن ساری

قەراج یاخوا پیرۆز بی

ڕزگاربوونی یەکجاری

جوانە بنەگەو ڕەشمار

لە پێدەشت و بناری

چەند خۆش و بەلەزەتە

نوستنی بن ڕەشماری

کە گەوارە دایدەگری

باران بەگوڕ دەباری

قەرەچوغ تەم دایدەگری

دەبیتە شەوی تاری

خودایە لۆ خاتری خۆت و

ڕەسولەکەی موختاری

سەرفراز و ڕزگار بی

ئەو کوردە بە یەکجاری

تەبا و تفاقی میللەت

باڵا بەرز بێ داری

لەبەر سێبەری بژی

پیر و جوانکە و منداری

ڕوو ڕەش بی دوژمنی کورد

بمری بە شەرمەزاری

## لە خۆت بێ خەبەر

کە خودای گەورە پشت و پەنایە

ئەوەندەت بەسە و چیدیکەت ناوێ

دنیا زائیلە پشت بەو ببەستە

لۆ ماری دنیا خۆت مەخە داوێ

لەوەی زویر دەبی لەوەی دەتۆرێی

ژیان چەند ڕۆژە ئەوەی پێ ناوێ

که خوا ڕازقە و ڕزق لای ئەوە

خۆت بە کوشت مەدە ئەوەندەی ناوێ

ڕۆژ دەگەینیە شەو شەو دەکەی بە ڕۆژ

ژیانت غاردانە ناسرەوی تاوێ

واوەیلا و هاوار لە ڕۆژی حیساب

کە لە مۆلقە گشت دیدە و چاوێ

ڕۆژ لە تۆقی سەر ختمی ناو ئارەق

گشت پەرێشانە لۆ قومێ ئاوێ

حاکمی مەحشەر خوای باڵا دەستە

هەرکەس بە زمانی و تەرجومەی ناوێ

کردەوەکانت ئاشکرا دەبێ

جێگەت دیار دەبێ دەلیلی ناوێ

کا خەزنە و قاسەی پارەی بێ حیساب

کاتێ دەت دزی و دەتکردە ناوێ

نەتدەکردە خێر لێت نەدا زەکات

لۆ خزمەکی خۆت یان لۆ داماوێ

کە پێتیان دەگۆت فران دەست کورتە

دەتگۆت ڕاست ناکات هیچی پێ ناوێ

قەت ڕۆژەک نەتگۆت خودایە شوکور

لۆ ئەونیعمەتەی واکەتیە ناوێ

لەخۆت عوجب بوو برێ خوای منی

بەرەو ڕووی بچی تەنیا هەنگاوێ

با کەس نەنازی بە زەکات و نوێژی

بڵێ بەسمەو هیچی دیم ناوێ

گەر هەموو عومرت سەر لە سوجدە بی

ناکا نیعمەتی تەنیا یەک چاوێ

ماروێران لە خۆت و لە خەوی غەفلەت

کە قابز گەیشت لۆت لە ناکاوێ

سەری هەموو ڕێت لی بزر دەبی

ئەکید مردنە و سێ و دووی ناوێ

لەسەر سیراتی لە گیزان تیژتر

یالا یاڵاتە نەکەویە ناوێ

زەبانیەی دۆزەخ بەپێش خۆت دەدەن

ئەوەش جەهەندەم دەبڕۆ ناوێ

# ئاوەدان کەندێناوە

هانای بەبەر خوای دەبەم بە زیکری ناوەکانی

ئاوەدان کەندێناوە جۆم و کەند و شیرناوی

بناری قەرەچوغی بنەگە و سەیران و ڕاوی

سوارە و تەبارە و گیشە لەودە و بیری ڕوخاوی

کوارگ و دۆمبەران و ڕینکی شیرنی پڕ ئاوی

کەنگر و تۆرکە و کاردی هێلکە و ڕون بە دۆشاوی

لۆر و پەنیر و ماستی کەپەنک ڕەش و خۆشاوی

دۆینە و شلە ساوار و بەربەسێری و قوڕاوی

جەڕەکەی لە بن گیشە و ئاوە ساردەکەی ناوی

قەسپی کورد کوژ و حەلوا و تەنەکەی پڕ سەیلاوی

ڕەشماری شەش ئەستوندە و بە چیغ دەورە گیراوی

خێی سەر پشتی حوشتر و تەعالیابەی جەلعاوی

پارە بێلکە و دێوەرە و وارنە ترێی خۆشناوی

ژوانگەی پشت لەودە و بیر و مشت و مڕی پێناوی

خەندەکی باب خەلیفە و کەندەکەی کەندێناوی

مامە خەپەی دێوانەی پێیەکەی بێ پێڕاوی

بەزم و ڕەزمی دیوەخان سەماوەری جۆش دراوی

سەربردەی ئیختیاران وگەمە و دەست گەمەی لاوی

بڕنۆ و هەسپی کمێت و زین و رکێب و لغاوی

کارمامزی بناری زوری و قەتێی سینگ لە هەتاوی

گۆمە خڕێی قەپران و قاز و مراویەکەی ناوی

شوان و بێریەکەی چەلەنگ مێگەلی لە بێر دراوی

گەوارەی زگ لە عەردی و بارانی سەر بە کراوی

کزەبای پێش باران و شەوی ئەنگوسنە چاوی

کراسی باغەر لە چۆک قەزمەی دراو لێدراوی

زورگەزراوی نازدار و بای شەمار و خوناوی

هێرۆ و کنێر و حاجیلە و لاولاوەی تێک ئاراوی

بەلۆرەی کەنگرکەران گەزەنگ و خۆرەتاوی

چایەخانەی قاپ ڕەش و چایەکەی دێم کراوی

هەرچەند تەمەشای دەکەی پیاو لێی تێر نابێ چاوی

خودایە لۆ خاتری خۆت و حەبیبی شیرین ناوی

ئەوەی ناحەز بە کوردە ڕەبی ڕەش بی هەناوی

## ماده لاچی[1]

فیداي سەر و تیراکت بم

چەندە بە شەوکەت و شانی

تۆ پڵینگی تۆ نەهەنگی

ئەتو شێرەکەی ناو لانی

لە تاریکی شەوە زەنگا

شەمشەمەکوێرەی عاسمانی

تۆ خەم خۆری تۆ کەم خۆری

بە زەمیر و وژدانی

پشتی برسی و هەژاری

ئەمیری ئەرسەلانی

خولە پیزەی قامچی ڕەشی

ڕۆستەمی مازندەرانی

ئەتو لیرەی بانکە نۆتی

ئەتو سێبووری گیرفانی

تۆ مەرحەمی تۆ دەرمانی

عیلاجی هەموو دەردانی

شەوچەرەی شەوی زستانی

مێوژ و گیز بەڕوو و قەزوانی

---

١-مادەلاچی: پانکەرەوە

تریفەی مانگی بەهاری

شەماری بەر بەیانی

جار یوزباشی جاریین باشی

ساحێی ڕووتبە و نیشانی

هەر لەخۆی دێ تانج و نەجمەی

بریق و داری سەرشانی

دەنگ و سەدات هەندە خۆشە

عەین دەڕێی عود و کەمانی

بە شەو و ڕۆژ خەوت نیە

هەندە لە خەمی خەرکانی

چونکە دوژمنت پارەیە

بە بێ بەرگ و بێ گیزدانی

هەندە سەخی تەبیعاتی

حاتەمی تەی زەمانی

سەرت لۆ کەس پێوە نیە

هەند بە مروەت و ویزدانی

پێت برێن ڕوح دەڕێی فەرموو

چونکە نیەی قەت نازانی

حیسابی تو بەهەزارە

کەمی بە عەیب دەزانی

به هەق کوڕی بابی خۆتی

ئاوەدانە ئاگردانی

هی وەکی من لۆچ باشە

ئەگەر لۆت نەبتە قوربانی

کێ ناحەزە بەدەرحەق توو

کۆرەبی و لاربی زمانی

چ جێی لە دەرەوە نێشی

بە دەردی خۆشی نەزانی

## دۆشاو بە!!!

دۆشاوەکەی مامە خۆشناو

لە جێیەکی هیشکی بێ ئاو

بە وانەکت خاری سەرکۆت

لە جێیەکی پڕ کا و کۆت

ئەوجارەیان بە سەهو چووی

ئەوەیان قەت ئەتو نەبووی

لە کنە خۆ ئەتو هەیاسی

عالەمێ لە دوور دەناسی

دەزانی کێ زۆر دڵسۆزە

خەمخۆری ئاوایی و هۆزە

کو نەتزانی ئەوە کێیە

ئەسڵی چیە و کوڕی کێیە

ئەوەیان لەمە چێترە

گەلەک لەمە لەپێشترە

بە بابەوە قەرداریەنە

هەمووومان خزمەتکارینە

ئەوە گیان فیدای وراتە

جێی ئومێدە جێی ئاواتە

خینی خۆی دەکردە دیاری

لۆ مندارمان لۆ بەختیاری

ئەورۆ دەبی ڕێزی بگرین

لە زێڕ و ئاڵتونی بگرین

ئەوەیان ڕۆڵەی میللەتە

عاشقی سێدارە و پەتە

ئەوە نەبا چمان دەکرد

ڕوومان لە کێها لای دەکرد

ئەوەی گۆتی لۆوە دەکا

ئەو دکرەی لۆ پێمان دەکا

بە ڕاست و چەپ بیدە بەر شەق

هەی پیرە گەمبۆری سەر ڕەق

پێی برێن کەنگی فێر دەبن

لۆ ئەوەندە بێ ئەدەبن

لۆ قەدری گەوران ناگرن

هەموو دەم پەنگر و ئاگرن

کو دەرێی عالەم برسینە

ئەنگۆش هەر لەدوو کورسینە

دەپێم برێ لۆوە دەکەن

ناحەزانی پێ خۆش دەکەن

توخوا ئەگەر تەخسیر بکەی

خۆت لەبۆمە مەغدور بکەی

فرسەتە و هەرکەتیە لۆت

گۆ وا کەتیتە بەر قاشۆت

باژۆ هەتا خۆت دەرێی بەس

گێ مەگرە لەبۆ قسەی کەس

ئەوەی ئەوڕۆکە وا هەیە

بیبە کێ بابی سبەیە

پیاو نیە ڕێت لێ بگری

سبەی ڕۆژێ یەقەت بگری

منداری تو تێر و پڕ بی

هیمە با هەر برسی و شڕ بی

هەرچی دەبەی تەخسیر مەکە

کێ قسان بکا بێ ئەمەکە

تۆ بخۆ قالدر قۆو پراو

لۆمە زۆریشە نان و ئاو

پیرۆزی بی لێت کری زاخۆ

لەمەش کورتەکی پڕ پەمۆ

هەر لەخۆت دێ ڕوتبە و نیشان

تانج و نەجمەکانی سەر شان

قاسە و جانتای تو با پڕ بی

کێ پێی ناخۆشە سکتر بی

لێت پیرۆزبێ موستەهەقی

ماشاءاللە کە هەق و ڕەقی

قابیل تووە کۆشک و تەلار

چاو خوماری بە لەنجە و لار

سیقەت هەبی تاجی سەری

بێ تو ژین قەت ناچتە سەری

قوربانت بم دابڕە زەوی

ببە هەی لەمنت نەکەوی

لێخوڕە لگزز باژۆ هەمەر

لۆمە زیادیشە پیرە کەر

بەزم و ڕەزمت بەمە مەدە

سندانی سێ سەر لەمەدا

ببە هەرچی عەقرت دەگری

کێ پێی ناخۆشە با بمری

هەموومان لۆت ماستاوچینە

فیداو ڕوح لەسەر دەستینە

بە ڕوح و گیان دەبنە فیدات

ڕەش و ڕووت و برسی و لات

چاک و خراپ قوربانتین

بێ شک باڵا گەردانتین

دووربێ ڕەبی لە چاو و زار

لە فیتنەچی و لە سەگی هار

خودایە دوور بین لە پیاوی بەد

من حسودٍ إذا حسد

# پان کەرەوە

های تیرۆگ های تیرۆگ

دەستکردی وەستا جەنگی

ئەریٚ کابرا بەس نەبیٚ

گیٚڕ گۆڕین هەتا کەنگی؟

ناترسیٚی لیٚت جام بکات

بکەویە سەر چار چەنگی

خۆت گەلەک پیٚ بە وەزنە

نازانی چەند بیٚ سەنگی

بەسە بڕەک تیٚفکرە

لۆ ئەوەندە دەبەنگی

هەردەم لەسەر پەتیٚکی

بە کڕی و بەبیٚ دەنگی

دەست نەما هەرنەمژی
یازوغ برێن تۆ هەنگی

لە ماستاو ساردکرنەوە

ئەشەدەن زۆر چەلەنگی

بەهیچ نەوعەک تیٚر نابی

تۆ حوتی یان نەهەنگی

لۆ شەڕە کورسی و مەنسەب

بین باشی چ سەرهەنگی

زمان لوس و لوس و پوس

هەلپەرست و چاو تەنگی

خەرکی هەرکەسە و ڕەنگەک

جەنابت ڕەنگاو ڕەنگی

دونێ لای چەپت گرتبوو

ئەورۆ لۆ ڕاست دەلەنگی

لە پێناو بەرژەوەندیت

بە شەو و ڕۆژ لە جەنگی

برا واللە جی دێلی

بە رووڕەشی و دلتەنگی

چت نەما شاراوەبی

دوکانی بێ خەپەنگی

# کەرەکت بوو .. خەمەکت بوو

بەیانیت باش هاوخەمەکەم

خێرە وا نەتەت بەردایە

هێز و توانا و دەنگ و سەدای

جاری جارانت نمایە

کا گەوزینت کا زەڕینت

دەستت لۆ لەخۆ بەردایە

عاجز غەمبار مەلول کەساس

دەستت لەچۆک وەرینایە

سەر کەلەت بی زەوەر بووە

گورینگی پیوە نمایە

کورتانت پڕ لە پینەیە

قەوچ و قەراچەت پسایە

پشت و ملت پر پینەیە

پاروت لەسەر داوەک مایە

چاوەکانت لێل و شێلون

چار پەلیشت بێ نار مایە

کا دلبەری چاو خومارت

ئاگات لە ئەویش نمایە

زەڕین خوانی ماکەران بووی

یازوغ هەستت لێ بڕایە

تێم ناگەینی لۆ وەدەکەی

دەپێم برێ چ قەومایە

لە بیدەنگیت وەختە شەق بەم

مەشارەوە چ رووی دایە

ئەگەر گازاندەت لەمنە

ئەوەی شک بی بەخۆم نایە

بڕوا بکە تاقانەکەم

لەبۆت هیچم لەدەست نایە

دەزانم گەلەک مەغدوری

کردەی تووە بردەی گایە

ئاخوڕی وی پڕی جۆیە

هی توش هەمووی زبر و کایە

ئالیکی وی مسۆگەرە

توش چاوت لەولاو لەولایە

کورتانی تو ساف قەسەرە

جلی وی دەستکرد بەغدایە

جێی وی لەوەڕگاو پاوانە

حەمباری لۆتو دانرایە

کەنگی ئەوها دەم چەفت بووی

وادیارە خۆت بەبیر نایە

جۆتکەت لەهەر کەسەک دابێ

بە عاستەم روحی پێ مایە

یان کۆر بووە یان هێڕ بووە

یان پیاوەتی لەدەست دایە

ئەگەر چی لێ نەهاتبێ

شەویلاکی هەرزڕایە

ئەدی گیانە قەمپارەکەت

کارەساتە نەک بەرایە

لۆکەس دانەینی مار وێران

ئەگەرنا حەقت خورایە

مەعیەن ئەوەی بەتو دەکرێ

بە هیچ کەرەکی نەکرایە

ئەو دونیایەش هەتا سەری

لۆ هیچ گایەکی نمایە

یان ئەوە مردار بوویتەوە

یان کوژرایتەوە خورایە

دەست بەرداری مافت نەبێ

هەتا ڕوح لە جەستەت مایە

پێ کۆر بکە لە یەک قەرار

غەدری گەورە لەتو کرایە

بە زەڕینت بینە لەرزین

گا و گۆلکی ئەو دونیایە

بە فیدای چاوی خومارت

ئەوەی کەیفی بەتو نایە

قوربانی بەژن و باڵات بی

ئەوەی لەتوی لەزگ نایە

## خەرمانی نیگا

خۆشەویستان وا هات خەرمان

بە تەوژمە و ڕێگا بڕە

شەوچەرەی کۆڕی یارانە

لۆکس و لالە و چەپکە گورە

بۆ مرۆڤی نمەک حەڕام

ئاگرەکەی بابە گوڕگوڕە

دەزانی کێ حەق پەرستە و

کێش دایم تیرۆگ هەرگرە

کی دەست پاکە کی دڵسۆزە

کێ دزە و کێهان قور بڕە

خەرمان خەرمانەکەی کوردە

پڕ یاقوتە پڕ لو دوڕە

لە قسەی ڕاست بنی نایە

شوکر لۆ خوا هەردەم پڕە

دیسان واهات زۆر لە جۆشە

بە تەوژمە و زۆر لە گوڕە

لە ئاست مرۆڤی بی ویژدان

وا مەزانن لال و کڕە

هەر ببینی زوو دەزانی

کێ مل پانە و گیرفان بڕە

دەزانی کێ هەق پەرستە

ئاشکراش دەکا کێ منجڕە

هەندەک وەک ماری ژەهراوی

بەبێ هەست و کڕ و سڕە

هەناوت لۆی دێتە هەژان

هەندە مار وێران و شڕە

ڕەنگ نیە بای خۆی ببینی

چەشنی گورگ و سەگی دڕە

دێتە بن گێت تەفرەت دەدات

قسەی هەندە گەرم و گوڕە

لەپاش ملەش مل شکێنە

نەک سیخوڕەک سەد سیخوڕە

چاو برسیە مشەخۆرە

لە چەشنی کلۆی پێ کوڕە

هەڕاجی کەی لە مەیدانێ

نرخی تەنیا یەک پانقرە

هەرچەند هەولدەی ناگۆڕێ

هەتا دەمری عەینی کوڕە

دەمم و سەعات لە جوڵەیە

وەک مالۆسە خڕ و پڕە

لە داکردن زۆر مەعلانە

بزن مشکە و گۆڕ هەردڕە

خودایە میللەت بپارێزی

لەو چەشنە ئاگر و پەنگرە

## سەری بێژینگ بەسەری

هاوار بەبر خوای دەبەم دومین بەبەر غەفاری

دەمگۆ زەینێ خۆ بدەنە قەرەچوغ و بناری

سبحانالله کە جوانە بنەگا لەگەر ڕەشماری

خۆشە لۆر و پەنیری هەرسی مانگی بواری

سەری بێژینگ بەسەری کە دەگری تەمی تاری

هەور گێ لە عەرد دەنێ هوردە هوردە دەباری

تەڕ دەکا جاجم و لباد خوناو لەگەڵ خوساری

دیتە خوار هوردە هوردە بە ئەستوندەی ڕەشماری

وەختی ڕۆژیش ئاوابوو دەبیتە شەوی تاری

دێتە گێیان سە ڕەو و لورەی گورگ و کەمتیاری

کە حەیوان لە یێر دەدرێ بەر دەبی بەرخ و کاری

کابان دێختە سەر ئاگر مەنجەری زنجیر داری

چەند جوانە دەست و ئەسکوی شیرنە قسە و گوفتاری

بەشەڕدێ بسک و شا بسک لەگەر بایێ شەماری

چاو ڕەش قەتێی قەراجی کار مامزەکەی مشاری

کراس مەلەسکتانە جورجێت پۆشی و دەستماری

کەوێ و بن کەوێی خامەک

مۆر لەگەر سۆری تاری

یاران تامەزرۆی کردم

ئەستوکی قەندەهاری

ئاگری سۆبەی قشپل و

خەوە کوتکە لە دیاری

قەسپ و میوژ و داندۆک و

حەلوای ئەحمەد عەتاری

حەیفم لۆ ئازی کەندی

لە بۆ دوازدە هەواری

گۆلگامێشە و چارگۆمان

باقرت و گردەهاری

چەرت و زوڕناو گرد گراو

خەزنە و تەرە مەتاری

ئەوسار سەری چەند سارە

گرتیتی هیشکە ساری

چۆلە دارە بزمارە

نەیمایە مرازداری

سوڵتان عەوڵار غەریبە

بی کوڕ و کیژ و کاری

خودایە لۆ خاتری مەککە و

مەدینە و شۆڕە سواری

بارانەکی پڕ ڕەحمەت

لەبۆ عامێ بباری

دری ئەو خەرکەی خۆشکا

پیر و گەنج و منداری

تەبارە بێتە پشدێن

لە پێ دەشت و ئاقاری

جۆم و کەند و لەند پڕکات

حەیرانی مام جۆتیاری

دران بینیتە سەما

کاکی شوان بە شمشاری

چارو عەمبار پڕ بکات

عومێرە و قەندەهاری

# بێ ئاگاکە

هانام بەبەر تو خودایە

لەتو زیاتر غەفار نیە

قورِ بەسەر وەی لە حزورت

موفلیسە و هیچی پێ نیە

تەمەن گەیشتە چل ساری

ئەوەی هەنجەت بی پێت نیە

عەقر و ئیدراکت کاملە

زەرِەک نوقستانی نیە

دە واز بینە لەو مەلعونەی

وەفاو راستی لەلا نیە

فکر لە حاری خۆت کەوە

غافری و ئاگات لە هیچ نیە

شەو و رِۆژ لە تێکە و لێکەی

خەو و خۆراکیشت نیە

لە شکلی دۆلار بەولاوە

لە مێشکی تۆ چیدی نیە

نوێژ و زەکات حەج و رِۆژی

بەرت بە بەریان وەنیە

ئەو عالەمە قرِانی بێ

هەند مەغروری پێت هیچ نیە

لاف و گەزافی چ لێدەدەی

قورِ بەسەرت هیچت نیە

هەرچی هەیە هی خودایە

کەس ساحێبی شتەک نیە

خەرک دەرێن زەینی بدەنێ

دەرێی کورِی دونێ نیە

ناو مار تورکی بە کەتەلۆک

ماباقی دی یابانیە

جار ئەمریکی جار ئیتاڵی

جار فەرەنسی جار سینیە

بەرانپیری داکی درِای

غەرگەی بابی لەبیر نیە

خەریکی بەزم و سەفایە

ئاگای لە دنیای دی نیە

چەندی برێی بێ ئەمەکە

وەفای لۆ بابی خۆی نیە

ئەو هەموو چاکەی لۆمان کرد

هیچی لەبەر چاوی نیە

لەسەر تەختی شای دابنێی

دەری ئەوجە ئەوە چیە

هەرچی لۆ بکەی بەلاشە

منەتی بەهیچ شتەک نیە

پشت بەو دنیایەی مەبەستە

چونکە بەقای لۆکەس نیە

ئەورۆ لۆ تو سبەی لۆ ئەو

هەتاکو سەر لۆکەس نیە

بە موی ڕەش پشیت خۆش نەبی

ئەجەل حەقی بەوەی نیە

زۆر زۆر بژی هەر سەد ساڵە

ئەکید عومری نوحت نیە

قوڕ بەسەر کاتی غەر غەرە

پەشیمانی دادی نیە

ئەو سەروەتەی پێی دەنازی

چارەی دەردی توی لا نیە

هەش بەسەر هەگبەت بەتارە

سرقیشت لۆ ئەولای نیە

ڕادەوەستی بەچاو شۆڕی

لە دوو جییان زیاتر نیە

یان دۆزەخە یان بەهەشتە

ئەملا و ئەولا لەوێ نیە

سەیری کونیەی خۆت کردیە

ئەوی خێربی تێیدا نیە

هەتا کەنگی لەو باوەڕەی

دەمری و وائاگاهاتن نیە

دەبی بەرە و سیڕات بڕۆی

ڕێگای قاچاغ لەوێ نیە

نە پاسەوان نە نۆبەدار

سەرە کۆران گرتنیش نیە

کورسی و مەنسەب داد ناداتن

ئەوێندەرێش ئێرە نیە

شەفیعی هەمووان حەبیبە

لەو نیعمەتەش بەشت نیە

حاکم تەنیا یەک حاکمە

ئەحەدە و شەریکی نیە

حوکمی قەتعی و ئەبەلبەدە

تەمیز و ئیستیئناف نیە

## شەوەک لە خڕە بەردان

هاوار بەبەر خوای دەبەم
دومین جار بەبەر یەزدان
توخوا قەت مەکەن لۆمەم
زۆر تارە دەست لێک بەردان
سەدان ڕەحمەت لە گۆڕت
کاکی من مەردی مەردان
چەند خۆش بوو کە ئەو ڕۆژەی
هاتینە لات بە سەردان
لە بناری هەڵگوردی
لە بنەگەی خڕە بەردان
کاتی ڕۆژ ئاوابوون و
میعادی مەڕ تێبەردان
چەندە بەسەبر و خۆش بوو
دانیشتنی بەر ئاگردان
قاسپەی کەوی پار شاخ و
دەنگی سوسکە و هەوێردان
تامەزرۆی کردم یاران
دامەکەی لەپشت لەودان
تەرەو ڕیوی دیوەخان
قاشوانێ و کێلە بەردان

تۆزەکەی پاش مێگەل و

کار و بەرخ تێبەردان

خورماکەی ناو هەمبانە و

قەسپ و کورد کوژی فەردان

ناحەز مات وێران بی

موبتەلا بی بە دەردان

جەمەکت تێر دە برسی

نغرۆبی لەبن قەردان

ئیشی خێرێ نازانی

غەیری خەرک تێک بەردان

حەیفە ڕۆژ تا ئێوارێ

پێت نەگیڕی باگوردان

سێ جەمەش مار کوژت کەی

بە شەق و بە تێهەردان

بوارە جۆت لەکێ خۆشە

لە ئەودی وی دووگوندان

کیژێ لێت موبارەک بی

کلچوک و کل و کلدان

پێناو حەوارەی خوای بی

بچی لۆ ئۆمەر مەردان

## نازدارەکەی قەپرانی

هانام بەبەر تو خودایە

خۆت ڕەحیم و ڕەحمانی

شەمار توخوا هەریکە

لەگەر گەردی بەیانی

بینە سەما شابسکی

چاو ڕەشی لەبەر نانی

ئەسمەرەی برۆ قەیتان

نازدارەکەی قەپرانی

چەند بڕێ حەریم گرانە

جێ دەباتە سەربانی

خودایە مرازی حاسڵ کەی

خوی و دەستە خوشکانی

کە پاشۆل گرێ دەدەن

پیشەقان لەسەر شانی

دەچنە کەنگر و کاردی

لە زورگی شێخ شێروانی

ڕەوت و ڕۆینی چەند جوانە

تاقانەی مام ڕەحمانی

ئاوەدان کەندێناوە

به عاڵڵا و سەرگەڕانی

دیوەخانی مام عەلۆ و

گەڕە لاوژەی شەوانی

سەرما و شەختەی زستان و

شەو زەنگی بەهارانی

چایخانەی مام قاب ڕەش و

چاکەکەی کاریتانی

تروسکەی چرای بنەگە و

ڕەشماری شوانکارانی

ڕەوە قەتێی سبەینە و

قاز و قورینگی عاسمانی

ترینگەی داس و قەرانگی

تێلەکێش و سەپانی

ژوان لە دارە بزمارە و

ڕاویش لە چار گۆمانی

ئەستیرەی کاروان کوژە و

خەوی سەر ئاغە بانی

# له چاوه‌ڕێی مزگێنی

هێ براینه بکه‌ن چاره‌م در پڕ که‌سه‌ر و داخم
لۆ گێ ناده‌نه ناره‌م هه‌ست راناگرن له ئاخم
جار ته‌ڕ و جاره‌ک هیشک ده‌رێی کانی چارداغم
ڕۆژه‌ک ساغ و سه‌لیمم گه‌له ڕۆژیش نه‌ساغم
سه‌رم سپی هه‌ر گه‌ڕا کوشته‌ی سوبغ و بۆیاغم
که‌سه‌ک نارێ چی لێ هات لۆ ناپرسن سۆراغم
دوور له بۆنی په‌رێز و جه‌وه‌نده‌و که‌له شاخم
حه‌یف لۆ کونده‌ران و جه‌ره و دۆدانه و جاخم
دوور له هه‌وجار و گاسن و له لاپووته و قه‌یناغم
سارد و سوڕ و خامۆشه دیوه‌خان و ئۆجاغم
دوژمنی پیاوی خۆڕی و هه‌رگری قۆچ و شاخم
له رکی خۆری کوسکێشان هه‌تا برێی به داخم
لۆ بیستنی مزگێنیه‌ک هه‌موو ده‌م گێ قولاغم
نه‌مردبامه ئه‌وجاره‌ش له ده‌شته‌که‌ی قه‌راجی
له دوو کار مامزه‌کی تاوم ده‌دا وراغم

## بەد بەختی

هاوار بەبەر خوای دەبەم
بەس بەخۆی دەکا چارم
لە دەست پیاوی نیوە پیاو
داماو و لەنگە بارم
در پڕ غەم و کەسەرە
مات و کڕ و غەمبارم
ڕووت و قوت و شان بە قوڕ
هەش بە سەر و قەردارم
جار بێ کورتەک و کراس
گەلەک جار بێ شەروارم
لات و دەست کورت و داماو
ئاشی بێ ئاوە مارم
داری خەرکی دوو بەرە
هی من بێ بەرە دارم
شەو و ڕۆژ داناکەسێم
عەین دەرێی گورگی هارم
ڕێ بی لەبەرم ناچی
وەکی هەسپی بی نارم
جار پینە دۆز جار بەقار

جار سەپان جار عەمبارم

ساحێب دە سەر خێزانم

هەندی برێن قورسە بارم

بە حەسرەت هەموو شتین

دایم بەڕک بەتارم

نیشان لە هەرچ دەگرم

کورت دەردەینی پەلارم

لە دوای لوقمەی ڕۆژانە

بە شەو و ڕۆژ لە غارم

جار لە دەشت و جار لە چۆل

جار لە گوند جار لە شارم

کەسم نەدیت بەبێ ئیش

ئەمن بێ ئیش و کارم

زۆرکەس باری گرت فڕی

ئەمنیش شکایە بارم

چەندی بناورێمەوە

هیشک بوو گەر و زارم

لە ڕکی پیاوی هەلپەرست

نما سەبر و قەرارم

وەهات لۆ ناچتە سەری

چاوەڕێ و ئینتیزارم

نە خۆزگەت بەوێ ڕۆژێ

بکەویە بن گۆپارم

دەبی هەندەت لێ بدەم

وەکی گەنمی بتهاڕم

دەردەکی وەت بدەمێ

گاسکەی هاوار بە حارم

## هەناسەی سارد

ئەو ڕۆژە ڕەش بوو تۆم تێدا ناسی

نەمدیت لێت غەیری وێلی و کەساسی

دەرچوو سەرجەلەت بزرە و نادیارە

بێ بیر و باوەڕ بەبێ ئەساسی

چەند سار دوات کەتم هیچم لێت نەدیت

ئەوەی هەشم بوو ڕێک و جوان دزیت

لێم بووی بە قاڕون سەروەت بێ ژمارە

منیش دەست لە چۆک ڕوت و قوت و قیت

لەوەتەی بیرم دێ گاڵتەم پێ دەکەی

شایی شێخانی و سێ پێم پێ دەکەی

کاتێ کە مەست بووی سەرت گەرم بوو

لەسەر حاری خۆم گەمەم پێ دەکەی

ساڵەهای ساڵە دەمخەڵەتێنی

ڕۆژ نیە یەکم لێ نەڕەنجێنی

دەتناسم هەرکە دەستی خۆتت دیت

بێ سوچ و خەتا وازمان لێ دێنی

چەندین ساڵە وا چاو لێت دەپۆشم

لە چەنگ سەختی ژیان زوخاو دەنۆشم

تۆ بە ڕەنجی من گەزاف لێ بدەی

منیش ناو مار و پێخەف بفرۆشم

کولە مەرگیە ژین و ژیانم

لە چەنگ بێ باکی تۆ پەرێشانم

ئەتو نازانی چ بخۆی چ بنۆشی

ئەمنیش ڕاوچیەکەی دووی پاروە نانم

دەبا زوو بزانم وامان لێ دەکەی

تەفرەمان دەدەی ڕێم لێ ون دەکەی

لە جیات سارێژ کەی زام و برینم

زەهیر و ژەهری ماری تێدەکەی

لە ڕاهی خودا یەخەمان بەردە

لە سایەت توکی سەریشم قەردە

من ڕۆژم هەمووی ڕاوی دینار بێ

ئەتوش پڕ بکەی خرار و فەردە

چەندیان پێ گۆتم بڕاوی پێ مەکە

ئەوەی خۆی بیەوێ هەر ئەوەی دەکا

هەرچی لۆی بکەی بە فیڕۆ دەچی

سپڵە و ناپیاوە زۆر بێ ئەمەکە

ئەوەی چاندبووم تۆ کردتە خەرمان

شیتاڵ شیتاڵ بوو جلەکەی بەرمان

تۆ لەجێی گەرم و نەرمدا بنووی

منیش سێ جرتی لێدەم لەسەرمان

هەرچیت پێ برێن پێی تەمبی نابی

چونکە مراوی ئەبەد تەڕ نابی

دەرێن فرچکت بە دزی گرتیە

لۆیە ئەو بەڕکەت بەهیچ پڕ نابی

سیق و دیقمان کرد هیچمان لێت نەدیت

لۆت مەیسەر کرا هەرچیەکت ویست

ماشاءاللّٰەت لێێ دەرێی بیست ساری

ئەمنیش ڕەق و تەق چەنگەک هێسک و پیست

دەتگۆت ماست رەشە دەمگۆت ڕاست دەکەی

دەتگۆت وادەکەم دەمگۆت چاک دەکەی

هەتا بێژینگم بردە بن چێرێ

هەقتە ئەو ڕۆژەش وازیم پێ بکەی

مندارت بخۆن لەوەی حەز بکەن

هەر ڕۆژەو نەوعەک جل لەبەر بکەن

هیمەش بە حەسرەت جەمەک شیوی خۆش

هیلال و سەلیب خێریان پێ بکەن

خۆم برسی دەکرد لۆوەی تۆ تێر بی

جاهیل مامەوە فەقەت تۆ فێر بی

بە ئومێدی وەی بگەین بە ئامانج

لۆ خزم و کەست جێی خێر و بێر بی

نەماندەزانی خەیاڵمان خاوە

زەمانی وەفا و ڕاستی نەماوە

ئەوەی دەدزی و میللەت فرۆشە

لە مەیدان ئەورۆ دیارە ئەو پیاوە

## دەردەگرانەکە

کاکە زەینێ خۆ بدەنێ

دەردی کاکتان چ دەردە

قورس و تار و گران و

کەستەک و کوچکە بەردە

دەست کورت و ڕووت و ڕەجار

توکی سەریشم قەردە

غاردەدەم پێڕاناگەم

لەو چیا و شۆو وەردە

وەی لۆوەی دەستم بگری

لە کێ بینم ئەو مەردە

جواب دەنێرم لۆ جوانێ

ڕەحمت هەبێ بە بەندە

کو درت هات پێم برێ

برۆ دەستم لێ بەردە

دەخیلتم ڕەشید عەبدۆك

ئەتوش مام مەجید فەردە

مەردی خوای بن بمگەنێ

لۆم بکەن قەرد و فەردە

کەتمە بن باری خەمان

چیام ڕوخایە بەسەردا

بچنە کن مام سادقی

ساحێی قسە و وەعدە

بابە شەرتبی بفرۆشم

ئەو پێنج شەش لاتە عەردە

با هەنجەتم پێ نەگری

پێم نەکا چ گۆبەندا

شەرتبی لەبۆی پڕ بکەم

چار و عەمبار و لەودە

# بواره جۆت

هانا بەبەر تۆ خودایە

خۆت ڕازیق و لەسەری

بواره جۆت لە کێ خۆشه

لە زورگی جلبەسەری

هەردرە زگی عەردی

لەوسەر لەبۆ ئەوسەری

ڕووت لە قاپی خوای بکە و

زەرەر ناکەی لەوسەری

قۆر و باسکت لێ هەرکە

تیلاك لە تۆقی سەری

بڕۆکن حاجی زیادی

باش خەیاتی قەیسەری

لۆت بدوری قەدەك جلک

دەستوری سەنگەسەری

لێی پاردەوە سێ چار مانگ

دوور لە ئیش و کەسەری

لەبیرکە دورنە و جۆخین

کوزر و کا و قەسەری

پشتت لە کەندێناوە و

ڕووت لە پێژینگ بەسەری

بەرانبەر ماری خارت و
شیرنی هەوری لەسەری
با کۆرەبی ناحەزت
قوڕی دنیای بەسەری
تەشەنەکا برینی
یەکدی نەگری جەوسەری
خودا بی بەشی بکات
لە ئاوەکەی کەوسەری
دونیا لۆکەس نامینێ
بە یەقین هەتا سەری
گزیر بی یانە وەزیر
ژیان هەر دەچتە سەری
چەند خۆشە پیاو دلسۆز بی
لەبۆ دۆست و هاوسەری
مرۆڤ هەر بە ئیشی چاک
دەمینێتن ئەسەری
پەشیمان نادات ئەوکات
کە مەلەک هاتە سەری
کاتی بە خاک سپێراو
خۆری کرایە سەری

# قەردارەکە

هێ برا بگەنە هانام

سوتام لەچەنگ قەرداری

دونیام لەسەر وێك هاتیە

لێم بویتە شەوی تاری

پەنا و پێچ تاقیب دەکەم

لە گوند بێ یان لە شاری

ئۆقرەم لێ هەرگیرایە

لە چەنگ عەلی شاماری

ڕەنگ نیە بەولای دابچم

تەویلەم پێ دەماری

شەو لە بن باری خەمم

ڕۆژیشم شەرمەزاری

دەست بەتار و پەرپوتم

کەتیمە بن دیواری

مستەهەقم سێ جەمە

مار کوژم کەن بە داری

چەندیان پێ گۆتم کوڕە

مەکە ئیشی بەیتاری

کەست نەهێشت لە گوندی

نەڕوا بە دوو گۆپاری

واز بینە لە قەرد و فەرد

لۆخۆت دەستدە عەتاری

چیدیش سەلەمێ مەکە

نەوەک باران نەباری

چاکە سەری خۆم هەگرم

بچمە تەرە مەتاری

حاجی بگە لۆ خاتری خوا و

ڕەسولەکەی موختاری

بڕەک سەبرم لێ بگرە

سبەی دەچمە تیماری

تێکە و لێکەکی دەکەم

وەعدەبی بە یەکجاری

چیدیش گەفان مەنێرە

لەگەر کەریم موختاری

بەهەر کێندەر دادەڕۆم

پێم دەکەن گاڵتە جاڕی

ئەوەتە کابرای قەردار

دەریکەن لۆ ئاقاری

کۆرەبم لۆت کەری شین

در وا لەبۆت دەناری

ڕایان کێشا لە حەوشەی

بە تۆبزی و بە ناچاری

عوسمان کورتانەکەی برد

شەریفیش دەستەوساری

جاشک کەتە دەست بڕنۆی

بردی لۆ بەرزەواری

کەس نیە قسەی خێر بکات

برێن بڕۆنە هاری

تۆبە بە شاهیدی تو

شێخی بەرزە هەواری

هانام هینایتە بەرت

دوعا خوازبە لە باری

ئەوجارە قوتارم کە

لە عەزیز نۆبەداری

# بن جۆخین

غەمی چتە ؟ خۆت بێ عەیبی
چ ئاگات لە حاری منە
ئەمن تورِ تورِە بە جۆمەو
ئەتوش وەنەوشەت لە بنە
لە سایەی سەری جەنابت
هەناومان هەنجن هەنجنە
ئەو بێ پارە ئەو تادارە
ئەوی دی جەرگی کون کونە
ئەو گیرفانەی تو پڕ نەبوو
سەد سوندێ دەخۆی بێ بنە
وەرە بە بن جۆخین ڕازین
دەرێی لێی گەڕێن هی منە
دەشرێی شەریک بەشینگۆمە
بەشی خۆشم هەر هی منە
چەندی حەزم لە دزینە
سەت هەند مەراقم بردنە
لەسەرەنگۆ پەیداکردن
ئەمنیش ئیشم داکردنە
ئەنگۆ ئیشتان هەوڵدانە
ئەمنیش کارم رابواردنە

بەشینگۆ تاراو نۆشینە

هی منیش وێسکی فڕکردنە

تاریتان بی و سوریتان بی

کردەینگۆیە و بردەی منە

کێشتان بەمە ڕازی نیە

حیسابی وی لە کنە منە

داکەسێن و نوقەتان نێ

ئەمن هەبم ئەنگۆ چنە

تازە لۆمن وە ئاگا دێن

سەد جاران دەستو لەو.....نە

هەش بەسەر خۆت ئەوەی هەتە

هی هەتیم و بێوەژنە

خۆت ڕاگرە لۆ حەق و حیساب

کە حاکم خودای مەزنە

مەعیەن جێگات ناو ئاگرە

وەزیفەت سەماکردنە

شەیتان گاز دەکا کوڕینە

جێی کەن ئەوە دۆستی منە

بڕوابکەن پێی سەربەرزم

لە مریدانی ڕێگەی منە

ژیان نامە و کونیەی بەرێزیان

ئەوەلیاتی لەکنە منە

ساحێب ڤێلاو کۆشک و تەلار

گەڵا و بانکە نۆت و ینە

مێ پەرست و چاو لەدەرە

هەتا ئەورۆش هەر بێ ژنە

پیاوی مەی و مەیخانەیە

مزگەفت و تەکیەی دوژمنە

نوێژ و ڕۆژی و حەج و زەکات

لە قاموسی ئەودا ونە

عاشقی کەیف و سەفایە

دوژمنی سوجدە بردنە

مادام لە پیڕی خۆمانە

شایانی ڕێز لێ گرتنە

یاخوا بەخێر بێی سەر سەرم

لۆ ئەو وەیلەی کە بێ بنە

دۆزەخیش هەموو خۆیینە

پسولەی منیان لە کنە

فەرموو وەرە جێم دانیشە

ئەگەر کەیفت لە جێی منە

# کەسی بێ کەسان

هانام بەبەر توە خودایە

کەسی بێ کەسان خۆتی

ئاوەدان کەندێناوە

چەند خۆشە بوارە جۆتی

بێ بەرا بی تەلەرخێم

ناسر و میلەکەی هۆرتی

کیژ و کار چوینە کەنگران

بە کۆمەر و تاك جۆتی

چەندە حەریمم گرانە

کیژی پلکە مرۆتی

شەرمن و قسە شیرین

هەنجیری شەرە بۆتی

پرسیاری بابیم لێکرد

دەرێ چوویتە چار بۆتی

سەلام بە عام لۆ خەرکی

هیران لەگەر بێرکۆتی

مەخسوس لە مام قادر و

ڕەشۆ و ڕەسول گەرۆتی

پێناو خوا ڕووت ڕەش نەکا

دەرێی سەرکە بزۆتی

وەختە لە دەستت هەرێم

بە پێ خواسی و سەرکۆتی

بچم لۆ هەوارغەری

مارێ حاجی پیرۆتی

در دەسوتێ لۆ بنەگە و

جۆخین و کاو کۆتی

# چونە سوڵتان عەولا

کاکە لۆم بمەن تەکبیر

دەردی لە دران هەڵلایە

هێ براینە مەکەن لۆمەم

هۆشم لەلا نەمایە

ئاگری لە دران بە گڕە

بەندی جەرگم پسایە

لۆم گاز کەنە حەکیمان

لە موسل و لە بەغدایە

زوو بێن لێم بکەن چارە

شیفاش لە دەست خودایە

ئاوەدان بی سەیدەمین

مام غەفوری تێدایە

شیرنە دەست و سوکانی

ئاگات لێی بی خودایە

پیرەژن و کیژ و کار

پاشۆلیان گرێ دایە

قەولە بە عام ڕێککەون

لۆسەر سوڵتان عەولایە

کیژۆرە لۆ مرازی

پیرەژن لۆ دوعایە

کەیف هەوە منی تێدام

نازداریان لەگەر دایە

ڕومەت خۆخی بە کورکە

ماشاءاللە لەو بارایە

کراسی گور باتمان

هوردە گوری تێدایە

کەوێ و بن کەوێی خامەک

بە سیم نەخش کرایە

چەند جوانە سەر و قەزمەی

ئەو کۆترۆکەی لێی دایە

گوارەی شەش گۆ و خەزێم و

خرخاری لەپێ دایە

وەستا دەستت نەڕزی

لەگەر نەخشی تێیدایە

لە چاوەزار بە دووربی

ڕجام لەتو خودایە

ئاوەدان بێ شەمامک

مادام ئەوی تێدایە

خودایە لۆ خاتری خۆت و

غەوسەکەی لە بەغدایە
کوردستان سەرفراز بی
هەتاکو دونیا مایە

## گوندە نازدارەکەم

عەوێنە شیرن و جوانەکەم
مەفتەنەکەی شۆڕە سواران
کانی بەزم و پێکەنین و
دەستگەمەکەی جاری جاران
پاز پازۆکێی ناو لەودەی کاو
سەرە دیقەکەی بێعاران
چاو شیلکانێ و خەجە پەڕۆو
تەندورە سۆرکێی منداران
تەرە و ڕیوی دیوەخان و
کۆسە بەبەی هیشکە ساران
ساپ ساپانێ و قاقایانێ و
هەلیکسۆی کیژ و کاران
جگ جگانێ و کەلایانێ و
کەرە مستانێی هێوران
سێ ڕێچکانێ و نۆ ڕێچکانێ

بەزمی دامەی بن دیواران
گوریس کێشان قاوقاوانێ
کێلە بەردی هەرزەکاران
شەڕە سەگی سەر جۆخینان
هێن و منهێنی ئیختیاران
پارە بێلکە و شقاتە بێلکە و
بنیشت بە هێلکەی بەقاران
ترینگەی زەنگوری مل تەگە و
باعە باعی بەرخ و کاران
نەرمە تۆزی مەغریبانی
دوای مێگەلی مەڕ و گاڕان
هاڕەی بازن و بەر بازنی
باغەر شۆڕ و ڕەشتاران
کەوێ و بن کەوێ و چارۆگە و
بەرانپیلی هەوێز ماران
سەر قۆچ و بسک و شاکەزی و
سەر و قەزمەی گێ بەگواران
هاڕەی کەند و جۆمەکانی
کەسک و سۆرەکەی پاش باران
قیڕەی بۆقی شەوانی بوار

لەناو گۆمەکەی بەر ماران

کزەبای ساردی شەمار و

کۆری دەو جۆگە و ڕووباران

شەو بە کێوی شوانەکان و
چیغ و ڕەشماری شوانکاران

کۆمەری کیژ و ژنانی

دەوری دێوەرە و بەقاران

ڕاتبە ڕەحمەتولێی فەقێ و

بینە و بەردەی نۆبەت داران

شوانە گچکە چاوگەشەکەی

ناو قەرسیلەکەی بەرماران

حەلقەی زکری تەکیەکەت و

زرمەی دەفی تۆبەکاران

جۆلانەکەی شێخ جامی و

بینە و باوێی مرازداران

هە درونە درونەی سەپان و

شیرنە حەیرانی جۆتیاران

تەبارەی گەنمە ڕەش گور و

قەندەهاریەکەی ناو چاران

دەورە دوعای فەقێکانت

لۆ مندار و لۆ تاداران

بۆنی سۆتکه و قەنەفر و

هارەی هەیاسە و خرخاران

های تەماتە و گرەسەر و

دەوارنە ترێ و هەناران

ساوەر بە تۆرکە و کەنگر و

گەنم بەکاردی هێواران

حەیرانی شوانی ئاقار و

بەلۆرەکەی کیژ و کاران

دوژمنت حەوارەی خوای بی

ماری بچیتن بە تاران

## دامەی بن دیواری

هانای بەبەر خوای دەبەم

دومین بەبەر سەتاری

سەیران لە کێندەر خۆشە

لە زورگی مێرخوزاری

ڕازاوەیە و دڵگیرە

هەرسێ مانگی بەهاری

گەوارەکی دەهینا

دوعام دەکرد نەباری

دەزانم چووینە کەنگران

کێژ و کاری کەنداری

ڕاوچیان غارە غارە

لە پێ دەشت و بناری

تاژیان لە ڕستێ بەردا

گرتی دەشت و بناری

سابە خۆشە دوزەلەت

در لەبۆی وا دەناری

مەڕ و بەرخیان تێک بەردا

لە کەندی شیوە شاری

یاران کۆراییم داهات

لۆ دامەی بن دیواری

ئاودەل و شینە و عەیشۆک

لەگەل ڕەسول خەزاری

ئاوەدان کەندێناوە

ڕەبی هاتبیتن ساری

قەراج یاخوا پیرۆزبیت

ڕزگاربوونی یەکجاری

جوانە بنەگە و ڕەشمار

لە پێ دەشت و بناری
چەند خۆش و بە لەزەتە
نوستنی لە بن رەشماری
کە گەوارە دای دەگری
باران بە گوڕ دەباری
قەرەچوغ تەم دای دەگری
دەبیتە شەوی تاری
خودایە لۆ خاتری خۆت و
ڕەسولەکەی موختاری
سەرفیراز و ڕزگار بی
ئەو کوردە بە یەکجاری
تەبا و تفاقی میللەت
بالا بەرز بی داری
لەبن سێبەری بژی
پیر و جوانکە و منداری
ڕوو ڕەش بی دوژمنی کورد
بمری بە شەرمەزاری

# بنەگە

هانای بەبەر خوای دەبەم

خوای ئاسمان و زەمینە

کاکە لێم بکەن تەکبیر

دەردی لە دران بە تێنە

بنەگە لە قەراجی

ڕەشمار لە دەو کەندێنە

ئەوسارە جۆت ناخۆشە

زەویم زورگ و چەقێنە

ناچمە مەحمەر ئۆمەران

گەرمای گەلەک بەتێنە

کیژ هەر هی ئازی کەندین

چاو ڕەش دەرێی قەتێنە

ئاوەدان دوازدە هەوار

مزگەفتی پڕ فەقێنە

دەبمە سەپانی کوێخای

قسەی ڕێک و بەجێنە

تێلەکێشم چەلەنگن

بەهیە و فاتم و بەسێنە

هێ برا دەردم گرانە

غەمی لە دران چین چینە

لە شانم جام بێزارە

لە ملم قایش و دووربینە

ڕێم دەکەتە عەوێنەی

هەر چار دەورەی جۆخینە

جاحێریان گەلەک ڕێکن

ئیختیاریان سوعبەت چینە

عومەر مەحمەر و ئیسۆ

سمایلە قوتە و مام شینە

مەجلیسیان گەلەک گەرمە

دەست گەمە و پێکەنینە

کاکە قەت مەکەن لۆمەم

دەردی لە دری من مازە

بەژن ڕەشە ڕەیحانە

گەردەن کێل عەینی قازە

دەرکەیان دوو دەریە و

ماریان وا لە هەورازە

سەیان چەندی برێی درە

سەی چ برێ بەرازە

سەیران لە کێندەر خۆشە

لەسەر کانی وەکازە

شوانان بێرە بێرە و

بێریان گازە گازە

ئاوەدان سوڵتان عەولا

جێگەی مراز و نیازە

هانای بەبەر خوای دەبەم

دومین بەبەر غەفوری

هەر ماشاءاللّٰه لە خۆی دێ

لە قودرەت و دەستوری

ڕجا خوازم لە باری

لە هەموومان ببوری

حەیفم لۆ مەلا کاغە

گورگی تیدا دەلوری

چەندە بەتام و خۆش بوو

چا لە قۆریەی فەخوری

چونە سەر سوڵتان عەولای

بە پەستی مام غەفوری

بمبەن لەبۆ پالانیان

بەرامبەر بە مەخمووری

دەبا چاوم پێکەوی

ئەگەرچی دوور بە دووری

دەڕێن قەولە بار بکەن

بچن لۆ کورتان دوورین

ئاوەدان بی حوشترا لوک

بەخۆ و بە ئاوی سوری

## کورد دەرێ

قەدری کەر مەعلوم لەکن بێ کەرە

لۆ فەقیر جێبەو پەستەو قەمەرە

زستان و بوار هاوین و پایز

ئیشی ماخۆی زۆر چاك لە بەرە

هەرگری بار و جۆتیش دەکاتن

هاوینیش ئیشی قرشە و قەسەرە

جۆت و جەنجەر و شەغرە و دۆراب

گەلەك رۆژانیش لەرێ و سەفەرە

بە سەبرو ئارام بێ دەنگ لە سەر خۆ

سێ جەمی زۆر جار بەس کای لەبەرە

دوو پێی واش هەیە پۆشتە و رێك و پێك

کری زاخۆیی ومەرگەی لەبەرە

کراشی پەرۆی دەست کرد هەورەمان

پەستەکی کارگەی بانەی لە بەرە

هەڵپەرست و سووك نزم و کاسە لێس

قسەو گوفتاری بەس زەڕە زەڕە

خین سەرکان ببات گوند سەراو بن بی

ئەو تەنیا خەمی زگی لە بەرە

نە فام کەللە رەق جاهیل و نەزان

بە کەر برێن کەر ئەو دە جار کەرە

بیبەنە مەیدان پێی بکەن سەودا

بەبێ شك کابرا نیوەی زەرەرە

## لۆ کابرای نمەک حەرام

دەبینی کابرا وا چت لەخۆ کرد

تێمان ناگەینی لۆ وهات بەخۆ کرد

قوری حەفت گوندت بە سەرە خۆکرد

دۆست و درسۆزت .لۆوها لە خۆ کرد

خۆڕی ئەو ناوەت .رێك بەخۆ خۆش کرد

رێی و جێی ئاوییت .لۆ دزان خۆش کرد

کەتییە دوو پیاوی کەم و بێ امە ك

چی لێ کردبوین لۆت پەردە پۆش کرد

گەورە و گچکە ساحێب مار نەبوون

چاکەی خەرکی خوت لۆ فەرامۆش کرد

دز و قۆر برِت کردە سەر پارە

ژینی ئەو خەرکەت تار و ناخۆش کرد

ریسواو زەلیل بی تا لە ژیان مابی

یەخسیری دەستی دەرد و بەرا بی

خێر و خۆشی لە خۆت نەبینی

بەشەو شەو کۆر بی رۆژیش نەبینی

## کورەکەم

نەوەی برینگ بی یان لەپشتی شێر

حەز کەی پێت برێن کابراکەی چاو تێرِ

شەو بنوی لە سەر پارەو پوول و زێرِ

کە لۆ خەرکەکەت خەنجەر و تیر بی

دەرد و سەقەم ومەرگ و زەهیر بی

گەلەك چاترە گاشە بەردەك بی

دارەکی هیشکی بێ پەلك و بەر بی

نەخۆش و تادار کۆرە و سەقەت بی

سار دوازدەی مانگی دەرۆزە کەر بی

فەرقی وات نییە هەبی یان نەبی

سەت جار چاترە ئەگەر هەر نەبی

# پنچی ئەسل و ئەساس

پیاوی بێ ئەمەك جێی بڕوا نییە
راستی و راست گۆتن وەفاو ئەمانەت
لەکن ئەو نەوعە وجوودی نییە
بێ عەیبە وەختی دەزانی هەیتت
بە عاستەم شك بات لەنگ بووە بارت[1]
هەر دەرێی دۆستی دوونێکەت نییە
برێی مندارم رووت و برسینە
رووت لێ وەرگێری لە کنی چ نییە
لۆمەی ئەو نەوعە چ جاران مەکەن
بڕوا کەن برا بەدەست خۆی نییە
پنجی لەسەری کە شین بوویتەوە
چ نییەو بێ کەلکەئەساسی نییە
پەندی پێشینیان راست و دروستە
نەخشی سەر بەردە و خیلافی نییە
پیاو لەسەرپنجی خۆی شین دەبتەوە
شیویش کە رۆن بوولە کم دانییە

---

١-لەنگە بار / موحتاج و پێویست بە موساعەدە

# رۆڵە لەژیانت

دار بە خۆر بە زیخ بە چەو بە
دێوانەی دەشت و سەحرا بە
رۆژ سەرگەردان دیلی شەو بە
رووت و رەجال تێنی برسی
نوقمی بنی قەرد و فەرد بە
رەنگ هەربوزرکای هەناو پڕ سۆ
موبتەلای سەت ژان و دەرد بە
بێ مار و حار بێ جێ و رێ
شەو میوانی خاك وعەرد بە
دۆشەك زەوی لێفت عاسمان
سەرین چەگر بالیف بەرد بە
لەوەش هێشتا خرابتر بی
هەمووی دەروا و لەبیر دەکەی
ئەمنت قوربان فەقەت مەرد بە
دۆستی پیاوی بە ئەمەك بە
دڕکی دور چاوی نامەرد بە

# کابرا

بڕوام پێ بکە ڕەشید نی

دیارە ئەمن ترسنۆکم

شارەزاتم بابی چەندی

ئەمنم دایم دەست لە چۆکم

لۆیە هەر ڕۆژ زەوقت بگری

دەست دەبەی لۆ خنخنۆکم

ناترسێ ڕۆژەك لە ڕۆژان

بکەویە بن چەپەڕۆکم

شەرتی پیاوان وەت لێ بکەم

هەتا مای نەگری بەرۆکم

لە ناو ئاوایی دات بەستم

پێت گێڕە کەم نیسك و نۆکم

ناوی خۆت پێ لە بیر بکەم

بڕێ عومەرەی قادرۆکم

بە ئەسڵ هی قەراجیمە

هی ئاوایی کەبەرۆکم

کەپەڕۆك گوندەکە لە قەراجی

# عەزیزانم

**گۆتیتیان مام حمد توانای نێزیك بوونەوەی لە شیعری كلاسیك[1] نییە هەر لەبەر هەندێ ئەو چەند خەتە شیعرەتان لۆ دەكەمە دیاری**

**تێری موژگانی لە دڵما**

**كاری سەت خەنجەر ئەكا**

**دەردی دووری هەر لە ژەهری**

**مارەكەی حەوت سەر ئەكا**

**وێڵ و سەر گەردان و لاتە**

**ئەو دڵەی پڕ مەینەتم**

**شەو موقیمە تا بەیانی**

**چاوە ڕێی دڵبەر ئەكا**

**گەر ئارەزوو كەم بۆ تەبیب**

**حاڵی زارم چارە بكا**

**یەك تیلای چاوی خوماری**

**كاری سەت نەشتەر ئەكا**

**جوانی یارم بۆت وەسف كەم**

**ئەی نەدیم و ئەی غەریم**

**بەر ڕوخسار و چاو و ئەبرۆی**

**شەر لە گەر ئەختەر ئەكا**

---

١- لە درامای مەرزی و كاكەمین

# براگەم

بەبێ ویستی خوا هیچ ئیشەك نابی

بە سەدەقە و خێر مارت کەم نابی

تا مای لەژیان ببەخشە لۆ خوا

عومرت و مارت هەر وەها نابی

ژنەك لە ئەسڵ خانەدان نەبوو

دنیا تێی وەر بێ راستە رێ نابی

دەرێن خوی شیری هەتا پیرییە

چاك بی یان خراپ لێت جودا نابی

پشتت مەبەستە بە خێری خەرکی

دوو رۆژ مەیسەر بی دە رۆژان نابی

بتەوێ بگەی بە مراز و مەخسەد

بێ شەو نخوونی بەبێ شك نابی

ئالیکی کەرت ببە لەگەر خۆت

بە تەمای جێیان کەرت تێر نابی

بەخۆزی و خۆزگە پشتت مەبەستە

دارەکەی خۆزگە قەت بەری نابی

چاکە دەمینی لە چاو کمیش بی

بەفوی قومقومۆك ئاگر خۆش نابی

برینی دوژمن سارێژ دەبیتن

زامی دۆستانت قۆره و چا نابی

نامووس لۆ پیاو ژینه و ژیانه

ئاگات لێی نه‌بی سلامه‌ت نابی

ده‌ست نه‌به‌ی کابرا له بۆ نامووسان

لۆ خاتری هی خۆت دووره به‌را بی

## برێن خودایه حه‌وجه‌ی
## پیاوی نامه‌ردم نه‌که‌ی

سندان له‌و چاکه‌ش له‌گه‌رت کردم

پێی خه‌جاله‌ت و رووزه‌ردت کردم

لێت کردمه پینه‌ی ناو دوو چاوانم

شه‌رمی رۆژان و خه‌می شه‌وانم

بم زانیبایه ئه‌وها نامه‌ردی

نه‌داتمه کنت کابرا لۆ قه‌ردی

وه‌م زانی پیاوی کوری پیاوانی

نه‌مزانی بڕکه هیچه‌که‌ی عه‌ردی

بپارێنه‌وه پینج فه‌رزه له خوا

چاوتان نه‌که‌وته ده‌ستی نا مه‌ردی

گه‌ر بشت داتێ گه‌له‌ك تار تره

له‌هی تاریشك له هی زه‌ره‌ندی

# کابرا

لێفت عاسمان بیدۆشەکت عەردبی

بالیفت خۆر و کەستەك و بەرد بی

مارو مەسکەنت ناو کەند و لەند بی

وێل و ئاوارەی پێ دەشت و هەرد بی

هەناوت پڕ سۆ و ناسۆر و دەرد بی

جەمی زۆرخۆشت وەکی زەرەند بی

ئەو پاروەی دەخۆی بە قەرد و فەردبی

خەمی عالەمێ بە پەنجەی دەست بی

بابە قیرسی هی توو سەت هەند بی

شوانی خەرك بە و گاوانی گوندی

پیاوانە ترە لەوەی رۆژەکێ

حەوجە بە دەستی پیاوی نامەردبی

# ئامۆژگاری

قەدری دەست و پلت بگرە
لەهەموو کونەك وەر مەدە
لە سەر گازاندەك کە حەق بوو
لە گەر دۆستت لا لووت مەبە
سەدەقە گەلەك پیرۆزە
لۆ غەیری موحتاجان مەبە
گەف ئەگەرهی دریشت نەبوو
بە ئاشکرا دەستی لۆ مەبە
نازانی کێ ناحەزتە
لۆ فتنەرێ خۆش کەر مەبە
لە مەسرەتی و پێك هاتنەوە
سواری کەلی شەیتان مەبە
تەراق عەیبەو مار تێك دەرە
فێرە سوند خواردن پێی مەبە
لە پیاوەتی و خێر بترازی
لۆ خراپەدەست پێش خەرمەبە
چار دەورت رەوسەی پارە بوو
دەست لۆ فلسی حەرام مەبە
مندار ئۆ باریان لە ملتە

لوقمەی حەرامیان لۆ مەبە

کە دیتت کەرت چەمووشە

لێرە لۆ وێندەر سوار مەمە

لە برسان ئەگەر روح بدەی

هانا لۆ نا پیاوان مەبە

دنیا بوو رۆژە ك لێت قەوما

بە تەمای دۆستی نان مەبە

لۆ وەی نامووس پارێزراو بی

دەست لۆ هی خەرك مەبە

کە تواناى بە خشینت نەبوو

لە هی خەرکی مانع مەبە

گوناحت هەر چەندە زۆر بوو

لە روحمی خوا مەیئوس مەبە

تۆبەی نەسوح عیلاجتە

لۆ غەیری خوا سوجدە مەبە

ردێن سپی کە تووی دواند

هەر چەندی گۆت بێزار مەبە

لە سەر رەوسەی رزقی حەرار

لە پێویستیت زیاترمەبە

قەناعەت لۆ پیاو سەروەتە

لە ژیانت چاو چنۆك مەبە

بەرەکەت لە کمی دایە

دەست لۆ فرت و فێران مەبە

وەفات هەبی دەرحەق نمەك

کەسەکی بێ ئەمەك مەبە

یەکەك کە چاکەی هەبوو لۆت

پیاو بە لێی بێ منەت مەبە

پەندی پێشینیان گەوهەرن

مادام گور نی درکیش مەبە

# برام ئاگاداربه

ئەوکەسەی ئەورۆ زیوان دەچینی

سوبەینی گەنم نادوریتەوە

ناپاك بە سەت جل خۆی دابپۆشی

ئاشکرا دەبی ورووت دەبیتەوە

رەشەبای مێژوو روحم نازانی

لۆ ناو زبڵ دان دەیپێچیتەوە

در سۆزی خاك وخەرك ونیشتمان

ناوی تا هەتایر ناچێتەوە

لا پەرەی مێژوو تا دنیا مابی

لە تاقی عاسمان دەدرەوشێتەوە

کردەوەو چاکەی لە سەر زارانە

باس دەکرێ و دایم دەگۆترێتەوە

## براکەم

ببە کانیاوی چاکە و خێر و بێر

ڕاست و پیاوانە بڕۆ ڕێگای شێر

بژی پەرێز پاك بمرە سەر بەرز

کۆر بی باشترەنەك چاو بەرەو ژێر

بە رەنجی شان و باری خۆت بژی

دوور لە کاسبی پڕ لە فرت و فێر

مەبە دار دەستی پیاوی نەدیتکە

نانی چاو شۆری قەت ناتکاتن تێر

ملی برای خۆت مەشکێنەلۆکەس

گەر هەرتکێشن سەرتاپێ لە زێر

بمرە لۆ کەسەك کە دەتگرێنی

نا لۆ یەکەکی خۆی پێت دەکا تێر

وانەکەی بێ شك رەنجت بێ بەرە

مەعیەن بێژینگت بردیتە بن چێر[1]

کورد گۆتەنی چوو لە بۆ ردێنێ

لە سەری دانا جۆت برۆو سمێر

---

١- بێژینگ بردنە بن چێر / بە مەعنا لۆ چێر دۆشین بیژینگ لە جیاتی مەنجەر بەکار بینی دەگەرێیەوە بێ شیر

## با لۆ ئەو جارە بی نەچووە بچی

راستت نەکرد وەکی گۆتت

بستەك لە عەردی گوندەکەم

بە ملکی قاروونی نادەم

لە پشتی بابی خۆم نیمە

رۆژەك لە حەقینگۆ لادەم

لۆ خۆش گوزەرانیتان شەرت بی

بە روح و گیانم ئامادەم

کێ بیەوێ لێتان تێك دات

سەر دادەنێم رێی پێ نادەم

وەعدی پیاوان گەر وەم نەکرد

رووی خۆ رەش کەم سەر هەرگرم

جلی درۆزان بە خۆ دادەم

چونکە هەڵپەرست دەرچووی

ئەگەر پەنجەی خۆم برِی بی

نەت دیت لە شووشەی هەربینم

تۆقیش دەی دەنگت پێ نادەم

درۆزان / مەلەوان لە بەحری درۆ

# فرچكی حەرام

بە گێی من دەكەی برا حەمەدە

بە لێو بڕایان زورنا لێ مەدە

چۆپی و شێخانی و سێ پێ و منجۆلی

لێكیان گیر دەكا و شاییت تێك دەدە

لۆ پیاوی دوو روو و لۆ ناكەس بەچان

رەنجی شانی خۆت بە فیرۆ مەدە

لۆ بێ منەتان مەچووە پێش بەرا

دەرێ مەنعم كرد گێی بە من نەدا

پیرە كەرەكەی هی خۆت بێ منەتە

بە هێسترە شەلەی مام عەولای مەدە

ئەستووركە مزاشی لە سەر سفرەتە

بە ناسكە نانی عالەمێ مەدە

ئەویان جارەكە یا دووانە و تەواو

هی خۆت بێ منەتە و هەتا ئەبەدە

مەرێ دەست كورتم فران لۆ هەیتی

دەست لە كاری خوای ئەبەد وەر مەدە

پەندی باپیران نەخشی سەر بەردن

دەدرەوشێنەوە و مانەو سەرمەدە

كەسی فرچك درای بەشیری حەرام

چا نابی خۆتی لە قەراغ مەدە

# ئەگەر گور نی دڕکیش مەبە

سوجدە بردن بەس لۆ خودایە

لەو بترازێ لۆ کەس مەبە

ئیشەك تێی دا تەرەف نەبی

دوور کەوەلێی نێزیك مەبە

بەوەی خوا پێی دای رازی بە

بە خیلی بە عالەم مەبە

مندار زیرەی بێ لە برسان

هانا لۆ ناپیاوان مەبە

کە رزقی ئەورۆت مەیسەرە

لۆ سوبەینێ تەنگاو مەبە

خودا رازقی هەموانە

لە روحمی بێ ئومێد مەبە

تاپێیت دەکرێ چاکە بکە

لۆ هی خەرکیش مانع مەبە

پەندی باپیران لە زێرە

ئەگەر گور نی درکیش مەبە

## به تەمای بەرگی دوو رووان
## پشتت لێ مەکەوە

ئەو دوو رووەی گۆتی برێ و ئەمر کە
بێ شك براکەم تیخی دوو دەوە
تا درۆ هەبی راستی نازانی
ناپیاوە و قسەی سەر زارەو دەوە
برا دەست کورتی کاکە نەبوونی
چونکە جەرەوت لە دەستی ئەوە
چ ماستاو چییە و چ کاسە لێسە
جێ و مەکانیان چار دەوری ئەو
ئالیك لە مشە ئاخور گەرم گور
درۆی سەرزاریان بەس مەدحی ئەوە
جێی توو براکەم ئەو جێیە نییە
هەتا پێت دەکرێ لێی دوور بکەوە
تف لە ئەو چەنگە پارە و پولەش کە
دەبینی بە دەست سوکی وەك ئەوە
ئیدارە بکە بە نان و ئاوت
بە دوو نەدیتکەی ئەوها مەکەوە
ئەورۆکە نیتت بێ ێومێد مەبە
ما دام خوات یارە بێ خەم پار دەوە

# سەت هەزار خۆزگە بەژیانی جاران

سەت هەزار خۆزگە بەژیانی جاران
وەختی بێ خەمی ناو مارو حاران
ژینە سادەکەی بەتام و خۆشی
هاوین و پایزو زستان و بواران
دانیشتنی پێش لۆکس و لەمپا
چرا قەندیلە و فانۆسی ماران
تەنەکەی نەفتی سەر مۆری کەرکوك
شووشە نەفتەکەی مارە هەژاران
سۆبەی قشپل و سەرگین و کۆلکە
خورمای هەمبانەی سەر دار هەرزاران
ئەستوورکە کونجی گەرمی سەر سێرو
ناسکە نانەکەی بەروونی جاران
گەنمە برژاکەو قەسپەکەی کورد کوژ
لە بۆ شەوچەرەی سەر لە هێواران
گەرە لاوژەکەی کۆچك و دیوەخان
کەرە مستانێی دۆستان و یاران
سەر دەمی وەفا و پیاوەتی و نمەك
رۆژی پیاوان و ژیرە ئیختیاران
زەمانی دەست و دامەنی پاك و
خوو و رەوشتی جوان هەرزەکاران

# نانی بەسەر برندی

لۆ بڕەك پارەو یەك دوو جەمە نان

بەدوو ناپیاو و نامەرد نەکەوی

بژی سەر بەرز نەك چاو بەرەو ژێر

ژیان هەندەی نایني لەمنت نەکەوی

جەمە نانەکی بە سەر برندی

پیاوانە ترە لە پراوی ئەوی

لۆی مە چەمێوە و نەبییە دۆر کوت لۆی

خۆت حیساب نەکەی نزم تر لەوی

بەبێ شك لەوی گەلەك پیاو تری

رێز لێ گیراش تر گەلەك تر لەوی

بە نێردەوانەی[1] وی نەکەی سەر کەوی

ناگەییە سەرێ دەشکێ و دەکەوی

دەرێن شوان سەگی خۆی برسی دەکا

لۆ وەی مەجبوور بی بە دووی بکەوی

بە گێی برات کەی دەژی بێ منەت

پێویستت نابی بە ئەم و ئەوی

پێنج فەرزە لۆخوا سوجدە بە برام

---

١- نێردەوانە / قاندرمە / پەیژە

ڕێت بە نەدیتکەو نا مەرد نەکەوی

**ئەریٚ بەس نەبی کابرا**

خڕت کردەوە شەو و ڕۆژ

قەیدت کرد لە ناو دەفتەرت

تەقەتت کرد پوختەو جوان

نە بادا شەو بێنە سەرت

بیدزن بە زەققەی چاوت

ببتە جێی داخ و کەسەرت

دەبی چۆك بدەی هەنگینیٚ

قوری دنیا دەچوە سەرت

دەچوویەوە دۆخی جاران

کیسەو تووتن و دەفترت

بەقاری بکەی لە گوندان

بە عارەبانە وماکەرت

برام هێشتا نەجووە بچی

لۆ ئەو چەند ڕۆژەی لە بەرت

بیکە بە خێر و سەدەقە

تێر کە خزم ودەور و بەرت

بدە زەکاتی ماری خوا و

(حق الناس )یوا لە سەرت

هەشت بە سەڕ لۆ ئەو وەختەی

( ملك الموت ) دیتە سەرت

دەچیەوە حزور خوای گەورە

بەخۆت و هەگبەی بە تارو

دەفتەری بێ سەر و بەرت

کێوە هەر دێ لەو سزایەی

بەبێ مەوداو بێ مەفەرت

## براکەم بزانە

وەفای( سە ) لە ناو گیانداران شازە

ژیان جار نشێوە جار سەر هەورازە

پیاوەتی دایم لێت هەرناکەوی

ژیرە ئەو کەسەی دایم لۆی سازە

ئەوەی نامووسی خۆی ستر ناکا

دەییوسە و سنفی نێرەی بەرازە

پارە وپوول مەعیەن چرکی دەستانە

پێی مەغرورنەبی و پێشی مەنازە

بزماری عاسێی لە ناو تەختە دار

عیلاجی دەوی پلایس و گازە

نەپارێیەوە ئەبەدلە نامەرد

هەر چت گەرەك بوو لە خوا بخوازە

كیژی داك رەسەن شارەك نەختیتی

بەبێ سێ و دوو و ترس بیخوازە

ئەگەر ئەورۆكە سواری سووپەری

سووبەی سەر شانە و ناو دارە بازە

## كابرا

تا بەتەمای نا پیاوان بی

حارت لەوەی چاكتر نابی

ئەگەر هەر هەموو ئاوایی

لۆت دۆست وپشت و پەنابی

لێی گەرێ چی دی رووی مەدێ

دنیا بێ وی كاول نابی

ئەوەی بە سەرپیاوی مەرد دێ

بە نامەرد راستە رێ نابی

بەهەموو دەم خەمی وەی تی

تێر بیت و doorە بەرا بی

خۆی لە گورە نابات ئەبەد

ئاوایی هەمووی خرا بی

چاوی لێیە بەرك و باغەر

به شەو و رۆژ لۆی وارا بی

رێی راستی پێ نیشان دەدەی

دەبەنگە لێت حاری نابی

نەت دیت ببیتە خەمخۆرت

کۆتری کیوی ماری نابی

بە درۆکانی باور مەکە

سفلەیە خێری لۆت نابی

خۆزگە و هومێدت پێ ی نابی

داری خۆزگە بەری نابی

پەندی کوردی نەخشی بەردە

دەمینێ و قەت بزر نابی

پاسەوانت سەی خۆری بی

مێگەلت بێ بەرا نابی

# رۆڵە لەژیانت دا

نەکەی خۆ کەمتر لە کەس بزانی

رێز لە خەرك نێ هەتا دەتانی

نە زۆڵم بکە و قبوریش مەکە

بەرەوشتی پاك ئەتوو جوانی

کێ گۆتی بینە پێی مەرێ فەرموو

هەتاکو ئەسڵ و فەسلی نەزانی

کەسی بێ ئەمەك لێت بێ منەتە

لۆ نامەردانیش مەبە قورنانی

دۆستی گیانی بێخە سەر سەرت

دوورە ئاقار بە لە دۆستی نانی

قەدرت لای ئەویان حدودی نییە

ئەوە بەس قەدری ئاخور دەزانی

هەتا لۆی رووکەی کڕو کەمۆیە

دەنا بە حیسابی لووشکان نازانی

## هەولێر

هەولێرەکەم ئەتوو برێی

ئەو رۆژە خۆشەت ببینم

لۆ زەماوەندی بەختیاریت

لە هەموو لا جار درابی

کەسك و سۆر و زەرد و مۆر و

شین و سپی و رەش برابی

ئاڵای خۆشی و برایەتی

لە هەموو لا هەر درا بی

ئەمن لۆ ئەو ئەو لە بۆ وی

پشت و قووەت و برابی

تۆی نیفاق و دوو بەرەکی

لە هەموو درەك سڕا بێ

در عاجز و لێك تۆراوان

دەستیان لە دەست یێك دی دابی

ستی نازدار و در بە خەم

لە کەریم مارە کرابی

گجکە و گەورە پیر و جاحێر

گوراح خۆش و بەرگ کرابی

دەستی بێ ئەمەك و تێك دەر

له بن پیله‌وه بڕا بی
هه‌رچی ماستاو چی و کوسکێشه
ده‌ر به‌ده‌ر و روو ره‌ش کرابی
ئاو هه‌وا و خاك و خۆرت
له نا حه‌زان حه‌رام کرابی
هه‌رچی قین له درو به ده
سه‌ر تاپا گێسك درا بی
هه‌نگی با سه‌ر کۆت و پێ خواس
کراسی به‌رم درا بی
لۆ پاروه نانه‌ك پێی بژیم
له ده‌رکه‌ی مارانم دابی
پێنج فه‌رزه له سوجده برێم
خودای گه‌وره لۆ هه‌ولێرمان
تا هه‌تاپشت و په‌نا بی

## براینە

پیاوی بێ دەنگ لە ئاستی حق

شەیتانەکی کەرەو لارە

قۆناغی پیاوی خانەدان

خانەقای لات و هەژارە

هەش بەسەری ئەوکابرایەی

جێی بەینی نار و بزمارە

داریش کرمی لە خۆی نەبی

بێ شك عومری هەزار سارە

تەمات نەبی بە دنیایەك

هەر ڕۆژ لە بۆ یەکەك یارە

هەرچارپەل شەرت نیەکەربی

دوو پێش هەیە بە هەوسارە

گەر سەر و درحەساوە بوو

پەرێزت گور و گور زارە

لۆ وەی بیستانت بەر دار بی

دایم پێویست بە بژارە

لۆ بێ کەسیت غەمبار مەبە

مادام خودای گەورەت یارە

چاکە بە هەموو کەس ناکرێ

مەیدانی پیاوی مەرد دیارە

مارات بخورێ تەنگاو مەبە

دار برند کەسەی دز دیارە

غەدرت لێ کراسەبر بگرە

حاکمی گەورە ئاگا دارە

## پارەی چاوشۆڕی

شەل و سەقەت بە شەو کۆر و تا دار

برسی و تامەزرۆ بێ پارە و قەردار

دەرۆزە کەر و هەگبە لە مل کە

بگەرێ لە نان لە و مار لۆ ئەو مار

پێراو بێ گۆریە سەر رووت بێ کراو

کورتەك بێ کراس پڕ پینە شەروار

بخۆ نان و ئاو جەمەك نا جەمەك

نۆش کە زەقنەبووت فڕ کە ژەهری مار

ئەگەر باغەرت مشت بکەن لە دراو

دوو بەرکت پڕ کەن لە گەلاو دینار

تف کە لەو پارەش بە سەر شۆری دێ

مرۆڤ پێی ی دەبتە دوژمنی هەژار

# پێشینیان دەڕێن

ئەگەر ڕەزت هەمووی داری سێبەر بی ئەتوو هەر

لە بن دارەکی دەحەسێیەوە

وەکی کێخوا سێو دین و کورەکانی[1]

ئەری پێم نارێن کەنگی دەبنە پیاو

شەرم بتانگری بێ غیرەتینە

دەخۆن بێ قسوور دەبەن بێ ژمار

بڕەك حەیاکەن هەی نا مەردینە

ئەو گیرفانەتان چ بوو پڕ نە بوو

لە برسان مردی نەفس نزمینە

بابمان بە زگی دا لە خەفەتەنگۆ

داکیش شەو و ڕۆژ چاو لە گرینە

حەیف و مخابن کوری ئەو بابەن

برێن بابینگۆ کێخوا سێودینە

پارە و مرك و ماردنیاو دینتانە

نامەرد و سەرشۆرچاو لە دەستینە

بە میراتتان بی چ مرکە وو مارە

هەی مادەلاچی هەڵپەرستینە

---

١- مەبەست لەو چەند خەت شیعرە کەسەك یان شەخسەکی معەییەن نییە زۆرانمان دیت ساحێب کۆمەرەك کور بووینە یەکەکێان ڕێ و جێی بابێ نەگرتیتەوە تەنیا یەکەکیان نەبی جێ و ڕێی بابی بزر نەکردییەو نەیهێشتیە ناحەز و قین لە درەکانێ برێن ئۆخەێ وجاغ کۆرە.

شاهێدی بە درۆ کاسبیتانە

دەك بە سۆدرە چن موناففقینە

تا درۆ هەبی راستی و لا نییە

شەرم لە خواکەن هەی بێ زاخینە

لێو بەرللا تر قەت نابی هەبی

تاژی و توولەینە رستە لە ملینە

چارەوێنکەی سەی لێو خاوێن ترە

دەککە داووشێن ئاوە گرینە

قۆناغی بابمان چێی مێرخاسان بو

قەدر و نەزانی بێ سفەتینە

تەمای پێمان بوو جێی بگرینەوە

دەککە روو رەش بن بێ غیرەتینە

رۆیی و خەونەکەی بردە بن گری

نمەك حەرام و بێ ئەمەکینە

نەلۆ کەس کەسن نەکەس و کەسە

پارە پەرست و حەرام خۆرینە

شەرمم بە خۆیە برێم برامن

رەبی داوەشێن گا و گۆلکینە

لۆ هەندێ چاکن بن چەپەرۆك بن

پێتان هەرگرن گۆسکە و مەسینە

هۆ بابە سێودین شۆرەسوارەکەم
تەماشای جێ ورێی دیوەخانت کە
قۆناغی جاری جاران ببینە
وەعد بی نێلم جێ و رێت بزر بی
سارد نە بیتەوە جز و مەسینە
یار و نەیارت برین ئەشەدەن
هەر قۆناغەکەی کێخوا سێو دینە
جێ حەسانەوە و جێ حەوانەوەی
رێبوار و کەسی لات و مسکینە

## لە گۆتەی پێشینیان

کاکە وازلەکورتان بینە
چت بە سەر بێ لە مەر کەرە
چەمووش و لووشکە هاوێژ و
هەر چەندی برێی بەد فەرە
زەغەل و تەمبەل تەوەزەل
روح و گیانی بەس ماکەرە
جاشکی کەرە سەقەتەکەی
مامەندۆکی عەزە کەڕە
لە مەغریب هەتا سوبەینێ

بەس گەوزین و زەرە زەرە

ئەوەندە ئیشەی دەشکاتن

بە کولە مەرگی و کەسەرە

کووی لێیخوری کێوەی ببەی

ماندی بوونە و ژانە سەرە

ئەوی فکری کرینی بی

فەقیر حارە و هەش بەسەرە

کێش سەودای لەگەر بکاتن

جاشك و نیوەکی زەرەرە

## لۆ براکەم لە گەر رێزم

پێ بکەنە لە چت کەمە

دنیا بە کەیفی رێزدارە

لۆ وەناکەی هۆ براکەم مەشکەت چار فەسڵ لە دارە

لە دری برات رێبەندانە

لە کن توو دایم بوارە

ئەمنی بەرك وباغەر بەتار

تیلاکی توو دایم خوارە

جەمت لە وەی حەزت لێی تی خواردنمان خەم و ساوارە

مندارم شەوکۆرن لۆ گۆشت منداری توو لێی بێزارە

گەمە بە وەرەقەی دەکەن ئەمنیش عەزرەتم دینارە

پێم دەرێ نەکەی دابینی ئەبەدەن لۆ مار و پارە

حیسابی خۆت کاکی برای

بێ حیسابە و بێ ژمارە

ئەتوو دایم لە گەرانی

جێی خۆشی من بن دیوارە

ئەوەی لە توو کەمە غەمە خەمی منیش لە چار کەنارە

مەسکەنت کۆشك و ڤێللایە

ماری منیش لە حەسارە

کار و پیشەت رابواردنە

چ ئاگات لە منی هەژارە

خنکای لە ناو کەیف و سەفا

چار دەورت پڕشەدە. لارە

سۆر و سپی ناو قەد باریك

بەژن برندو رەش تارە

رۆژەك وکومن داماوبای

دەتزانی حارم چ حارە

ئەوجا پەکم بەهیچ نییە

مادام رازیق خوای غەففارە

حاکمی رۆژی جەزایە

خوای دەورەمەند و هەژارە

# هەولێرەکەم

سەلام دایە نازدارەکەم

بووکی دەشتی شۆرە سواران

سەر چاوەی ژین و ژیان و

رۆناك بیر و بەهرە داران

حوجرەی عیلم و خواپەرستی

تەکیەی شێخ و تۆبە کاران

مەسکەن و ماری شاعیران

ژووانگەی عاشق و دڵداران

باوشی گەرمی لێ قەوما و

مار و مەسکەنێ هەژاران

تۆ هێمای فەخر و شانازی

درکی دوور چاوی نەیاران

دیوەخانی پیاو ماقولان

کوتکی سەر سەری زۆرداران

سەلام لە قەڵا و منارەت

هەموو سوبەینە و هێواران

لە قەیسەری و لە بازارت

لە کاسب و دوکان داران

لە جۆت کەبابخانەی تاکی

بێ نەزیری ناو نەجاران

گۆشتی هەرزان کرای کاوری

هێوارەی بەر دەرکی ماران

تۆپلی شەکەر و شروب و

عەریـج و هەرای منداران

شامی نۆك لۆبیای سوبەینان

نانی تەندووری ناو ماران

های سیچماغ و های پیفوك و

شیری سوبەینەی بواران

زیارەتی ئەسحابە قۆجەی

خەم لە در و مراز داران

خورەیسانی و. ستە ئیمام

لۆ نەزۆك و بێ منداران

دووکانی مام جبرایلی

لۆ دوعای ترسی منداران

کووللە و ناو چیغی شەوانێ

قاپی باغلەمە و حەساران

زرمەی ئەزنیف دۆمینەی

چایخانەو بەزمی ئیختیاران

بەزمی مام غولام و نوری

سوپەینان لە ناو بەقاران
چاك و چۆن و نێجەسەنی
دۆست و برادەر و یاران
بۆنی هێل و قەنەفر و
بەهاراتی ناو عەتاران
ژیان لە دووریت کەسادییە
کولە مەرگە و ژەهری ماران
خودایە لۆ خاتری خۆت و
خۆشەویستی ئیمان داران
هەولێرمان دوورە بەراکەی
لە قین و رکی زۆر داران

# کابرا تازە بەتەمای چی ؟

ژیان وا چووە سەر بە هەبوو و نەبوو
وەکی هەندەکان بەختەکە نە بوو
جۆخینی خەرکی یەك و دەی دەبری
جۆخینی کاکتان یەك بە سفر بوو
ددان هەروەرین یەك لە دوایی یەك
چاویش یەکەکم لێ دەکاتە دوو
بە گۆپارەکەم گەلەك مەمنوون بووم
لە جیات شەقەکی رێ دەبڕم بە دوو
سەرە رەشەکەی وەکی. قەترانیم
نازانم ئەویان لۆ زوو سپی بوو
نە بە سوبغی عام نە خەنە و بەسمە
عەیبی کاکتیان پێ بزر نەبوو
سەرتاپای بەدەن رەق وەك تەختە دار
پشتیش چەماوە دەستیش لەرزەك بوو
تەرەم داناوە کارمامزی بگرم
لە بەختی رەشم ریوی پێوە بوو

# لۆ دۆستە بێ ئەمەکەکە

چما سەری زمانی خۆم نابرم

جارەکی دی ناوت بینی

قورقوشم[1] لە گێی خۆم دەکەم

بڕوا بە درۆکانت بینی

لێت مەمنوون نیم چاك بزانە

ملکی قاروونم لۆ بینی

پیاو نیم ئەگەر وەت لێ نەکەم

مردن بە چاوت ببینی

ئەو دوو دیدەت کۆرە نەکەم

کە تەنیا خۆت پێ دەبینێ

عومر وا گەیشتە کۆتا

بەرەللای وەك تووم نەبینی

چ لە مولك و پارە بکەم

کە مردنم بەچاوی خۆم بینی

مەرگە مووشت[2] دەرخواد دەدەم

لە جێیەکی ناوم بینی

پەندی باپیرانمان راستە

---

١- مەرگە مووش - مشك کوژە -

٢-قورقوشم - مزە

دۆستی دڵسۆز ئەو کەسەیە
لۆ خۆشی توو دەت گریێنی
نەك ئەو نامەرد و نا پیاوەی
بە ئەنقەست پێیت دەکەنێنی

## هاوار لەخۆت هۆ بێ خەبەر

وەتێنگەی ملك و پارەت
دەبنە رێگر لۆ وەی نەمری
قەسسەم بە خوا دەبی بمری
سوپا و هێزی هەموو دنیا
لەرووی مردن لۆت راوەستن
لێت محەقەق بی هەر دەمری
کیشوەر بڕی شەرق و غەرەب
ئەو سەر ئەو سەر دنیات پێ بکەن
لێت مزگێنی بێ هەر دەمری
ببیە سی مرخ بچیە عاسمان
بە هەزار و یەك بار هەر بێ
چارەت نییە دەبی بمری
سیحر باز لە مەدائین بێن
بە سیحری رەش دەورەت بگرن

بێ فایدەیە دەبێ بمری

بگەڕێوە باوشی خوا

هەتا زووە و عومر مایە

پێش وەی مردن رێت لێ بگری

پێش وەی شەیتان راپێچت کات

لۆ زەماوەندی ناو دۆزەخ

لۆ هەرپەرین دەستت بگری

## هۆ بووکی زوورگە زراو

پشتیوان. بەتوو خودایە

دەغر ئەو. سار دێتەچۆکی

سەلام لە بووکی شەمامك

لە گەنم و جۆ و نیسك و نۆکی

لە تەبارە و لە پەرێز و

هێرۆ و لاو لاو و شەکرۆکی

لە سەپان و تێلە کێش و

لە سوارەی باوش و بەرۆکی

لە جەنجەر و لە جۆخین و

لە باڵتەو و دەفە و حوشترۆکی

لە رەوسەکەی شەقر کرای

بن جۆخین و خاپەرۆکی

لە نیر و لە کۆپەران و

لە لاپووتە و فڕفڕۆکی

لە کا کێشانی بە شەڵتەی

گەمەی ناو کاو پاز پازۆکی

لە کابانی ئەسکوو لەدەست

باغەری شۆری سەر چۆکی

لە. مەشکەی بواران لە داری

لە سێپێك و لە ناودۆکی

لە کەوێ و. سەر کەوێی خامەك

لە بەرانپیل و چارۆگی

لە. بازن. و بەر بازن و

گوارەو لوولە و گۆبەرۆکی

لە قەزمەی پلکە ئەسمەرێ

پارە و لاسەرە و کۆترۆگی

لە خەناوکەی مۆری و مەرجان

لە کۆترۆکە و لە بێندۆکی

لە ناندین و لە کادین و

لەناوبرێشك و تیرۆگی

لە باول و بوخچەی بووکێنی

سندوقی باغەر نەینۆکی
لە شایی و لە ژن گواستنەوە
دیاری نەینۆک و دەسرۆکی
لە گووفەکی ناوەند گوندی
لە مشکی و لە خۆرەپۆکی
لە تەویلە و سەرگین دان و
لە بیر و کۆل و سەرشۆرکی
لە پاشۆل و پیشەقانی
ناسکە و مەیاس و بەدرۆکی
لە قێزبەلە و شملیشاق و
لە سێ بسکۆرە و پیفۆکی
لە تۆرکە و کاردی و. گۆرمزە
لە قورادە و لە ترشۆکی
حاجیلە و رنك و قەلۆغان
لە جاترە و گیا مامزۆکی
لە دامەی دەمەو عەسرانی
بەرامبەر مارێ داودۆکی
لە جەمەدانی چویت کرای
مشت و مڕی برایمۆکی
سەلام لە مستەی زایەری

کۆرەش و حوسێن عەیشۆکی

لە مام شینەی گۆپار لە دەست

مەرەگە و رەشید عەبدۆکی

حەمەد مەلا و رەحمان ئاودەل

لە لاوك و رەحمان خەجۆکی

لە بەرە بابی کامەلاو

لە نۆبەتدار و زەمۆکی

زەرگە و رواره و قەلنە قوت

لە مەحمەر پێ بە پەرۆکی

حەمەدی عەولای سمایلی

لە مێرەمە بێوە ژنۆکی

لە شێ حوسێن و لە ئاغای

دیوەخانی گەرم و کۆکی

مام دەنوون ئیسۆ و خشۆ

سەید کەمال دایە پیفۆکی

لە ئاغاژنە حەیات خان و

لە عەنبەر و لە بەسۆکی

لە مام جەردیسی دێوانە

لە شەق و لە چەپەرۆکی

لە تۆرکە و لە سمە کۆر

فەقێ ئەحمەد و خەجۆکی

لە مام سابیری قاوەچی

بە تۆز و پلکە عەیشۆکی

لە مەلا بەکری سەرە رێی

سەیدەمین و زەمزە مۆکی

بەعام لە خەرکی عەوێنەی

لە قەرات و خشخشۆکی

دووعا خوازم لە قاپی خوا

نەهات قەت نەگری بەرۆکی

## دیاریەک لۆ عەوێنەی نازدار

سەلام عەوێنە لە خۆت و ناوت

دەشت و ئاقار و لە هەواو ئاوت

قەرات و قشرەو کۆدەرەو ئەلیاس

قوچەکی قوتەو زۆرگە زراوت

دۆری ئاودەل و جوجە و خشخشۆك

لە گردە بۆرو هێرۆ و لاو لاوت

لە گەرێ مستەو مام یابەو خشۆی

گەرێ هەسپان و هوردە خوناوت

غەرابەی تەهاو غەرابەی سوسکان

گۆمێ گامێشان پردو دەراوت

لە ئاشی شێخی و لە کونە گورگت

لە شیوە سۆرو کەند و گۆماوت

لە هەردوو رەزی بەر گوندی و ئاشت

لە باو بارانی بە تێن و تاوت

شەوی زستانی بەر سۆبەی قشپل

فەسلی بەهار و سەیران و راوت

لە رێی گاران و چەرتی مام مستەی

دووریان و کەند و قوم و لماوت

سوالفە و سەربردەی بەر ئاگردان و

قەسپ و داندۆك و گەنمی برژاوت

هارەی دەستاری بازن لە دەستان

بەزم و دەست گەمەی جاحێر و لاوت

شیرنە گندۆرەی دێمەکارەکەت

شفتی و تەماتەی سۆری بەراوت

کەنگر و کاردی زورگ و چەقێنت

دۆی سەر کوندەران مزرە ماستاوت

مانگە شەوانی سەر جۆخینەکەت

شنەی شەماری پێش خۆرە تاوت

شاپی بەر دەمی خەستەخانەکەت

جۆت لە ئاقاری نایلە کوژراوت

راو لە مابەینی زورگ و بەرزەوار

مەلە لە گۆمی پیرە خنکاوت

کەشك و هەرشتە و شیرنە بەلەچەك

ئاوی کوندەکەی سارد وەك بەفراوت

جاترە و گیا مامزەی دۆینەو دۆغەوات

پیفۆك و رنکی شیرنی بە ئاوت

پارە بەهێلکەی کاکە ئەحمەدی

دەوارنە ترێی عەزیز خۆشناوت

بۆنی پەرێزت تۆزی هەوێزت

مەر لە بێر دان و بیر و سراوت

لە شەهیدانی ئاداری سۆرت

لە مێژووەکەی بە خێن نووسراوت

لە دەست وەکەری رۆڵەی دڵسۆزت

لە پیاو و ژن و کیژۆرە و لاوت

مەکتەب و تەکیە ومزگەفتی روخات

لە دیوەخان و سەکووی تێك دراوت

حەوش و حەسار و چاکە غەریبەت

لە حوجرە و تەکیەو ئاشی وەستاوت

رووت رەش بی دوژمن رۆژی تێکت دا

به ملی شکاو کۆرایی چاوت

دەك بە سۆدرە چی تا دنیا مایە

تەفر و توونا بی و بزر بی ناوت

ماستاوچی پسپۆر و لێزان هەر ئەوها دەبی ئەگەر راستیش بڕێ

هی دری نییە چونکە موناففقیشە ئەوانە هی وەی نینە گێیان لێ بگیرێ

## لە دیوەخانی براگەورەی ئاوایی

سەلام لەجێ و ڕێتەوە

لەو خەندەی بەسەر لێوتەوە

لە سەر و سیمای شێرانیت

غیرەتی لێ دەتکێتەوە

کە دەتبینین پێدەکەنی

درە پڕ غەم و تاریەکان

وەکی خونچە دەکرێتەوە

لاتی و دەست کورتی و فەقیری

هەموو لە بیر دەچێتەوە

ئیختیار دەست لە بن گی دەنێن

جاحێریان بە بیر دێتەوە

گەرعە و بەسێ ی سەر بە هەوێ

نۆرەیان بیر دەچێتەوە

قیسی کۆرپەی لە ناو لانکێش

بێ هەژان کڕ دەبێتەوە

تا دار و نەخۆش و کەنەفت

ئێشیان لەبیر دەچێتەوە

جۆتیار هەردەکاتە حەیران

کێژ بەلۆری دەرێتەوە

تەلەبە لە مەکتەب پێکرا

وەتەن ئاوا درێتەوە

گەردی کیژۆرە ئەسمەرێ

کاوێس خارۆ دەرێتەوە

دەنوون[١] فوو لە زورنا دەکا

خشۆ دۆری دەکوتیتەوە

تۆزی سێ پێی وشێخانی

بەری عاسمان دەگرێتەوە

باب کوژرای لە گەر دوژمنی

بێ مەسرەڕتی پێك دێتەوە

کاور و گیسك بە بێ حیساب

سەدەقە دەکوژرێتەو

---

١- دەنون و خشۆ - دوو کاسایەتی گوندی عەوێنەی بوون زۆرنا ژەن و دۆر کوت بوون

پیاو دەڕێن لە بابێ منت کەوی

بێوەژن دەپارێتەوە

خودایە گیان ڕۆژەك نەبینین

ئەو شەوقە بکوژێتەوە

ئاوایی بە گەورە و گچکەی

قوربان خاکی بن. پێتەوە

نا حەز کە ئەوها دەتبینی

سەگ تۆپ دەبی و دەرزێتەوە

## بڕەک فکر لە حاری خۆت کەوە

قەترانی چینت لۆ بینن بە بار

کلی سوبحانی لۆت بێ بە تەغار[1]

سەهووی بە پارە بکەونە داوت

بێوەژن و قەیرەو کیژی چاردە سار

هەشت بە سەری چت مایە تەمەن

گلۆلەی عومرت ڕۆیی بەرەو خوار

چاو لەبن عەینەك تاخمە ددانت

دەستەکت شەقە ئەوی دی گۆپار

١- تەغار لۆ پیوانێ دانەوێرە بەکار دئ - لە بادینان لە عەربە زیاترە

بەولا و بەو لادا دەلەنگی .کابرا

وەك ترمبێلی سەنتەربۆدی خوار

دەست و سەرلەرزۆك پشتت چەماوە

هەناسە سوارو وکەترە و دەردەدار

بەکەلکت نایێ حەب و مەرحەمی دەستی بەقار و حەکیم و عەتار

رۆژ لە بەر دەرکە هەتا رۆژ ئاوا

شەو هەتا سەحەر نوزە و نارە نار

بەتەما مەبە بگەرێتەوە

رۆژانی گەنجی و لاوی شۆرە سوار

وە چاکە هەندەی مایە لە مارت

پێی بگرە دەستی نەساغ و نەدار

## سەرەکی هەزار سەودایە

دەکە لەبابێ منت کەوی

تێمان ناگەینی ئەتوو چی

ناوبانگت دەنگی دایتەوە

پێمان نارێی بە تەمای چی

ئیش نمایە لەو عەیامە

ئەتوو سەرت لێ دەر نەچی

گەلەك مقەیەت بە گیانە

لە چاوپیس و هەرچی و پەرچی

کە ئەتوو ئەوها دەبینن

ئیتراکیان لە بەرێزتان دەچی

کاکە ناحەقیشیان ناگرم

دەزانی ئەتوو لۆ مە چی

جار بەیتاری جار تەبیی

جار بەر بەری زۆر جار دیشچی

رۆژەك حەرەسی شەوانی

جار سایەق بیر جار باغچەچی

چایچی شارەزا بە خۆتی

لە تازیەو خێران قاوەچی

جار قەسسابی جار نانەوای گەلەك رۆژان تەنەکەچی

رۆژ وایەر مان جارەك رون گۆڕ جارەك حەداد رۆژەك جامچی

رۆژە ك خەیات رۆژ پینە دۆز

رۆژەك سەرتاش جار پەرە چی

گەلەك رۆژ بێ فرت و فێری هەندەجارانیش سەختەچی

جار عەتاری جار بەقاری جارسەفاری جار ئوتراقچی

جار ئیشی سەر پێ دەکەی

جار رێگری رۆژ قاچاغچی

سار وەیە بەرێز فەللاحە

جار تەراحە جار عەلوەچی

رۆژەك ئیشی تەكسی دەكەی

لە پڕ دەبیەعارەبان چی

جار جامبازی جار بەززازی

جار چێر كری جار جار خانچی

جار رێك و پێك  و پۆشتەو خاوێن

زۆر جار بە سوالكەران دەچی

جاردوعا خین جارنوشتی نووس

جار بە جاریش دەبیە فارچی

لە بووك گواستنەوەو ئەكلەنجە

جار مقام بێژ جار قۆریات خین گەلەك جار دەبیەدمبك چی

كاكە ئاگاداری خۆت بە

بارۆژەك بە چاویش نەجی

بەدەست چاو پیس وحەسودان

بە بەلاش لەقیسمان نەچی

لەسەرسەرت سووریێ سەت جار

كێ لە رووت لە پێی دەردەچی

خەرك هی وەكی تووی هەبی

پێم نارێن چی لێ تێك دەچی

هەر ئەگەرەك دێتە پێشت

بە چاو چوقان لێی دەر دەچی

## باوەشی ناکەس بەچە

بەفر و باران و کڕێوە و زریان

چار دەورو بگری و بە گور بباری

وەك پەراسێلکەی هێلانە تێك درای

سەرگەردان لە دووجێگەو هەواری

بێ لانە و جێگا بێ مار و مەسکەن

پەڕا گەندە بن بەشەوی تاری

جێ نەبی تێی دا ستر بن برا

لە دۆر و کەند ولەند و ئاقاری

دەعبا و درندە چار دەوەر و بگرن

کەمتیارو گورگ سەیەکەی هاری

نەکەی هانا بەی لۆ ناکەس بەچە

جێی ئەمان نییەباوش و بن باری

چوون شیرحەرامەو سووك و ناپیاوە

پێتان وەدەدا وەك کۆرە ماری

## پیاو هەر ئەوەندە ناکەس بەچە دەبی !!!!!!

درۆی دەکەن ئەگەر گۆتیان

دنیا دیتە و خاوەن بیرە

پیاوی رۆژی لێقەومانە

هەندە زاناو هەندە ژیرە

جێی حەواندنەوە داڵدە دانە

هی پرس و راو تەگبیرە

قسەی ماستاوچی و خۆریانە

بەس بەرکی توویان لە بیرە

نازانی چ لە پارە بکەی

دەستت لە چ قاسە گیرە

بابی بەستەزمانت ئێستاش

پێ خەفی جاجم و حەسیرە

هەموو سەروەت و ماری وی

دوو سەر مەر و سێ چوشتیرە

سەیارەی ئاخر مۆدێلی

بارگینەکی شەلە و بیرە

داکێ پیر و غەریب حارت

بە دەست سێبەرۆ یەخسیرە

جەمی خۆشیان لە سای سەرت

ساوار و گەنم بە شیرە

حەفتە دێتن و دەرواتن

حەسرەتیان شیوەکی تیرە

پارە و مەنسەب کۆرەی کردی

تەنیاو تەنیا خۆت لە بیرە

بابی پیاو و سەر برندت

هەندە عیززەت نەفسی بەرزە

کەس باوەر ناکا فەقیرە

خەرك دەرێن خەنی بووە

کوری لە هەوراز مدیرە

لە بنی پێت تا تۆقیی سەرت

سەختە کارییە و تەزویرە

شەهادەی سێت لێ بووە کەسەر

ئەوەم گەلەك باش لە بیرە

نازانن کوری ئەحمەقی

تەنیا لە خەونی شەوانی

ئەو بابە پیرەی لە بیرە

خۆی بی بەری و نە ناس کردییە

لەو پیاوە لات و گزیرە

کە دێتنیش لۆ سەر دانی

به خەرکی ناریٚ بابمە

دەریٚ بن عامی بابمە

ماری لە تەلەل شەعیرە

حەیفە کوری ئەو بابەیە

ئەو مالۆسە ئەو. خەنزیرە

## لۆ کابرای گوریس راخەر

کابرا دەرێی بە تەما نی

رۆژەك ئۆغر بکەی بمری

پەل داوێی لۆ دوور و نێزیك

دەتویٚ عەرد و عاسمان بگری

ببیە عەباسی فیرناسی

بار لە خۆت بنێی و بفری

قۆران دەبڕی مل دەشکێنی

سەر. و بنی عەرد هەر دەدری

کێوە بچی لۆ کیٚ برۆی ملکی تووە

تا چاو حوکم دەکا و دەبڕی

برا واللە بیٚ فایدەیە

گوریست کەلکی وەی نییە

ئەو بارە گرانەی پیٚ هەگری

رۆژت بەرەو ئاوا بوونە

گلۆلەت کەتیتە لێژی

وەکی گوللە عومرت دەسری

شێخ بی گەدابی یا سولتان

کە رۆژ تەواو دەبی بمری

خۆ بەتەماش نی بەرێزتان

کلکی کەری دەججال بگری

میرات گرانت حازرن

لۆ بەشی خۆی سڕە بگری

قورت بە سەر لە جیات تۆبە

دەبی لۆ سەر. و مار بگری

عومری خۆت خڕ بەفیرۆ دا

لۆ خودا شتەکت نەکرد

لەولای رێی ئاگرت لۆ بگری

# هەڵپەرست

لۆ دوو سار دەچی هێرەم پێ دەکەی

لۆ مەرامی خۆت بێ حەسانەوە

جۆت و درووونەو شەغرەو شەنە با

جەنجەرو خرتەو سوغرەم پێ دەکەی

حاسلات هەمووی لۆ تووە برا

عەمبار و چار و لەودان پڕ دەکەی

باراشم مزاش نیوەی زیوانە

بن جۆخینیشم لە گەر بەش دەکەی

چەند جار پێم گۆتی برا دەست کورتم

خوا قبوور ناکە مندارم هوردن

ویزدانت هەبێ لۆ وەم لێ دەکەی

عەنتیکەت پێ دێ لە سەر حاری خۆم

پێم رادەبوێری و گەمەم پێ دەکەی

پێراوم چوپ لێس کەونەی پێرارە

پینە کرای رزی تەقیە بنەکەی

جەمی خۆشی مە شلە ساوەرە

توش هەرچت بوێ ئەوی تێ دەکەی

جلکم جەرەبێ کەونەی خەرکییە

بەرێزیش پۆشتە خاوێن و بژوون

هەر جارێ قەدەك لە بەر خۆ دەكەی

ئێش وا گەیشتە سەر هێسکم برا

کراسی سەبرو تەحەمول درا

ئەو کەسەش کەسە ئەلفەکی بەسە

درت خۆش نەبی بەکرِی و بێ دەنگیم

برێ مەجبورە و دیارە بێ کەسە

زۆرم لە دوو دای گۆتم باش دەبی

نەخێر وابزانم تا ئێرەو بەسە

شەرت بی دەردەکی وەهات بدەمێ

سێ پی و دوو پێ و جۆپیت پێ بکەم

برێ خاتری خوای پێی برێن بەسە

ئەوجا لە گوندی شار بە دەرت کەم

برێ گەر پیاو بم ئەوەندەم بەسە

## کراوەکەت

ئەو کراوەی توند گرتیتت

نە بادا با بێ و بیباتن

برا ئەتوو وا بی خەم بی

هەر. رۆژەکە و هەر دەکاتن

نە بەس بەتەنی کراوت

شەرواریش لە گەر دەباتن

سەرکۆت و بێ کراو و لینگ رووت

زەلیل و ریسوات دەکاتن

لە ناو ناحەز و نا. پیاوان

سووك و پەر پووتت دەکاتن

هەر چی هەتەو نیتە برا

بە زەقەی چاوان دەباتن

سەرت وا لێ دەشێوێنی

دۆ و خۆرت تێکەر دەکاتن

سەری رێت لێ بزر دەبی

نازانی کێوەت دەباتن

دەبی دەست لە چۆك دانیشی

یەك بێ قوتارت بکاتن

برا قۆر و باسکان هەر کە

بەر وەی حار بەوە بگاتن

جێ و مەسکەنت توند تۆر کە

پێش وەی رەشە با هەرکاتن

هەنگی پیاو نییە جورئەت کا

دەرکەت لە رێسمە بباتن

## لە یادگارە کانی راوچیەک

راوەستن با تێر بگرییێم

لۆ جێ حەوش و ماری یاران

لۆ کەند و جۆم و نشێوی

لۆ گۆمە گەورەی بەر ماران

هۆ کەلاوەی لە دران شیرن

توو خوا ئەگەر رێی کەتە لات

شا جوانی زوورگ و ئاقاران

برێ هاتە جێ ی حەوش و حەسارتان

لۆ خزمەتی کێخوای بابت

لە گەر دەستەك شۆرە سواران

بە دەیان چەپکی نێرگز و

رێز و سەلامیش بە باران

لۆ مەجلیسی مافور رێژ کرای

جێی پیاو ماقول و ئیختیاران
لۆ دار و شەقرە و کاریتە
لۆ خشت بە خشتی دیواران
لۆ کۆتان و بەردە بێرو
سێپێك و مەشکە و هیرباران
لۆ هەوێزی کە دەیماری
لە پێشی مەغریب و هێواران
روو رەشی لۆ قین لەدران
لۆ تێك دەروو لۆ نەیاران
کە نەیان هێشت و تێکیان دا
دۆستایەتی و پیاوتیەکەی
پڕ ئەمەك و وەفای جاران

## هەولێرەکەم !!!!!!

شارە شیرنەکەم سەرچاوەی وەفا

شاری عوزەیر و چۆلی و مستەفا

شیخی خوراسان سولتان موزەفەر

دێوانە حەمەی وێڵ و دەر بە دەر

سەلام لە تەکیەی جاری. جارانت

مەدرەسەی عیلم و فەن و عیرفانت

دەف زەن و زیکری خودایەکەی مەزن

یا هوو و یا اللە ی مریدەکانت

مزگەوتەکانی جێی سوجدە و رکوع

لۆ خوداوەندی عەرد و عاسمانت

خانەقای گەرم و گوری نان دەرت

جێی حەوانەوەی بێ داڵدە کانت

تەگبیر کەرانی ئۆجاغ و دیوان

رۆژی تەنگانە و سەختی ژیانت

رۆڵەی بەوەفا و گیان فیدا و دلێر

ئافرەتی مەرد و حەرێم گرانت

عاشقانی یادی فەخری کائینات

سەداخۆشانی مەولود خوانت

زیکری شەوانی قەدری موبارەك

دووعا کەرانی نیوەی شەعبانت

بازاری پڕ لە تەقوای خواو و حەیا

لە خودا ترس و مەتین ئیمانت

دەست پاك بەویژدان لە کێش و میزان

بێ غەل و بێ غەش لە گەز پیوانت

زەکات دەرانی حەقی خوای مەزن

قوربانی کەری چەژنی قوربانت

برادەراتی پڕ وەفا و. راستی

ئوممەتی ئەحمەدعیسای دیانت

ریسوا بی ئەوەی دەیوێ پێ شێل کات

ئاین و رەوشت و کەلتوری جوانت

خۆشی نەبینی نەیارت هەولێر

شەرمەزاری لۆ قین لە درانت

درەوشاوەبی ئەستیرەی مێژووت

رووناك کاتەوە عەرد و عاسمانت

# لێ گێڕانەوە

سەلام براکەم کاکی تیلاك خوار

ماشاڵات لێ بی بێ حەدو ژمار

خوا بتپارێزی لە چاو و نەفەس

پۆشتەو قیت و قۆز عەینی چاردە سار

قاسەو جانتا پڕ گیرفان گەرم و گور

پڕ. مارك و یۆرۆ فڕانك و دۆلار

نازانی چ بخۆی چ لە بەر بکەی

لە رانك و چۆغە و کورتەك و شەروار

لە وەنەوشە وە لۆ سەر رانج رۆڤەر

پۆرش و رۆز رایز هەمەرو جاکوار

کاکی تووش رووت و قووت و داتەکای

باغەرسارد و سور نەخۆش دەردە دار

لەبن باری قەرد پشت چەمایەوە

شەوم پڕ لە خەم بەرۆژ شەرمەزار

لێت گێڕایمەوە بێم لۆ سەر شاییت

گۆپار بە دەست و لەرو شەت و خوار

ئەگەر لۆم لێ دەی سەت زورناو شمشار

دوو سەت دۆرکوت و سەتان دەف وتار

رەش بەرەك پرکەی لە چاو بەکل و

لەسەر بە تاسە و جوان و شەدە لار
کاکی خۆت . نەدیت لە گەری شایی
بە سەری کۆت و دوو بەرکی بەتار
زۆر سەهووی رۆژەك بم بینی ریسوا
لە پێش ناحەزو خۆری و سەگ و سوار
پیرۆزت بیتن چار دەورت برام
لە هەڵپەرست و ماستاو چی و لاسار

## چاو لە دەستان

داوەشێ ئەوەی بێ فایدە و خێرە
تەمبەل تەوەزەل بە دەرکان فێرە
مندار لە مارێ برسی چاو لە دەر
خۆشی بە خێرای ئەم ئەو تێرە
بێ کار و بێ ئیش رۆژ تا هێوارە
چاو لە دەستان و سەدەقە و خێرە
دەست پانکردنەوە لەوە و لە وێهێ
بە رەزیل کردن و تێ هەردان فیرە
داوەشێ ئەوەی ریویە لە بازار
لە ناو منداری پرینگە و شێرە
دەرۆزە لە گەر خینی تێ کەرە

ئیش لێی مەعلان گرتنی بەر چێرە[1]

لۆ ئاوەدانی فلسەکی نایینی

جێی ئەو نەوعانە دەشتەو بەر چێرە

پەندی باپیران نەخشی سەر بەردە

بن دەستی ماندی زگەکی تێرە

## لۆ هەولێر

خۆشتم دەوێ شاری شاران

بووکی دەشتی شۆرە سواران

سەرچاوەی ژین و ژیانی

هونە رمەند و بەهرە داران

سەلام لە قەلا و منارەت

هەموو سوبەینە و هێواران

باوەشی گەرمی بێ لانان

ژوانگەی گەرمی دڵداران

سونبولی فەخر و شانازی

درکی دور چاوی ئەغیاران

شاری وەفاو خۆشەویستی

١- ووشەی بەرچێری یەکەم مەبەست چێرو رەشە وراغە - ووشەی بەرچێری دووەم مەبەست یەقەیە ئەوجا کراس بی یان کورتەك یان چاکەت بی.

پیاو ماقولان و ناوداران

هەولێر گیان هەزاران خۆزگە

بە ژیانەسادەکەی جاران

دەست لەملانی و پیرۆز بایی

سەرەدانی مار بە ماران

لە جەژنی سمایل پێغەمبەر

رەمەزانی ئیمان داران

زرمەی دەفی تەکیەو مزگەفت

حەلقەی زکری تۆبە کاران

راستی و دەست پاکی و بێ فێری

دووکان دار و کاسب کاران

غیرەت و حەیای پیاوانت

پاکی و وەفای عەبا داران

ماست و لۆر و پەنیرەکەی

هەرسێ مانگەکەی بواران

نانە پڕ رەشکە و شمریەکەی

جۆت کەبابی ناو نەجاران

سەیران کەرانی مەحەتەو

حەفت عەلەنتریك و ئاو باران

عوزەیر و شێخەکەی چۆلی

ست ئیمامه و مرازداران

هەولێر گیان توو دووره دەستی

له تەماح کار و زۆرداران

به پشتیوانی خوای گەوره

له ناو بەری ستەمکاران

## براکەم

ئەو نانه نانه ئەورۆ له خوانه

ژیان ماندی بوونه ژیان غاردانه

ئەو پاروه نانەی که پێی سەر بەرزی

هی شەو نخونی و هی رەنجی شانه

پیاوه ئەو کەسەی وەکی مێشەنگین

لۆ پارووی حەرار له حەول دانه

چاو شۆره و زەلیل ئەو کەسەی کەوا

دەست پان کەرەوەو چاو له دەستانه

گوره ئینسانی دەست و دامەن پاك

جێی بەر یەقەیەیان ناو گوردانه

خەجالەت مەنده هەر کەسەك کەوا

رێسوای بەر دەستی بۆره پیاوانه

سووك و چرووك و بێ عیزەت نەفسه

جێی سەر گوفەکه یان زبردانه

## لۆ کابرا بێ خەمەکە دیارییە

حەقی خۆتە پێ بکەنی

پێمان نارێی لەچت کەمە

سفرەو والە سەری دەرژێ

نە جەم جەمە نە دەم دەمە

ناو مارت ماشاڵای لێ بی

ئاخر مۆدێلی سەر دەمە

هەموو کاتتان بەزم و رەزمە

تەنیا بەرازتان لێ کەمە

دەژین پاشایانە بەرێز

ئەوەی لێتان کەمە خەمە

شەو و رۆژتان لێ تێك چووە

دووشەمتان لە کن چار شەمە

خەمی کەست لە بەر نییە

دەرێی موهیم بەخۆم هەمە

جیرانت دەست کورت و فەقیر

شەو و رۆژیان دەرد و خەمە

برسی و تامەزرۆو بێ چارە

لە سێ جەمان دوانی کەمە

گیرۆدەی دەردو بەرانە

تەنیا مردنیان لێ کەمە

دەك داوەشێی دەك دارزێی

رۆژەك فکرت نەکردەوە کابرا

بپرسی لەمەو لە وێهێ

برێی کوونە جیرانەکان

توو خوا برێن لە چتان کەمە

مەشترسێ هیچیان لێت ناوێ

دەزانن بەرێز چەند کەمە

چەندە بێ کەلك و ناپیاوی

لە نامەردی نەوعت کەمە

## کابرا

ئەجەل وا بەرەورووە دێت

چاوەرێی . فەرمانی خودایە

هەر بزانەئۆغرت کرد

جێ دەهێلی ئەو دنیایە

ملك و مارو ڤێللا و تەلار

سەروەت و پارە وسەرمایە

لە مەجلیست بەرێز دایم

رەقس گۆرانی و سەمایە

سەر مێزت پڕە لە مەشروب
جن و وێسکی و شەمپانیایە
سۆزانی ئەشکال و ئەنواع
چار دەوری بەرێزیان دایە
لوبنانی و سوری وئێرانی
بەنگلادیشیشیان تێدایە
لە هێوارە تا بەیانی
گۆرانی و بەزم سەمایە
هەشت بەسەروا تێ دەگەی
دنیا لۆت هەتا هەتایە؟؟
لەبەر کەیف و بەزم و ڕەزمت
دابڕای لە ئەو دنیایە
هەتا ئەورۆشی لەگەر بێ
هیچت نەکرد لۆ ئەو خودایە
خێراکە بگەبە تۆبە
هەتا روحت لە بەردایە
ئەگەر نا هاواربە حارت
لە توورەیی ئەو. خودایە

## براگیان

بژی بە ئومێد ئیش کە لە سەر خۆ

ئەوەی دێتە دەست بێخە سەر سەرت

بریَ خودایە شوکر لە بۆ تۆ

بژی بە رەنجی شان و دەستی خۆت

نەك بە فرت و فێر بە دزین و درۆ

بەتەماش مەبە بە شەو و رۆژەك

ببیە چەلەبی یان حەمە قەدۆ

بە ماندی بوون و بەشەو نخونی

ژیان دەچیتە سەر بەبێ سفت سۆ

پەندی پێشینیان نەخشی سەر بەردن

بە مراکە ماستەك زیَ لۆت نابتە دۆ

## بەرماوە خۆر

بەرماوەی شێرە کەمتیار دەیباتن

بە ترس و لەرز و دزی دەیخواتن

بەین تێك دان و خەرك تێك بەردان

خۆری و نامەرد و ناپیاو دەیکاتن

قسەی ئەوێندەر لۆ ئێرە دەینی

هی ئێرەش یەك سەر لۆلای دەباتن

بیژییە ئەوەی ئەوە پیشەیەتی

ئەوهادەیەوێ جێی خۆی خۆش کاتن

رۆژەکە و کونیەی ئاشکرا دەبی

عیززەتی نەفسی لە دەست دەداتن

دەبتە مەسخەرە بەدەست زەبانیە

کوو بە شاپ و شەق ئابڕوی دەباتن

## خەونەکە

کابرای شەو و رۆژ لە خەونا دەژی

هەشت بە سەری خەیاڵت خاوە

بە ماری دنیا تا هەتا بژی

پیری ونەخۆشیش دەرەقەتت نێن

لێت مسۆگەر بی ئەجەل دەتکوژی

کە رۆژت هات و مەلەك گەییە لات

ناتمینێ پشیەك هەوا هەر مژی

هەنگی دەزانی چی و چت کردییە

بە ئومێدی وەی نەمری و بژی

# لۆ ماستاو چییەکە

ماستاوەکەت باش تێك بدە

با بتناسن با دیار کەوی

شان داکووتە و پێراو دانی

با پارووی چەورت بەرکەوی

درۆی شاخ داریش زەروورە

بیکە کە لۆت هەر دەکەوی

گەوادیت لۆ هەرکەت بیکە

لیٚ رادێی پێشیش دەکەوی

بەس جاری یەکەم زەحمەتە

مەترسیٚ لە منت نەکەوی

ئەوها نەکەی ئەوهاش نەبی

رۆژ بە رۆژ بەپاش دەکەوی

بەزمانە لووس و پووسەکەت

هی وەك خۆت لیٚ هەر دەکەوی

پیٚ دەچی حەزیشت لیٚ بی

نەیکەی درت داناکەوی

ئاو خواردنەوەیە لە کنە توو

پسپۆری پەکت ناکەوی

ئەتوو گورگی باران دیتەی

وا بە ئاسانی ناکەوی
کەس نییە بەرێز نە ناسی
وەکی توویان دەست ناکەوی

## بنیادەم

بە پارە و هێزت مەنازە
لە راست توانا و هێزی خودا
سەر شۆرییە و حەیا چوونە
رکابەری لە گەر خالیق
تەفر و تووناو لە ناو چوونە
مشکەك مەئرەبی[1] خاپور کرد
ئەبابیل ئەبرەهەی فەوتاند
پێشکەك نەمروودی رێسوا کرد
شەقی خوا کە هات قەتعییە
ئەمری ئەو - کن فیکون - ە
تۆفانە یان رەشە بایە
یان لە ناخی عەردی رووچوونە
دەبپرسە رۆژەك لە خۆت

---

١- بەندی مەئرەب لە یەمەن بووە خوای گەورە بە هیلاکی بردن بە تێك دانی بەندەکە بە دەست مشکەك! - لۆزیاتر زانیاری دەتوانن لە یوو تووب بیبیننەوە و راستی روو داوەکە بزانن.

فیرعەون و هامان و قارون

کوو بوون چ بوون چییان دەکرد

چییان لێ هات کێوە چوونە

عومرت ملیۆنەك ساریش بی

دووا رۆژت لۆ لای ئەو چوونە

لە مەیدان شەرمەزار روو رەش

مار وێرانی و زەلیل بوونە

پاداشتت بێ شك دۆزەخە

لە گەر ئبلیسی مەلعونە

کارتان دەمەقاری و شەرو

جوون دان و بەیەك داچوونە

## وای لە خۆت بێ ئاگا کابرا

نەفخی سوور لێ درا بەرێز. هەستاوە

سەیری کرد دنیا هەمووی گۆرایە

وەی زانی مەستی مەشرووبی شەوی

هێشتا لە سەرە و بەری نەدایە

سەیری ئەو دیو و ئەو دیوی خۆی کرد

دیتی ئەو خەرکە خر حەپەسایە

لە تەك خۆی پرسی ئێرە کێندەرە

ئەو خەرکە لۆچی وا دۆش دامایە

لەو لایە گریان لەو لای بابەرۆ

تا چاو حوکم کات هەر واوەیلایە

گۆتی قور بە سەر من ئەوجا هی توو

دیارە بەرێزتان زۆر بێ ئاگانە

ئەورۆکە حەشرە و حاکم خودایە

گۆتی ئەی هاوارمارم کاول بوو

بە مەعنا ئەمن دەستم بەر بووە

سەروەت و مارم هەمووی جێ مایە

کانی مەزرەعە و کۆشك و تەلارم

کا پاسەوان و دەفتەر. دۆلارم

مارم خرابوو خۆ چم نمایە

جیرانی گۆتی ئەوە لێ لۆیە

سەبر کە جارێ لۆلۆ هەر. مایە

با مەلایکەت بێن و بتدەنە پێش خۆ

بە شاپ و بە شەق گەر گوناح بار بی

هەنگی دەزانی چت لێ قەومایە

گۆتی ئەتوو کێی ئەوها بێ خەمی

گریان و هاوار گێیان کەر دەکات

دەرێی لە کنەتوو چ رووی نەدایە

گۆتی راست دەکەی بێ خەم و ترسم

ئەمن بەندەکی مل کەچ بووم لۆ خوام

لە سەرە مەرگم موژدەم پێ درایە

گۆتی ئەی هاوار برا هەر لە من

قور.و هەش و خم بەس بەسەری خۆم

گەیمە قیامەت بە دەستی بەتار

لۆ حوزوری خوا خۆ چم نەینایە

لە پڕ راپەری دیتی خەون بوو

سوجدەی برد گۆتی تۆبە خودایە

## کابرا دەرێی خۆت لە بیر کردییە کێی ؟؟!!

دنیا ئەو سەر ئەو سەر بکەن

کەمتر لە توو کەمتر نییە

کاسە لێسی بەرماوە خۆر

لە نەوعی جەنابت نییە

پوول پەرست و هەلپەرستی

هاو شانت لە چ جێ نییە

ئەوەی دەماری غیرەتە

لە بەدەنی توودانییە

زمان پیس و لووسی شکلت

له کۆری هیچ خۆریان نییه

لەبەر مێبازی و چاو بازی

ماری خۆت هەر لە بیر نییه

لۆ مادەلایی و کوسکێشی

ئەوە وەکی توو هەر نییه

جار جار لۆ نەرمە گەوادیش

خۆ هەر سەرت پێوە نییه

ئەوەی پێی دەگۆتری نامووس

لە کوونیەت وجودی نییه

دەریایەکی لە دەست پیسی

لە هیچ لا کەنارت نییه

لە تۆبەو پەشیمانی زیاتر

ئەبەد چارەی دیکەت نییه

دەنا برۆ سەر هەرگره

جێی ناپیاوان لێرە نییه

## دەورەمەندە حەفت مانگیەکە

هۆ زر تاژیەکەی تەبیعات ریوی

پیرە یەختەکەی دایم بەزیوی

قۆرشکێن فێر باز چەرچی قاچاغ چی

رۆژ لێرەو لەوی شەوان لەو دیوی

لەوەتای خەرك و عالەم دەتناسی

گەمبۆرەکەی پشت پەناو پەسیوی

بەرۆژ و بەشەو چاو لە دەرکان بووی

لۆ یەك دوو نان و لۆ قاپەك شیوی

لە هیکرا لێمان بویە قاروونەك

عەمبارت پڕ بوون لە زێرو زیوی

ئەوپارەو موولکەت ئەگەرنەدەبوو

کێ خۆر بەکراوی وەك توو دەپیوی

## کەسی برای

توو و ئەو خودایەسەبرت هەبێ

لە سەر ئەو غەدر و ناحەقیەی

بە دەست ناپیاو لە توو دەکرێ

بێ شك چاوی پێت هەرنایێ

بە و باس و خواسەی مێر خاسیت

لە ناو عالەماکە دەکرێ

ئەتوو دایم رێز لێ گیرای

لە دیوان و دیوەخانان

ئەو بە دایم تۆری دەکرێ

پەندی باب و باپیرانە

لە دێر زەمان تا ئەو رۆکە

زندی مایە و هەر باس دەکرێ

بێ شك دیارە داری بەردار

بەدەست ناپیاو و بەرەڵا

هەموو دەم بەرد باران دەکرێ

## کابرا

گەرچی تووکی سەرم قەردە

شەروارم پڕ پینە و کوونە

ئەمن سوواری دوو پێی خۆمم

ئەتوو وەنەوشەت لە بنە

دەور و بەرم سنفی خۆمن

چار دەورت ماستاو چی و ژنە

دۆستی من پیاوی بەرێزن

دۆستی توو دۆلار و ینە

قەدرت لە کن خەرك سفرە

رێزی خەرك بەشی منە

ئەمن بێ خەم و حەساوەم

بەرێز بە حەسرەت نووستنە

تەماحی و خەم دەوری گرتی

قەدری سیحەت لە کنە منە

لە ژیان ئەمن بردیتمەوە

سەت خۆزگەت بە حاری منە

## جون دان

لە دەمەقاری و لێك گیر بوون

خۆت زەفت کە جونان مەدە

داك و باب و کەس و کارت

بە ناکەس بەچەو خۆرییان

لەو گۆرەی بە جون دان مەدە

دۆستی گیانی زۆر گەورەیە

بە ئاسانی دەست ناکەوی

پیاو بە لە قیس خۆتی مەدە

ناپیاو ئەگەر کەسیشت بوو

لەسەر جۆپی زەماوەندی

کەلانگوچکی لۆ بامەدە

هەر وەخت پیاوتیت لۆ هەرکەت

دیتت لە گەر پیاوی مەردە

بیکە لە قیس خۆتی مەدە

دۆستایەتی بێ ئەمەکان

هەر هەند دەمینی تا هەیتت

هی پیاوی لەپشتی پیاوان

باقییەو هەتا ئەبەدە

نانت لە بەر سەیان رووکە

هەم خێرە هەم سەدەقەیە

بەس بە پیاوی سفرە مەدە

براکەم سەبر و بێ دەنگی و پیاوەتی کەس مەقۆزەوە لۆ مەرامی خۆت باپیران

گۆتیتیان خۆ لە گۆمی مەند مەدەن

## هەڵپەرست

لۆ دوو سار دەچی هێرەم پێ دەکەی

لۆ مەرامی خۆت بێ حەسانەوە

جۆت و دروونەو شەغرەو شەنە با

جەنجەرو خرتەو سوغرەم پێ دەکەی

حاسلات هەمووی لۆ تووە برا

عەمبار و چار و لەودان پڕ دەکەی

باراشم مزاش نیوەی زیوانە

بن جۆخینیشم لە گەر بەش دەکەی

چەند جار پێم گۆتی برا دەست کورتم

خوا قبوور ناکە مندارم هوردن

ویزدانت هەبی لۆ وەم لێ دەکەی

عەنتیکەت پێ دێ لە سەر حاری خۆم

پێم رادەبوێری و گەمەم پێ دەکەی

پێراوم چوپ لێس کەونەی پێرارە

پینە کرای رزی تەقیە بنەکەی

جەمی خۆشی مە شلە ساوارە

توش هەرچت بوێ ئەوی تێ دەکەی

جلكم جەرەبی کەونەی خەرکییە

بەرێزیش پۆشتە خاوێن و بژوون

هەر جارێ قەدەك لە بەر خۆ دەکەی

ئێش وا گەیشتە سەر هێسکم برا

کراسی سەبرو تەحەمول درا

ئەو کەسەش کەسە ئەلفەکی بەسە

درت خۆش نەبی بەکرێ و بێ دەنگیم

برێ مەجبورە و دیارە بێ کەسە

زۆرم لە دوو دای گۆتم باش دەبی

نەخێر وابزانم تا ئێرەو بەسە

شەرت بی دەردەکی وەهات بدەمێ

سێ پی و دوو پێ و جۆپیت پێ بکەم

برێ خاتری خوای پێی برێن بەسە

ئەوجا لە گوندی شار بە دەرت کەم

برێ گەر پیاو بم ئەوەندەم بەسە

# پەند و ئامۆژگاری

لۆ وەی سەرو و مار سترو مەستور بی
سیو سیوەی دەرکەت قۆر و مەتین کە
با بە ئاسانی لە رێسمە نەچی
غەدرت لێ کرا جوان تەقەتی کە
لۆ رۆژی  تۆرە لە بیرت نەچی
دەمەقارییەك  هی  کەست نەبی
لەو کۆرەی بەپیربەراوە نەچی
لۆ پشکە گۆشتەك کۆر و شەوکۆر بە
لۆ سەر زیافەتی نەدیتکان نەچی
تێپەر بووی  رۆژەك بە رۆخ  قەبرستان
خیندنی فاتیحەت لە فکر نەچی
لە مشت و مڕ ولە دەبی و نابی
لە سەرە خۆ بەو بەلاش هەر نەچی
گەوارەی بواران بێ ساتەو وەختە
لۆسەفەری دوور بێ ساقۆ نەچی
ئیشەك لۆت  هەرکەت خێری پێوە بوو
بیقۆزەوە بالە قیست نەچی
لە سەردانت لۆخزمی دەست کورتت
بە دەست بەتاری و بێ دیاری  نەچی
لە دەرمان  خواردن باش زەین  بدێ
بە پەلە مەبەبا لێت تێك نەچی

# ئەلبومی وێنەکان



خوالێخۆشبوو(حەسەن لاوك) باوكی چەتۆ حەسەن



هەولێر لە سیەکانی سەدەی بیست



دارە شەکران



سروشت بە ڕەنگی ئاوی - چەتۆ حەسەن




هێلکاری- جەنجەڕ - جۆخین



هێلکاری - شەغرە هێنانەوە



دیمەنێکی گوندی عەوێنە - ڕەزو مەکتەبەکەی



هێلكاری- چەتو حەسەن



مەكتەبی عەوێنەی سەرەتایی - لە پەنجاكانی سەدەی٢٠ -بە ڕەنگی ئاوی -چەتو حەسەن

منارەی چۆلی بە ڕەنگی ئاوی




منارەی چۆلی بە ڕەنگی ئاوی



بەهاری دەربەندی گۆمەسپان - ٢٠٠٣



شانۆگەری (لۆ تێم ناگەن)



هونەرمەنان لە ڕاستەوە :مونعم مەزهەر -چەتۆ حەسەن - یوسف باکوری - بەدرخان سندی - فوئاد ئەحمەد



مامۆستایانی قوتابخانەی سۆران- ١٩٧٣



نۆغەران -بڕگەی هەڵبەست - لە بەرنامەی خەرمانی نیگا



یادگارەك لە عەوێنە



هۆڵی سینەما سەلاحەددین - هونەرمەندان ،جەمال داود ،حەسیب ناجی ،چەتۆ حەسەن ،تاهیر تۆفیق
باكوری ،فوئاد ئەحمەد




شانۆگەری(ماری نوێ )هونەرمەندان - چەتۆ حەسەن ،نەناسراوە ،سەعدون یونس،
دانیشتوو -كەریم عوسمان ،وەستاوەكانی ڕیزی كۆتایی -زوهێر عەبدولمەسیح ،زوهێر سەعدون



بەشی ناوخۆی خانەی مامۆستایان - ١٩٦٤



بەغدا - ئاهەنگی خولی شێوەکاری و کاری دەستی



شانۆگەری(لۆ تێم ناگەن)هونەرمەندان - جەوهەر باپیر - ئیبراهیم حەکیم - چەتۆ حەسەن



له ڕاستەوە:چەتۆ حەسەن ،عارەب عوسمان ،میخائیل شابۆ ،یەحیا مەرجان



تیپی هونەری هەولێرو هونەرمەند تەحسین تەها
لە حەفتاکانی سەدەی بیست - مەسیف سەلاحەددین



هەنەرمەند تاهیر تۆفیق - هۆڵی گەل



شانۆگەری(لۆ تێم ناگەن)هونەرمەندان - خاتوو دڵپاك تاهیر ،ئیبراهیم حەكیم ،موئەید محەمەد فەقێ



سەرتاشەکەی پشت مەخفەری خانەقا
هەولێر - ١٩٧٢ - بە کامیرای چەتۆ حەسەن



عەوێنە پەنجاکانی سەدەی بیست
بە کامیرای کەمال ئەفەندی، مدیری مەکتەبی عەوێنەی ئیبتدائی



زورگە زراو - عەوێنە - ٢٠٢٣




گوندی بناوە سوتا - پێنجوین - بە کامیرای خۆم



له دیار دەربەندی گۆمەسپان - ٢٠٢٣



شانۆگەری قەڵای دمدم
لەگەڵ هونەرمەندی گەورە خەلیل یابە کەریم



## چەتۆ حەسەن لاوك

- لەدایک بووی هەولێر/ عەوێنە ١٩٤٥
- دەرچووی خانەی مامۆستایان ١٩٦٤
- ١٣ پێشانگای بە کۆمەڵ و تایبەت
- ١٩ بەرهەمی شانۆیی
- ١٠ بەرهەمی تەلەفزیۆنی
- ٣ زنجیرەی تەلەفزیۆنی/ نوسین
- وەرگێڕانی ڕۆمانی دم دم ی عەرەبی شەمۆ لە کوردیەوە بۆ عەرەبی
- ١٠ پێشانگای فۆتۆگرافی سلاید و ڕەنگ
- بەشداری پێشانگای چالاکی ٢٠٠٠/٥/١٩
- پێشکەشکاری بەرنامەی هەگبەی کوردەواری ٢٠٠ ئەڵقە
- سەرۆکی تیپی هونەری هەولێر
- سکرتێری ئەنجومەنی باڵای هونەر
- سەرپەرشتیاری هونەری لە بەشی شیوەکاری چالاکە قوتابخانەکان
- ١٥ درامای تەلەفزیۆنی لۆ KTV
- ١٢٥ ئەڵقە لە بەرنامەی فۆلکلۆری خەرمانی نیگا

ڕێکخراوی مرۆیی
هەماهەنگی
نانەکەلی

ئەم پەرتوکە بە تەواوی تێچویەوە لەسەر ئەرکی
ڕێکخراوی مرۆیی هەماهەنگی نانەکەلی بە چاپ گەیەندراوە

(تێشویی کۆن و هزری نوێ ڕەنگدانەوەی
ڕێکخراوی مرۆیی هەماهەنگی نانەکەلی)یە

# پێرست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٣ | چەتۆ حەسەن سامان و گەنجینەیێکی بەهاداری نەتەوەییمانە |
| ٥ | هەڵپەرست |
| ٨ | پیری ئاخر شەڕ |
| ١٠ | پاڕانەوە |
| ١٣ | نازدارەکەی زوورگەزراو |
| ١٦ | تێرنەخۆرەکە |
| ١٩ | حەیفم  لۆ گوندەکەم |
| ٢١ | کابرا شازەکە |
| ٢٤ | ئەو گوریسەی گرێ نادرێ |
| ٢٦ | جوانی جوانان |
| ٢٨ | پۆشاکی من |
| ٣٠ | سەلام لە........... |
| ٣٨ | هانای بەبەر خوای دەبەم |
| ٤٠ | رۆژە ڕەشەکە |
| ٤٢ | بەبابی نەچی حەرامە |
| ٤٤ | کاکی پاڵێوراو |
| ٤٩ | خەلقی خوا |
| ٥٣ | ڕۆژی کورد |
| ٥٥ | مەنسوری دێوەرە |
| ٥٨ | دەرگا نییە نەکرێتەوە |
| ٦٢ | برام ئارامت هەبێ |
| ٦٣ | وڵات سەربەخۆ |
| ٦٦ | کاکە بڕۆنە دیاری |
| ٧١ | پاڕانەوە |
| ٧٦ | هاوخەمەکە |
| ٧٨ | ناگزوری |
| ٨٠ | خۆزگەك |
| ٨١ | دەروازەی بەهەشت |
| ٨٩ | لە چاوەڕوانی بەڕێز |
| ٩٣ | بڕوانامەی شەش |
| ٩٧ | ئاواتیانە بمانبینن |
| ١٠٠ | بیگەنێ |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پیرە هەولێر | ١٠٤ |
| کێوە دەچی | ١٠٨ |
| لە خۆت خەنی خارە عەدۆ | ١١٢ |
| سەلام | ١١٥ |
| شوکرانە | ١١٩ |
| ماستاو چییەکە | ١٢٢ |
| کە لێی بڕا | ١٢٥ |
| سەلام | ١٢٦ |
| خەرمانی نیگا | ١٢٧ |
| بوکی شەمامك | ١٣٣ |
| نازدارەکەی سەلماسی | ١٣٧ |
| میرات | ١٣٩ |
| دوو زێیەکان | ١٤٣ |
| سەلامەك لە | ١٤٦ |
| بناری قەرەچوغ | ١٤٨ |
| قەراج واهاتم | ١٤٩ |
| کاکی دەست کورت | ١٥٣ |
| دزە نەقۆراکە | ١٥٥ |
| دەرێن بایع تەوزیع دەکرێ | ١٥٦ |
| (رازقی هەمووان) | ١٥٦ |
| ڕاپەڕن | ١٦٠ |
| تێنی خودا | ١٦٥ |
| ژوانگە | ١٦٧ |
| بوارە جۆت | ١٦٨ |
| چاکە غەریبە | ١٧٠ |
| پیرە کەمتیارەکە | ١٧٣ |
| گوندە خۆشەکە | ١٧٦ |
| بڕوای پێمەکەن | ١٧٨ |
| مام وانەك | ١٨١ |
| دوعاو نزای باب | ١٨٣ |
| دێوانە | ١٨٥ |
| کۆنە هەوار | ١٨٦ |
| کیژەکەی مام تەها | ١٨٧ |
| بێ ئەسڵ و فەسل | ١٨٩ |

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١٩٠ | دەبیوسەکە |
| ١٩٢ | بە هاری زوورگە زراو |
| ١٩٤ | لە خۆت بێ خەبەر |
| ١٩٧ | ئاوەدان کەندێناوە |
| ١٩٩ | مادە لاچی |
| ٢٠١ | دۆشاو بە!!! |
| ٢٠٦ | پان کەرەوە |
| ٢٠٨ | کەرەکت بوو .. خەمەکت بوو |
| ٢١١ | خەرمانی نیگا |
| ٢١٤ | سەری بێژینگ بەسەری |
| ٢١٧ | بێ ئاگاکە |
| ٢٢١ | شەوەك لە خڕە بەردان |
| ٢٢٣ | نازدارەکەی قەپرانی |
| ٢٢٥ | لە چاوەڕێی مزگێنی |
| ٢٢٦ | بەد بەختی |
| ٢٢٨ | هەناسەی سارد |
| ٢٣٢ | دەردەگرانەکە |
| ٢٣٤ | بوارە جۆت |
| ٢٣٦ | قەردارەکە |
| ٢٣٩ | بن جۆخین |
| ٢٤٢ | کەسی بێ کەسان |
| ٢٤٤ | چونە سوڵتان عەولا |
| ٢٤٦ | گوندە نازدارەکەم |
| ٢٤٩ | دامەی بن دیواری |
| ٢٥٢ | بنەگە |
| ٢٥٦ | لۆ کابرای نمەك حەرام |
| ٢٥٧ | کورەکەم |
| ٢٥٨ | پنچی ئەسل و ئەساس |
| ٢٥٩ | رۆڵە لەژیانت |
| ٢٦٠ | کابرا |
| ٢٦١ | عەزیزانم |
| ٢٦٢ | براگەم |
| ٢٦٣ | برێن خودایە حەوجەی<br>پیاوی نامەردم نەکەی |

| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| ٢٦٤ | کابرا |
| ٢٦٥ | ئامۆژگاری |
| ٢٦٨ | برام ئاگاداربە |
| ٢٦٩ | براکەم |
| ٢٧٠ | با لۆ ئەو جارە بی نەچووە بچی |
| ٢٧١ | فرچکی حەرام |
| ٢٧٢ | ئەگەر گور نی دڕکیش مەبە |
| ٢٧٣ | بە تەمای بەرکی دوو رووان<br>پشتت لێ مەکەوە |
| ٢٧٤ | سەت هەزار خۆزگە بەژیانی جاران |
| ٢٧٥ | نانی بەسەر برندی |
| ٢٧٦ | ئەرێ بەس نەبی کابرا |
| ٢٧٧ | براکەم بزانە |
| ٢٧٨ | کابرا |
| ٢٨٠ | رۆڵە لەژیانت دا |
| ٢٨١ | هەولێر |
| ٢٨٣ | براینە |
| ٢٨٤ | پارەی چاوشۆڕی |
| ٢٨٥ | پێشینیان دەرێن |
| ٢٨٧ | لە گۆتەی پئشینیان |
| ٢٨٨ | لۆ براکەم لە گەر رێزم |
| ٢٩٠ | هەولێرەکەم |
| ٢٩٣ | کابرا تازە بەتەمای چی ؟ |
| ٢٩٤ | لۆ دۆستە بێ ئەمەکەکە |
| ٢٩٥ | هاوار لەخۆت هۆ بێ خەبەر |
| ٢٩٦ | هۆ بووکی زوورگە زراو |
| ٣٠٠ | دیاریەك لۆ عەوێنەی نازدار |
| ٣٠٣ | لە دیوەخانی براگەورەی ئاوایی |
| ٣٠٥ | بڕەك فکر لە حاری خۆت کەوە |
| ٣٠٦ | سەرەکی هەزار سەودایە |
| ٣٠٩ | باوەشی ناکەس بەچە |
| ٣١٠ | پیاو هەر ئەوەندە ناکەس بەچە دەبی !!!!!! |
| ٣١٢ | لۆ کابرای گوریس راخەر |
| ٣١٤ | هەڵپەرست |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| کراوەکەت | ٣١٦ |
| لە یادگارە کانی راوچیەك | ٣١٧ |
| هەولێرەکەم !!!!!!! | ٣١٩ |
| لێ گێڕانەوە | ٣٢١ |
| چاو لە دەستان | ٣٢٢ |
| لۆ هەولێر | ٣٢٣ |
| براکەم | ٣٢٥ |
| لۆ کابرا بێ خەمەکە دیارییە | ٣٢٦ |
| کابرا | ٣٢٧ |
| براگیان | ٣٢٩ |
| بەرماوە خۆر | ٣٢٩ |
| خەونەکە | ٣٣٠ |
| لۆ ماستاو چییەکە | ٣٣١ |
| بنیادەم | ٣٣٢ |
| وای لە خۆت بێ ئاگا کابرا | ٣٣٣ |
| کابرا دەرێی خۆت لە بیر کردییە کێی ؟؟!! | ٣٣٥ |
| دەورەمەندە حەفت مانگیەکە | ٣٣٧ |
| کەسی برای | ٣٣٧ |
| کابرا | ٣٣٨ |
| جون دان | ٣٣٩ |
| هەڵپەرست | ٣٤١ |
| پەند و ئامۆژگاری | ٣٤٣ |